# ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

# ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار

ئەحمەد سالار



ناوی کتێب: ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار
نووسینی: ئەحمەد سالار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# هونەرمەند ئەحمەد سالار

حەمید ڕێبوار – سلێمانی

کەس نکۆڵی لەوەدا نییە کە هونەرمەندی گەورە مامۆستا ئەحمەد سالار یەکێکە لە پێشەنگانی شانۆی کوردی و لە ڕیزی هەرە پێشەوەیە و خاوەنی بەهرەی کەلتوورییە و لەهەر هەموویاندا دەستی کارامەیی دیارە. وەکو نووسەر، نووسینەکانی چ تۆژینەوە بێت یاخود دەقی شانۆیی چالاکانە کاریگەری خۆی لەمەڕ چەسپاندنی چەمکە نوێکانی شانۆی کوردی جێهێشتووە، وەکو شاعیریش، چامە و هەڵبەستەکانی گەرچی بەکەمی دەیانخاتە ڕوو هیچی لە شاعیرانی دیکە کەمتر نییە. خۆ ئەوە لە بوارە هونەرییەکانی شانۆدا زۆر لەوە گەورەترە پێناسە بکرێت و وەکو پێشتریش گوتم ڕابەرە، بۆ نموونە لە دەرهێناندا چەندین شاکاری وەکو (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) و (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ) و (جزیری وانەی ئەوین دەڵێتەوە) و... زۆری دیکەی خستووەتە سەرکردەی داهێنانەکانی دیکە و بەبزاوتێکی هونەرییانەی پێشکەوتوو مەرجەکانی شانۆی تیایاندا دابین کردووە و دۆخێکی نوێی بۆ ئەکتەر و جەماوەری بینەران هێناوەتە گۆڕێ، کە لەوەوپێش کاری وایان بەخۆیانەوە نەبینیوە. شانۆی ئاهەنگسازی بەشێوەیەکی فراوان هێنایە ناو نمایشەکانی شانۆی کوردییەوە. مامۆستا ئەحمەد بەعەشقێکی کەم وێنەوە شەیدای کەلەپوورە، بەتایبەتی ئەدەب و مێژووی نەتەوەییمان و بەپێی بەهاکانی نوێخوازی لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمدا دەیان سازێنێت. سیفەتی ئەنانیەت لەودا ونە، خود تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو پەی بردنەکانی هەست و هزرەوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی بەکارهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

مامۆستا ئەحمەد وەکو ئەکتەریش دەزانێت چۆن ببزوێت... هەنگاو بەهەنگاو گەشە دەکات، تا دەگاتە وادەی داهێنان، کەس نییە نمایشە بەتام و بەپێزەکانی لە (پاڵتۆ) و (پیسکەی تەرپیر) و (جەنابی موفەتیش) و (پێنج کەس لە ئوتێلێکدا) و (چرا) و... ئەوانی دیکەدا لە یاد بچێت، دەچێتە ناخی کەسایەتییەکانەوە و... خۆی لەبیر دەچێت. لە بەرهەمەکانیدا بەچەند ئامرازێکی سادە و ساکاری سینۆگرافیاوە خۆی دادەمەزرێنێت و زۆر ڕاشکاوانە چەمکەکانی دەخاتە ڕوو، دەیەوێت هەر بەو سادە و ساکارییەوە بچێتە ناو بابەتەوە و بەو سادەییەش وەرگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەر لەبەرئەوەشە دەبینی هەنگاوەکانی زۆر هێمنانەیە و لەهەمان کاتدا ژیرانەیە. کەرەسەکانی چەندە سادە و



ساکارن ئەوەندەش چوست و چالاکن وشیارانە ململانێکان دەگەیەنێتە شوێنی شیاو و گونجاوی خۆی. ئەمەش یەکێکە لە کارلێکە هەرە دیارەکانی هونەری ڕاستەقینە و ڕەسەنی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵ.

ئەگەر مامۆستا ئەحمەد قۆناخەکانی شانۆی ئاسایی تەقلیدی دیبێت، ئەوا لە سایەی ئەو ئەزموون وەرگرتنەدا خۆی لە کردەیەکی درامی نوێدا دۆزیوەوە، ئەویش شانۆی ئاهەنگێڕە و پێکهاتەی فەلسەفی خۆی لە پێکهاتەی کەلتووری (هزری – هونەری)دا لەم شوێنەدا لەم ڕێبازەدا دەبینێت، ئەوجا دەیکاتە دیارییەکی جوان و گەشەنگ پێشکەش بەبینەرانی دەکات. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەزموونەکانی کەلەپوور و زمانە... ڕووداوەکانی سەردەمە، ئەمانەش لەلای ئەو لەگەڵ پرۆڤە و تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەدا گەشە دەکەن، بۆیە دەبێ دارشتەکانیشی لەتەک دەستکەوتەکانی گیانی سەردەمدا بگونجێنێت و ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هزرییەکانی تیایدا ڕەچاو بکات.

ئەگەر جاران مەوداکانی سەرد لە گێڕانەوەی (شیرین و فەرهاد و یوسف و زولەیخا و هەمیشە بەهار و مەمی ئالان... تد) لە حوجرە و بەردەم مزگەوتەکان و لە قاوەخانەکاندا تێپەڕی نەدەکرد، ئەوا ئەم لە فەزایەکی هونەریانەی بەرفراوانی هاوچەرخدا ئەمانەی بەرجەستە کرد و ڕەهەندێکی درامیانەی پێبەخشی، ئەویش وەکو دەستپێشکەرییەک بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی شانۆی کوردی.

مامۆستا ئەحمەد هەمیشە لەناو کرۆکی ڕووداوەکاندایە، کارەساتە مێژووییەکان و نووشستییە نەتەوەییەکانی لەبیرە... وێرانکردن... گرتن... دەربەدەری... ئاوارەیی... ڕاگواستن... گۆڕینی ئارای نەتەوەیی... ئەنفال... جینۆساید، تا دەگاتە کێشەکانی ناو کۆمەڵ، ئەمانە هەردەم لە زەینیدایە و لە ناخیدا دەژین و ڕادەمێنێ چۆن گوزارشتیان لێ بکات، هەر بەوەوە ناوەستێ بەبینەر بڵێ کاکە تێبگە ئەمەیە واقیعی ڕووداوەکان... نەخێر هەر ئەمە نییە... وەرە بەشداری بکە لە چەشنی موعاناتەکان و بڕیاری ڕاستەقینەی خۆت بدە بۆ هەڵوێست وەرگرتن... ئەم ئارایە ڕەت بکەرەوە... قایل مەبە.

بەم شێوەیە مامۆستا ئەحمەد کارلێکردنەکانی لەگەڵ بارە مرۆییەکان و ژینگە و دەوروبەری ئادەمیزادی کورد دەبێتە ئەرکێکی گرنگ لەلای بۆ ئەوەی لە بۆتەیەکی (تیۆری – پراکتیکی) هونەریانەدا جێبەجێیان بکات، ئەمەیە تەقەڵلای هونەرمەندێکی بەئەمەک، کاتێک بیەوێ بەئامراز و چەمکەکان و ئەفراندنەکانی خۆی و ناسنامەی خۆی و میللەتەکەی لەلایەکەوە و هونەرەکەی لەلایەکی دیبەوە بدۆزێتەوە.

# بەشی یەکەم

**شانۆییەکان:**

- ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ
- کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف.
- ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ.



# ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ

هاوینی ١٩٩٩ دهۆک

- لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٤٣) ٥ی کانوونی دووەم ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.
- لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە (٥٨)ی ساڵی (٥) - ٣١ی ئازاری ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن جەلال زەنگابادییەوە کراوە بەعەرەبی و بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژانی ١٠-١١-١٢/٥/٢٠٠٠ لەسەر شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر، لەلایەن بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرەوە لە دەرهێنانی هونەرمەند ژیلوان تاهیر پێشکەش کراوە.
- لەلایەن هونەرمەند یونس حەمە کاکەوە سیناریۆی بۆ نووسراوە، بەئومێدی پێشکەشکردنی لە تەلەفزیۆن و بەشێوەی زنجیرە درامی.

# ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ

کەسانی دراماکە

هەباس: وەستا باشییە
زینۆ: هاوسەری (هەباس)ە
ڕەنجۆ: باپیرەیە – ڕەنجۆی گەنج – ڕەنجۆی کوڕەزا
سەردار: میری زاخۆیە
نازەنین: هاوسەری سەرداری زاخۆیە
میری سامانا: میرە
ئەحمەد: هاووڵاتی و پاسەوان بووە
هەیاس: هاووڵاتییە
مەمۆ: سەرەک پاسەوانانی پردە
حەسەنی تارژەن: تارژەنە
عەبدی شێرەڤان: هاووڵاتییە
ڕەمەزان: چایچییە
بابی ڕەنجۆ: بابی باپیرە ڕەنجۆیە
خازێ: دڵخوازی ڕەنجۆیە
یاوەر: یاوەری میری سامانایە
شەریف: هاووڵاتییە
محۆ: هاووڵاتییە
نەنە مینا: (نەنکی وەستا باشی)یە
منداڵ: هەباس بەمنداڵی
حەپسە: دایکی (هەباس)ە
عەبداڵ: گزیرە
غەریب: نەناسە
لەگەڵ: دەستودایەرەی سەردار و میر. جەنگاوەران.
هاووڵاتیان: هەمەجۆر
چەند منداڵێک، چەند کەسێک



**سترانی سەرەتا**

لە کەزیەی لوولی داستاندا
گوڵی بەرۆکی ستراندا
چرای ئەڤینێ هەڵکرا
ڕۆشن، ڕۆشن
هەتاو لە تاویا داگیرسا
خۆزگە و حەزێکی وای ڕوان:
بڵند، بالا، هەور ئاسا
مزگێنیی وەرزی باران بوو
نەورۆزی پڕ نوقڵانە بوو
هەبوو نەبوو...
دەروو تەنگ بوو، ژیان لەنگ بوو
ئاس، تەماوی و تاریک بوو
ناحەز نیازی بەدی وابوو
سپێدەیان تالان بکا
بزەی خەونی جوانیان زڕاند
ئاواتی گوڵ ڕەنگیان ژاکاند
حەزیان تۆراند
ڕۆژانی تووش
لەشی گرانی دەکشاند
ئارەزوو بۆ خنکاندن بوو
لە گۆمی لێڵ و مەنگدابوو
ژێر قورسایی سەنگ و بەرد بوو
نان، لە قوڕگی نەهەنگدا بوو

هەرچوار دەور
لە گشت لایە
دەمی گورگی هاری برسی
چاوی واشەی ئاگری سوور
بینراوی دوور و نزیک بوو
لەناو جەرگەی شەوی تاردا
لەوپەڕی تاڵێتیی تاڵدا
ڕووناکی چاوی هەڵهێنا
شیلەی شیرینی داچۆڕا
هەورازی سەختی هەڵکشاند
هەنگاوی شوێن شوێنی دەنا
پەڕینەوە پردی دەویست
بیری پرد چاوی هەڵێنا
پرد بەخولیایەکی وابوو
هەمووانی لە سنگی خۆی نابوو
پرد سترانی گەرمتر کرد
پرد داستانی شیرینتر کرد
هەبوو نەبوو
ڕۆژگارێ بوو
ژیان جوان بوو...
باڵابەرز و کەڵەگەت بوو
هێندەی باڵا خۆزگەکان بوو
هەبوو نەبوو...



## بینراوی ١

**(نیوەشـەوە)**

**(قوللەی پاسـەوانانی پردی شـارە)**

مەمۆ: پەنا بەخوا، چ شەوێکی تاریکە و چ زریانێکی ترسناکە، خوایە ئەمشەو شەوێکە لە شەوە هەرە تووش و ناخۆشەکان، دەڵێی ئێستا نا تاوێکی تر دنیا ژێرە و زەبەر دەبێ، وا بڕوا دار بەسەر بەرد و پەردووەوە نامێنێ، کاولکەرەیە... چاکترە پاسەوانەکان لە یەکەوە نزیک بن و دەنگیان بەیەکتردا بگات... (بانگ دەکات) بابۆ، هۆو بابۆ براکەی بابم کوێوە چوویت؟... گڤەگڤی ڕەشەبا و لوورە لووری گورگ تێکەڵ بوون... (دەسڵەمێتەوە)

ها... تۆیت... پاسەوانی؟... قسە بکە... کەس نییە... وا ڕیشم سپی کرد و شەوی وا سامناکم نەدیوە بابۆ... بۆ دەنگت نییە؟ مەمۆم، لێرەوەم لەلای قوللەی چەپی پردەکەوەم... بۆ دەنگیان نییە!... حەمۆ... مستۆ... بابۆ... برایمۆک... تۆ بلێیی ئەو بێ غیرەتانە لە ترسان هەڵهاتبن و منیان بەتەنیا جێ هێشتبێ؟!

هەر ئەمشەو بەسەلامەتی ڕۆژم لێ بێتەوە، ئیتر تۆبە، هەزار و یەک تۆبە... پیاو شێت و شبر دەبێ،... هەر ترپەیەک دێ. دڵم بەردەبێتەوە، هەر ئەوەیە خوا نامکوژێ... ئەمە کێیە! زەلام قسە بکە بیللا دەتکوژم، قسە بکە، کێی؟ وەک سەگ دەتتۆپێنم دەتکەم بەقوربانی گوللەیەک... زەلام گوللەم سوارکردووە... نەبزوێی... هەڵهات... نەما... ئەمە چییە!؟ لوورە لوورەکە زیادی کرد... کوڕە بەخوا بەرەو ئێرە دێ... ئەها ئەوە تارمایی، یەک و دوو... لە هەموو لایەکەوە... ئێوە... وە... دەر... دێون... درنجن... خێون... دەعباییینە... گەلۆ هاوار... هاوار... هۆو فریام کەون...

(تاریکبوون)

## بینراوی ٢

**(ڕۆژە)**

**(دیوانی سەرداری زاخۆیە)**

هەباس: بەڵێ گەورەم، ئەوە بەسەرهاتی ئەو پردەیە کە بەندە وەستایەتی، قوربان ئەوەی من لەوادەی بەیانەوە تا خۆرئاوابوون دەیکەم، شەو دەڕووخێ، تێیدا ماوم، سەر دەهێنم و سەر دەبەم سەر لە نهێنیی ئەم کارە دەرناکەم... چی لە سەرداری ئازیزمان نهێنی بێ، بەڕێزتان تاوێ لەمەوبەر بەگوێی خۆتان لە زاری مەمۆی سەرەک پاسەوانانەوە بیستتان... پاسەوانەکان بەمەرەی خراپ، گەلێک خراپ چوون، بەڕۆژی ڕوون وڕێنە دەکەن و قسە دەبزرکێنن. گەورەم. باسی شتی تۆقێنەر و سەرسوڕهێنەر دەکەن... شتی...

سەردار: شتی! شتی وەک چی؟ وەک ئەوەی کە کەوتۆتە سەرزاری خەڵکی، گوایە لوورە لووری گەلە گورگان دێ و تاریک دەبێ و چاو چاو نابینێ... هەروەها دەڵێن لەپڕ دەستێکی گەورەی زەبەلاح، ڕەش وەک قیر، لە پایەی پرد دەنەوێ و هەرەسی پێ دێنێ... بەلای پاسەوانەکانەوە دەستی ئەجندە و دێو و درنجە... تەواو نیگەرانی کردووم، خۆم دەچم، شەوێک لەو دۆزەخە دەبەمەسەر، بەڵکە پەی بەنهێنی ئەم تەلیسم و جادووە بەرم...

هەباس: سەردارم، تەنیا، مەبەستی بەندە ئەوەبوو... خوانەخواستە نەک وابزانێ کەمتەرخەمی لەمنەوەیە... قوربان فەرمانتان، چۆن بفەرموون ئاوا دەکەم، سوورم لەسەر بڕیاری بەردەوامبوون.

سەردار: ئافەرین هەباسی وەستا باشی، ئێمەش هەروا لە ئێوەی کارامە ڕادەپەرمووین.

ئەوەی پێشتر لە وڵاتی (سامانا) ئەنجامت داوە و ئەو گشت شاکارانەی کردووتن گەواهی لێهاتوویی و سەر ڕاستیتن... دڵنیام کارێکی جوان دەکەیت، ئەمە دواکاریشت نابێ، وەستای ئازیز ئازایەتیی ڕاستەقینە لە بەردەوامبووندایە. خوا پشتیوان بێ.

هەباس: تا ئێوە سەردارمان بن، خوا یاربێ، بەسەر گشت تەنگانەیەکدا ڕەت دەبین...

سەردار: هەمیشەش تەنگانە بەری کورتە، گەلێک بەقسەکانت گەشبینم، خوا نیگادارت



بێ، ئێستاش بڕۆ سەردانی دارۆغا بکە، تا چ پێویستییەکت هەیە جێبەجێی بکات، ئاگادارم کردووە... ها وەستا دەڵێم سبەینێ هەرکە دەستت لە کار هەڵگرت سەردانم بکە، دەمەو ئێوارە با زۆر درەنگ نەبێ، چونکە پاشان کارێکی گرنگم هەیە...

هەباس: گەورەم پاش زەردەپەڕ... تاقی ئێوارێ. گەورەم چ فەرمانێکی ترتان نییە؟

سەردار: خوا ئاگادارتان بێ. (وەستا دەڕوا)

هەر شتێ بێ، بەڵایە، کوێرەوەرییە، هەر نەهاتی و وەیشوومەیەک بێ، تازە هاتۆتە پێش و دەبێ شانی بدەینەبەر... هەرچۆنێ بێ دەبێ ئەم تەلیسمە بەتاڵ و پووچەڵ بکرێتەوە.

واچاکە بەزووترین کات ئەنجوومەنی ڕیش چەرمووان بانگێشت بکەم، ئەمە بۆتە درم و پەتا و تەشەنەی کردووە، بەربەستی دەوێ، بەرەنگاربوونەوەی دەوێ، تا بەزوویی هەمووان بەدەنگییەوە نەچین، فریا ناکەوین و ئەوسا خراپ گرفتار دەبین، کابرا واتەنی دەستێکمان دەکەوێتە ئەولا... باپیرانی دنیادیدە دەم لە باسەوە بدەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە، باپیرانمان گەلێک چەرمەسەری و دەردوبەڵایان دیوە، ئەو ئەزموونانە گەنجینەی گرانبەهای ئێمەن... ئەمڕۆ پێویست مان پێیانە، ڕاوتەگبیری ئەنجوومەن پێویستە، بەڵکو بێ ئەنجوومەن هەر مەحاڵە، جاران دەیان وت، کار بەڕاوتەگبیر، ئێمەش هەر دەڵێین، دوو عەقڵ لە عەقڵێ گەورەترە. (خانم دێ)

نازەنین خانم: سەردارەکەم بۆ بەتەنیای؟ خوانەخواستە هیچ شتێک نیگەرانی نەکردووی؟ کەمێک بێ تاقەت دێیتە بەرچاوم.

سەردار: ئەو کارەساتەی ڕۆژ بەڕۆژ سەختتر دەبێ.

نازەنین خانم: کار نییە خوا چاکی نەکات، هێندە بیری لێ مەکەرەوە.

سەردار: ناتوانم، چۆن بیری لێ نەکەمەوە. ئەمە لەوە دەچێ ئاگر بەربێتە خەرمانی جووتیارێک و لە بڕی کوژاندنەوە سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ... وەک ئەوە وایە، هەر بەتەواوەتی، ئاگر لە کۆشک و سەرام بەربێ و جگەرگۆشەکانم لەناو شاڵاودابن و ئارام بگرم... نا، نا، خانمە شیرینەکەم، نازەنینم، هێندەی خەمی هەمووان خەم لە سینەمدا پەنگی خواردۆتەوە، دەبێ هەرواش بێ.

نازەنین خانم: سەردارەکەم، وەنەبێ ئەو خەمە منیشی نەگرتبێتەوە، هەمان هەستی تۆم

هەیە، بەڵام دەمەوێ هێندە ئازاری پێوە نەخۆی، کەمێک باری شانت سووک کە، بەخۆڕایی نەیان وتووە «دڵ ئاوێنەیە بۆ دڵ».

سەردار: هەموو کاتێ؟

## بینراوی ٣

**(ئێوارەیە تاریکی کردووە)**

**(قاوەخانەیە)**

ئەحمەد: ئەرێ کاک ڕەمەزان بۆچی چراکە پێناکەیت؟ تاریکی کردووە...

هەیاس: دیارە دەیەوێ بێزاربین و قاوەخانەکەی بۆ چۆڵ کەین بڕواتەوە ماڵێ.

ئەحمەد: باشە بۆ ئەم ئێوارەیە! ڕەمەزان ڕاست بڵێ پەلەتە.

هەیاس: شەوی چەند شەممەیە؟ (پێدەکەنن)

ڕەمەزان: باوکم مەیکەن بەهەرا، ئەوا چراکەتان بۆ دادەگیرسێنم، مەمەدەنە بەر تانەوتەشەر... بەڵام بابزانن، سبەینێ شەو هەینییە...

ئەحمەد: هەیاس هەواڵ چییە؟

هەیاس: ئەوەندە دەڵێم حەسەنی تارژەنیش مەیلی تارژەندنی نەماوە.

ڕەمەزان: باسی حەسەنی تارژەن دەکەن... ئەوە ئەگەر مردبێ و لە حەوت ساڵانیش ڕاست بووبێتەوە، پەڕۆیەکی سووری بەلادا بەرن، بەخۆی و تارەکەیەوە قیت دەبێتەوە... ئای کە چاوباشقاڵە و دڵی تەڕە!

ئەحمەد: بۆ ئەو خەم ناخوا!.

هەیاس: دەوەڵڵا لەم ئاقارەدا کەس هێندەی ئەم خەمخۆر و مامەخەمە نییە.

ڕەمەزان: خەم مەخۆن هاکا پەیدابوو ئاهەنگ گەرم بکات، ئەگەر زۆر مەراقتانە ئەوا بەدوایدا دەچم...

ئەحمەد: نا بابە لێی گەڕێ... تۆ... ئەگەر چای تازەت لێناوە ڕیزێ چای عەنابییمان بۆ بێنە...

هەیاس: بۆمن مەهێنە، ماڵت بەقوڕ نەگیرێ خۆ مەشکە تاونادەین.

ئەحمەد: هەیاس، ئەرێ ئەوە کێ بوو بەپەلە لێرەوە ڕابورد؟



هەیاس: کەس نەبوو... دیارە چاوت ڕەشکەوپێشکە دەکات، چاوەکانیشت کزبوون، پیری و هەزارویەک عەیب.

ڕەمەزان: (چایان بۆ دادەنێ) فەرموون.

هەیاس: من نەم وت ناخۆمەوە، لای بەرە.

ڕەمەزان: باوکم بەخوا کەسمان هۆشمان لای خۆمان نەماوە. ئەوە من وا ئەوەش مام ئەحمەد و وادەزانێ شەوانی لای پردەکەیە، چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکات و تارمایی بەبەرچاویدا دێت و دەڕوا...

ئەحمەد: جا باوکم ئەگەر قسەی ڕاستتان دەوێ، وایە، بیللاهی لە تاقی نێوەڕۆدا لە ئاسمان بڕوانم هەر گەواڵە هەورێکم لێ دەبێتە گەلەگورگێ، ئەوەی ڕووی داوە گاڵتەی پێناکرێ... هەر خۆزگەمان بەجاری جاران، ڕۆیی و نایەتەوە... نەبەخوا، ئەو عەیامە کامە دز و جەردەی چاوقایمی جەربەزە بوو نەیدەوێرا ڕوو لەم شار و هەوارە بکات...

ڕەمەزان: ئەوە گوزەشت... بەحاڵ هاوارێ لە یەکێکەوە هەستایە هەمووان ڕاست دەبوونەوە و بەهانایەوە دەچوون... شار شامی شەریف بوو، بەنیوەشەوی ئەنگوستەچاو بارە لیرەی زێڕت بەمنداڵاندا گەڕەکا و گەڕەک بناردایە، بێ خەم بووی، کێ حەدی هەبوو چاوی تێ بڕیایە، خوانەخواستە دەستی بۆ ببردایە.

ئەحمەد: گورگ بەگورگایەتیی خۆی لەم دەڤەرە دەسڵەمییەوە.

هەیاس: باشە گوناحی کێیە؟

ئەحمەد: لە من دەپرسی؟...

هەمیشە بەڵای ئێمە بەدەرەوە بۆمان هاتووە و لەناو خۆماندا تەشەنەی کردووە.

هەیاس: خاڵە ئەحمەد، باشە تۆ لە باپیرە ڕەنجۆوە زۆر نزیکی، وابزانم تۆشی لە هەمووان لە لا باشتر و خۆشەویستترە... ئەرێ سەبارەت بەم نەگبەتییە هیچ دەمت پێکردۆتەوە؟

ئەحمەد: لەم ڕۆژانەدا سەردانێکم کرد... بەستەزمانە لە وەتەی خازێ خانی هاوسەری بەشوێنی حەق گەییوە، تەواو پێوەی دیارە، زۆر بێ نازە... هەر لە دوورەوە بەکۆکەکەمدا ناسیمیەوە هاواری لێکردم.

## بینراوی ٤

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(هەیوانیماڵی باپیرە ڕەنجۆیە)**

ڕەنجۆ: ئای ئەحمەدی برام چەندم پێ وتی لەم جگەرەکێشانە بکەوە، کەوتوویتە ساڵەوە، تۆ هەر بەحسابی گەنجێتی لێدەخوڕی... فەرموو ئەو کۆکە کۆکەیە خۆشە؟... وابڕوا ئەوە شتی تریش... ئێ، بە...

ئەحمەد: خاڵەگیان جارێ سەلامو عەلەیکم، ئەوسا چیم پێ دەڵێی بیلێ.

ڕەنجۆ: وەعەلەیکەلسەلام، یاخوا بەخێر بێن، ئەحمەد گیان ئەوە چوار ڕۆژە دیار نیت، بەخوا لە دڵی خۆمدا گلەییم لێکردی. وتم، خوایە وەرە بەناشوکری نەبێ، ئەحمەدم هەبوو دڵم پێی دەکرایەوە ئەویش خەریکە لێم تەریک دەبێ.

ئەحمەد: خاڵەگیان بەقوربانت بم، ئەی من کێم لە تۆ ئازیزتر هەیە.

ڕەنجۆ: ئەرێ ئەحمەد هەواڵی پردەکەی شار لەچیدایە؟ ڕۆژ بەڕۆژ شتی سەیرم بەرگوێ دەکەوێ... نازانم تا چەندی ڕاستە چەندەی هەڵبەستراوە... نازانی بڕوا بەکێ و بەکامە بکەی... بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، دەڵێم ئەم کارە لە خۆڕا نەبووە، ئەم ماستە موویەکی تێدایە، ئەما موو، قەدیمە دەیانوت، هەموو دەردێ دەردەدار کەنەفت ناکا و دەردیش هۆکاری خۆی هەیە، چارەسەریش هەر لە هۆکارەوە دەبینرێتەوە... ئەمە پێشینیان ڕەحمەت لە گۆڕیان؛ تۆ چی دەڵێی؟

ئەحمەد: جەنابت باش دەزانی ماوەیەکە کارەکەم گوێزراوەتەوە، شێرۆی کوڕم لەو پاسەوانانەی پردەکەیە سەرەتا بڕوام پێ نەدەکرد... لەگەڵ حەسەنی تارژەندا گرەومان لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی ئەو شتە کرد، ئەوەبوو لە سەرەتاوە هیچ دیار نەبوو، وتم، ئادەی کاکە حەسەن بەقوربانی تار و تارژەندنت بم، حەسەنیش دڵی نەشکاندم، تار سەمای بەڕۆحی هەمووان دەکرد، ئەوەندەمان خۆشبوو تا تار لە ژەندندا بوو، لەوەودوا ڕەشەبا هەڵی کرد، چرا خامۆش بوو، شەو بووە شەوی تاریکی حەقایەت، کوڕ ئەو کوڕە بوو سەری دەرکات و دەربازبێ... کە دوورکەوتینەوە حەسەن وتی ئەحمەد لە تارەکەم بڕوانە. کە ڕوانیم ژێیەکانی نەمابوو... دزرابوو!



ڕەنجۆ: ئەحمەد ئەوە بێ مەبەست نەبووە... دەڵێن تارمایی ڕقی لە مۆسیقا دەبێتەوە... لێی دەترسێ...

ئەحمەد: جا خوانەکا حەسەن ئەوە ببیسێ، ئەگینا دەبێتە پاشای جنۆکەکان. (پێدەکەنن)... باشە خاڵە ڕەنجۆ کاتی خۆی شتی لەم جۆرە ڕووی داوە؟

ڕەنجۆ: بەڵێ گەلێک شت، بەڵام بەم تەرحە نەبووە، لە بیرمە وەک ئەمڕۆبێ... هەرەتی لاوێتیم بوو، هێشتا بەتەواوی سمێڵم بۆر نەکردبوو... لە نیوەشەوێکی پایزدا، بابی خوالێخۆشبووم، وەک دڵی خەبەری دابێ، بانگی لێکردم و لە خەو ڕای پەڕاندم...

## بینراوی ٥

**(نیوەشەوە)**

**(سەربانە، چیغ گێڕراوە)**

بابی ڕەنجۆ: ڕەنجۆ... بابەکەی بابم ڕەنجۆکە... هەستە کوڕم، خێرا ماینەکە بەرەو سەیرێکی مەرەزەکەی خوار چەمە خوڕبکە.

ڕەنجۆ: خێرە بابەگیان... بەم نیوەشەوە... چی بووە؟

بابی ڕەنجۆ: کوڕەکەم دڵم ختوورەیەکی کردووە... نەبادا ڕەوە بەراز بەشفرە مەرەزەکەمان بۆ بکێڵن و ڕەنج بەخەسار بێن.

ڕەنجۆ: ئەوا دەچم...

بابی ڕەنجۆ: تفەنگە شینکەکە هەڵگرە و بزانە چی فیشەکیش لە تاقەکەدایە لە ڕەختەکەی کە... کوڕم وریابە... نەڵێی شەوە، شەو قەڵای مێردە...

ڕەنجۆ: ئەمشەو هەر لەوێ دەمێنمەوە، سپێدە ئاوی مەرەزەکەش دەدەم.

بابی ڕەنجۆ: ناکوڕەکەم کە دڵنیابوویت بگەڕێرەوە... دڵم لەلات دەبێ... ئاودانی مەرەزە و مەزراش ئەوە هەر وەک هەموو ڕۆژێ کە بانگی بەیانی فەرموو پێکەوە دەچین... دەبڕۆ لە ئەمانی خوادابی...

ڕەنجۆ: ئەگەر خواکردی و شتێک بوو، ئەوا بۆ ئاگاداری دوو فیشەک دەتەقێنم...

بابی ڕەنجۆ: گەلێک چاکە، ئافەرین... مادام وای لێهات، ئەگەر خوانەخواستە بارەکە ئاڵۆزبوو دەرەقەت نەهاتی ئەوە دوو فیشەک بەدوای یەکتریدا بەحەواوە بنێ.

ڕەنجۆ: بەسەر چاو... خواحافیز.

بابی ڕەنجۆ: خوا ئاگادارت بێ.

## بینراوی ٦

(سەرەتای شەوە)

(بانێژەیەکی کۆشکە)

سەردار: چییە، نازەنینەکەم لە ئەستێرە و مانگ دەڕوانی؟

نازەنین: لەوە جوانتر هەیە... کە منداڵ بووم شەوانی هاوین، تاچاوم دەچووە خەو سەرنجی ئەستێرەکانم دەدا، ئەوا ئەگەر هەور بەری بگرتنایە، هەورەکانیش وێنەی سەیر سەیریان لێ دەردەچوو... ئینجا تا هەور ئەستێرەکانی بەجێ دەهێشت، ئەوا من لە دڵی خۆمدا دەمبژارد... بزانم کەی دەڕوا... شەوێکیان توومەز ئەمەندەم بژاردووە بەدەم خەویشەوە هەریەک و دووم بوو...

سەردار: بۆ نایەی هەریەکەمان لەلایەکەوە دەست بەبژاردن بکەین... کەمێک مێشکمان بەوەوە خەریک دەبێ، تاوێ دڵتەنگیمان نامێنێ...

نازەنین: لە کامەوە دەست پێ بکەین؟

سەردار: لە تۆوە... لە کەژاڵترینەوە، لە گەلاوێژەوە، ئەستێرەگەشە.

نازەنین: شکور خەریکە پەستییەکە بەرت دەدا.

سەردار: خانمەکەم، بڕوا بکە لێت ناشارمەوە، باسی ئەم دێو و ئەژدیها و تارماییە... نازانم چی ناوبنێم... کارێکی ئەوتۆی پێکردووم، هەرچەندە نەم ویستووە دەری خەم، بەڵام بڕوات بێ، کە گوێم لە شنەبا دەبێ پەردەکان دەهێنێ و دەبات، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم دەسڵەمێمەوە، هەست بەلەپێکی هێندەی بنمیچی ئەم کۆشکە دەکەم کە دەیەوێ بەسەرمدا بیتەپێنێ... لە دڵی خۆمدا دەڵێم، کەی من زانیومە ترس چییە و بەری بەکوێوەیە... با لەوانە گەڕێین. ئادەی نازەنین خان، بزانم بەبێ ئەوەی لە ئاسمان بڕوانی شوێنی حەوتەوانە و کاکێشان و کاروانکوژەم بۆ دەستنیشان بکەی.

نازەنین: حەوتەوانە؟ ئەوەی ڕێکی دەستم بەلای شانی ڕاستمدا ئەوەیە کلکەی کێشاوە، ئەوەش کاکێشان ئەوە کاروان...



سەردار: ئەی ئەستێرەی تارماییەکان؟

نازەنین: تاریکە و کوێربۆتەوە... هەر زوو بۆ بنی زەریا کشاوە... ئارامت بێ، ئەوەش نامێنێ و بەتاڵ دەبێتەوە.

سەردار: بەقوربانتم کەی کە جومگەی شکا و هەڵبەستن و لە ئەستۆگرتنیش بەفریای نەگەیشت، باشە دەبێ ئەنجومگەران چی بڵێن؟!

نازەنین: دەبێ ئەنجومگەران بڵێن... ئەو ئەستێرەگەشە ورشەدارەی لە کەنارەوە چاو بۆ بەیان دەگێڕێ، ئەوە بەختی نگینتە و ئەو ئەستێرەیەی قوچکەی ئاسمانیش ئەوە بەلای ڕۆژهەڵاتدا گۆشەی کێشاوە ئەو نیشانەی فەڕ و هاتە... باشە بۆ نانێری ئەنجومگەران ئامادەبن.

سەردار: دروستە، ئادەی با ئەنجومگەران ئامادەبن.

## بینراوی ٧

(بەیانییە)

(بەر هەیوانی ماڵی بابی ڕەنجۆ)

بابی ڕەنجۆ: سوپاس بۆ خوا... سوپاس بۆ خوا... ئەی باشە کوڕەکەم چیمان بڕیاردا؟ بۆ وات کرد، بەڵام مادامەکی خوا بەسەلامەتی تۆی دایەوە دەستم، قەیناکە. خوا ڕەحمی کردووە. باشە کوڕم، تا نەگەیشتیتە کن مەرەزە هەستت پێنەکرد؟

ڕەنجۆ: هەر لە ژوور دوو ئاوانەکەی چەمە بەخوڕەوە، گوێم لە دەنگی بەراز بوو... فیشەکم سوارکرد، لە قەرەواڵەی شینکەوە چاوم بەهەزار چاو کردبوو، جارێ بەپەلە ماینە بۆرم بەلاوەنا، پەرێزم لێ گرت، یەکەم فیشەکم گردا، ڕەوە بەراز هێرشی بۆ هێنام. کار لە دە و دوازدەدا نەبوو، نەخێر فریای سوارکردنی فیشەکی دووەم نەکەوتم، گەیشتنە ئاستم، هەر ئەوەندەم پێکرا خۆم گەیاندە سەر لقی شاتووەکە، ماینە بۆرەشم دەنگ دا، نەخێر شەڕیان لەبنی دارشاتوو گیرد کردبوو، پاش ئەوەی بەفیشەک وەلاوە کەوتنەوە، دیاربوو خەڵکی گەڕەکی خواروو گوێیان لە تەقە و هەراکە بوو بوو... کاتێکم زانی بەسەرما داباریین ئەشهەد و برای تەنگانە بوون.

بابی ڕەنجۆ: کوڕم هەر ئەقڵە و لە خەسارێ، ئەوە بۆ جاری تر هەر لە دوورەوە گوێ قوڵاغ و وریابە، لە شەوێکی وادا بۆ سەرچۆپی گرتنم نەناردبووی، تفەنگ و میانت پێ بوو

باشە خەسارەیان دابوو؟

ڕەنجۆ: نەگوڵ و نەشکارتە، بستیان بەقەرز نەدابوو، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەریان کێڵابوو.

بابی ڕەنجۆ: کوڕم خوا کەریمە، خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە.

ڕەنجۆ: ماینە بۆر زوو هاتەوە؟ هاتەوە؟

بابی ڕەنجۆ: ئەوەتا لە تەویلەکە دایە و تاوێ لەمەوبەر ئالیکم لەبەر دانا.

ڕەنجۆ: ماندووم، دەمەوێ سەرخەوێ بشکێنم.

بابی ڕەنجۆ: هەر کاتێ لەخەو هەستای، وەرە بۆلام، دەچمە سەر مەزراکە، جارێ خەوی خێرت بێ... بەدوعا...

## بینراوی ٨

**(ڕۆژە)**

**(هەیوانی ماڵی باپیرە ڕەنجۆیە)**

ئەحمەد: یاخوا بەخێربێیتەوە بەس نەبوو ڕەوە بەراز نەیکوشتی، شفرەی یەکانەیەک ورگی نەدریت، خوا بەو ڕۆژەی نەکردایە، ئەوسا ئێمە خاڵۆ ڕەنجۆیەکی ترمان لە کوێ بێنایە... چییە خاڵە دەنگت نایە... بۆ ئەوق بووی؟! خوانەخواستە نیگەرانم نەکردووی؟

ڕەنجۆ: ئەحمەدی وێرانە ماڵ، وروژاندتم، زامی کۆنم هاتەوە سوێ... ڕۆژانی جوانیم وەبیر هاتەوە،... ئای لەودەمەی ڕەنجۆیەکی قیتوقۆزبووم!... تەمەن سەر بۆ پیری دادەنەوێنێ و بەڵام ئارەزووەکانی گەنجێتی هەر هەڵدەکشێن... پەنا بەخوا خامۆش نابێ...

ئەحمەد: خاڵەگیان، ئا لەم قسانەت بۆ خالۆژنە خازێی ڕەحمەتی دەکرد.

ڕەنجۆ: یەک حەسرەت لە دڵمدایە، ئەویش ئەوەبوو، دەبوو مەرگی من پێش مەرگی کەوێ... تا ئەم دڵەی ڕەنجۆ لێ بدات ئەوە خازێ لەگەڵ هەر لێدانێکیدا بانگێکم دەکات منیش دەڵێم گیان، کاتێکیش لە لێدان کەوت، ئەوا خازێ خانم بەدەستێ و ملانێی ڕۆحیانەتەکەوە بۆ لای خواکەمان هەڵدەکشێ... ئەوا ڕۆژێکیان دەمەو زەردەپەڕ بوو...



## بینراوی ٩

**(زەردەپەڕە)**

**(سەرە ڕێگای کانییە)**

ڕەنجۆ: دەڕۆی... بەجێم دێڵی؟ کات بەبەریەوە ماوە... هێشتا زووە... ئارامت بێ.

خازێ: لاوۆ، تا سبەینێ لەلات بم، هەر دەڵێی زووە... دەڵێی وەختەکە دەچەقێ... (پێدەکەنێ)... تاوێکی تر کیژان لە کانی دەگەڕێنەوە...

ڕەنجۆ: باشە گوناهی ئێمە چییە؟

خازێ: دڵخوازی یەکترین... دەڕۆم... خواحافیز.

ڕەنجۆ: خازێ گوڵە... سبەی چاوەڕوانتم...

خازێ: ئەگەر... ئە...

ڕەنجۆ: ئەگەر و مەگەری پێ ناوێ... چاوەڕوانم... ئێ...

خازێ: باشە کێ دەڵێ...

ڕەنجۆ: کەس ناڵێ... ئیتر ناتوانم زمانم گیرە و گۆناکا... (خازێ دەڕوات)

ئای خازێی خانومان... خازێی نوقڵانەی شادی... خازێی خەرمانی ڕەنج و ئاواتی من... خوا ئاگادارت بێ... لە چاوی بەد بەدووربی... نازانم هەرکە ناوی خازێ دەبەم، ئەم دنیایە گەورە و گرانە ناکاتە نەک تاقە پرشنگێکی چاوە ڕەنجۆ کوژەکانی، بگرە برژانگێکی؛ تا سبەینێ ئەم کاتە، کوڕە نەوەڵڵا تا دەمرم، بۆنی گوڵ بۆی هەناسەی ناڕوا هەر لە کەللەمدایە... دەماغی کەیل کردووم... کچێ خازێ کەی بێ سەر لەسەر سەرینێ کەین... بەچرپە لە سبەینێوە بدوێین، ئای چی لە سینەمدایە!... بەقەدەر دوو دنیای تر لە خۆزگە و لە خۆزگە... های بەختت نەسووتێ.

## بینراوی ١٠

**(ڕۆژە)**

**(بەر هەیوانی ماڵی ڕەنجۆ)**

ڕەنجۆ: چ ئەڤینێ بوو... ئاگر لە پیرەدار بەرنەبێ...

ئەحمەد: ئای لەو خەیاڵ و خەیاڵ بردنەوەیە... خاڵە کوێوە چووی... خۆ تۆ باسی ڕەوە بەرازت دەکرد...

ڕەنجۆ: کە باسی خازێ هاتە ناو باسانەوە، چ باسێ لە ئارادا نامێنێ... هەر ئەو باسە.

ئەحمەد: باشە خاڵۆ گیان، گریمان بۆ ئەو تەمەنە گەڕایتەوە، نازانم تۆ تەمەنی چی و چی پێ دەڵێی؟ ئەشق، گەنجێتی، هێزوگوڕ...؟

ڕەنجۆ: ساڵانی خازێ... ساڵانی فێربوونی ئەشق... ئیتر.

ئەحمەد: ئەوە وتمان ساڵانی خازێ و نەوجەوانی...

ڕەنجۆ: ئێ فەرموو...

ئەحمەد: بەڵام لەم ڕۆژەدان... ئێستاکە گەنجن؟

ڕەنجۆ: خۆزگە بەخۆزگەی ئەو خوایە... ئەڵڵا... ئێ... ئێ چیم دەکرد؟

ئەحمەد: ئەوە کارەساتی پرد ڕووخانە و ڕۆژ ڕۆژی جەربەزەیە...

ڕەنجۆ: لەگەڵ خازێدا؟

## بینراوی ١١

**(زەردەپەڕە)**

**(سەر مەزرایە، ژێر ساباتـ)**

ڕەنجۆ: خازێ! ئەوە تۆی؟ مەلوول دێیتە بەرچاوم... کچێ بڵێ... ئارامم نەما دڵم تەقی.

خازێ: لاوۆ، گەلێک چاو قایمیم کردووە پێم بەجەرگی خۆمدا ناوە و هاتووم... تەنیا لەبەرئەوەی بەڵێنم پێ دابووی... ڕەنجۆ بەڵێن گەورە و گرانە.

ڕەنجۆ: ئەگەر لەسەر منە، ئەوا خۆم بەقوربانی ساتێکی خۆشی تۆ دەکەم. ئەگەر کەسێ، کارێ، هەریەکێ بێ، دڵگران و دڵتەنگی کردووی، ئەوا بەو خوایەی لەو بەرزایی



ئاسمانەوە ئاگای لێمانە، دنیای لێ دەکەمە چەرمە چۆڵەکە... قوڕ بەسەری، کچێ بەگژ قووڵلەی قافا دەچم... خازێ گیان، ڕەنجۆم.

خازێ: ئەوە تۆ چی دەڵێی... دیارە بێ ئاگای.

ڕەنجۆ: کچی وا خەریکە مێشکم دەتەقێ و خوێن لە تەوقی سەرمەوە فیچقە دەکات... لە چی بێ ئاگام؟

خازێ: ئەو پرد ڕووخانە... سەرەڕای ئەم هەموو کلۆڵی و برسێتییەی کە لەو گەمارۆ و ئابڵۆقە نەفرەتییەی دوژمنانەوە کەوتۆتەوە.

## بینراوی ١٢

**(دەمە و نیوەڕۆیە)**

**(کۆشکی سەرداری زاخۆیە)**

نازەنین: ئەمشەویش هەر بێدار بووی؟

سەردار: وا بڕوا گەلێکی بەبەرەوە ماوە، ئافرەت چۆن بێدار نابم، لە وەتەی دوژمنانمان ئەم ئابڵوقە شوومەیان داوین، چی نەهاتییە سەری کردۆتە سەرمان، برسێتی، نەبوونی، دەردوبەڵا... هیوامان بەو پردەیە کە دەروویەکی ئابڵوقە شکێنمان بۆ بکاتەوە، بەبراکانمان و بەکێڵگە و مەزرا و پاوانەکانمان بگەیەنی... ئەوەش ئەو ئەفسوون و هەزارویەک جادووە.

نازەنین: گوایە لە کۆنیشدا، هەر لە هەمان شوێندا، پرد کراوە و بەهەمان مەرەچووە.

سەردار: دەبێ، ڕاستە، دوژمن هەر دوژمنە و ناگۆڕێ و نەگۆڕاوە تەنیا سەردەمەکە گۆڕاوە... گریمان ئەوە لەوێدا نەیکەین لەکوێدا بیکەین؟ ئەوە تەنیا دەروویەکە کە بۆمان مابێتەوە، ڕووبارەکە واوە دەڕوا... تۆی؟ عەبدالی گزیر وەرە چیت پێیە؟

گزیر: گەورەم ڕێز و سڵاوم لە خزمەتتاندایە... هەباسی وەستا باشی، وەستا پردەکە، بەڕێزتان فەرمانتان دابوو بێتە دیارتان، چاوەڕوانی فەرمانتانە.

سەردار: ئێی هەباسی بەدبەخت... گەلێکم لەسەر بیستووە، ئەمە لە شەڕەکەی زەمانی بابی ڕەحمەتیمدا بەیەخسیر گیرا و پاشان کە دەست ڕەنگینییەکەی دەرکەوت و ناوبانگی مەملەکەت و مەملەکەت چوو، ئای کۆشک و تەلاری قەشەنگی دروست

کردووه!!. گزیر بەڕێزەوە بیهێننە دەرباز... ئێمە یەک هەباس وەستا باشیمان هەیە...

نازەنین: ڕێگە بفەرموون، منیش بچم بەلای کارمەوە. (دەڕوا)

سەردار: (هەباس دێتە ژووری) فەرموو... بەخێربێی سەرچاو.

هەباس: سلاو لە سەرداری سەروەرمان. فەرمانتان دابوو بەخزمەتتان شادبم، بەشەرەفێکی گەورەم داناوە.

سەردار: بەڕێزتان شایستەی ڕێز و گشت شانازییەکن، پرسیارێکم هەیە، بەمەزندەتان و بەپێی شارەزاییتان، چ کەموکورییەک لە خۆمانەوە، لە کەرەسەوە لەوانەی کارت لەگەڵدا دەکەن نییە؟ بەلام بەردەوام بەو دەست بەکاربە، هەباس. هەباس-ی جەزیری ئەوەی ئێستا دەیکەی گەلێک جودایە لەوەی بۆ ئەو میرەت کرد و پاداشتی چاکەی بەخراپە دایتەوە...

هەباس: گەورەم، سەرگوزشتەی تاڵ، گەلێک تاڵم لەگەڵیدا هەیە، یەکەم جار کە ناردی بەدوامدا.

## بینراوی ١٣

**(ڕۆژە)**

**(دیوانی میری سامانا)**

میر: هەباس، دەست بەکاربە، هەر لەم ڕۆژە... ئاو بوەستێ تۆ نەوەستی، گەلێک مەبەستە، من وەک میری سامانا، دەمەوێ یادگارێکی جوان، یادگارێک کارێکی گرنگم پێیەتی، بەزووترین کات ئەنجامی بدەی... باش لێم دەگەی...

هەباس: بەڵێ میری گەورەم، لە خزمەتدام، فەرمانتە.

میر: پردێکم لێت دەوێ دەگمەن و دانسقە... لە هیچ قوڕنەیەکی ئەم دنیایە گەورەیە لە شێوەی نەبێ و نەبینرابێ.

هەباس: خوا یاربێ، بەدڵی جەنابتان دەبێ.

میر: کاری خۆت ئەنجام بدە و لە ئێستاوە خەلاتی خۆت حەلاڵ کردووە... پاداشتێ کە پێشتر بەکەس نەدرابێ.



هەباس: گەورەم فەرمووبووتان حەوت تاقی بێ؟

میر: بەڵێ حەوت، حەوت تاقی بلند، هێندە بلند گشت شارەکە چاویان لێوەی بێ. دەزانی بۆ؟

هەباس: بۆ ئەوەی چاویان لە جوانی بێ...

میر: نا، بۆ ئەوەی کە سەرپێچیکەرێکم سزای خنکاندن دا، هەموو خەڵکی چاویان لێوەی بێ و چاوترسێن بن. (قاقا لێ دەدات)

## بینراوی ١٤

**(عەسر)**

**(کۆشکی سەرداری زاخۆیە)**

نازەنین: پرد بۆ چاوترساندن... بەلام وتتان، پردی حەوت تاقیی لە وەستا دەویست، بۆچی حەوت؟

سەردار: ئەوە من بۆت لێک دەدەمەوە... هەمیشە، هەروا بووە، داگیرکەر بیروبۆچوونی داگیرکراوەکەی هەروەک گشت سامانێک، تالان کردووە ئەوە بیرۆکەی پێشینانمان بووە، ئەو حەوتە واتای خۆی هەیە، بۆ نموونە، حەفتە، حەوت ڕۆژە، حەوتەوانەی ئاسمان، یەزدانی مەزن بەحەوت ڕۆژ دنیای دروست کرد، حەوت هات و کامڵبوونە، ئاکام و نگینە...

نازەنین: ئەمەشت بیرچوو، حەوتەی پاش منداڵبوون، حەوت کورتە بالا، حەوت شیرینی سپی ڕەنگی شەوی خەنەبەندان...

سەردار: ئافەرین... لەگەڵ ئەوانەشدا ئەژدیهای حەوت سەر و حەوت چاو... ئیتر تا خوا حەزبکا... ئینجا بەئازیزی خۆم بلێم، ئەوە بوو میری وڵاتی سامانا، چرکە بە چرکە کاتی دەبژارد... تا ئەو ڕۆژەی پرد تەواوبوو...

# بینراوی ١٥

**(ڕۆژە)**

**(ئاهەنگی پرد کردنەوە)**

میر: تەحا تەحا، هەڵڵا، هەڵڵا... تەواو بەدڵمە، ئەوەیە من گەرەکم بوو...

یاوەر: سەد ماشەڵڵا... کارێکی نایابە، ئافەرین هەباس، وەستا باشی...

میر: هەباس، دەستخۆش، خەڵاتی خۆت حەڵاڵ کرد...

یاوەر: بەڵام دەبێ هەر بەبێ وێنەیی بمێنێتەوە... ئەوە گرنگە...

میر: مەبەستت لە چییە؟

یاوەر: بۆ کەسی تری دروست نەکات...

میر: ڕاستە، دەبێ وابێ... وەستا وەرە پێشەوە...

هەباس: گەورەم لێتان پیرۆز... پیرۆزبێ، بەخۆشی و بەختیاریتان... لە خوام داوایە مایەی پیت و فەڕ و ئاسوودەیی بێ، قوربان چەندەم لە توانادا بووە و بگرە زیاتر لە وزەی خۆم کردووە و نواندوومە.

میر: وەستای کارامە... لەمەودوا دەروازەی کۆشک بۆ ئێوەی هونەرمەند لەسەر پشتە و کراوەیە، هەر کاتێ بتەوێ... پاشان خۆشم دەنێرم بەدواتدا... ئەمە لەو کارانەیە وەچە بەوەچەت دەتوانێ شانازی پێوە بکەن.

هەباس: گەورەیی جەنابتانە... هەمووی بۆ بەرزێتیی جەنابتان دەگەڕێتەوە. گەورەم هەر وەستایەک لەو ڕۆژەوەی مەچەکی خۆشەی کار دەبێ بەئاواتی شاکارێکەوەیە، خەڵکی پەنجەی شانازی بۆ ڕابکێشن و بڵێن ئەمە کاری فلانە وەستایە... ئەوا بەندەش هەباسی جەزیری لە سایەی ئەوا و شکۆداریتانەوە، ئەو دەرفەتە زێڕینەی بەرکەوت... ئیدی تا مردن بەگوشادییەوە ڕۆژانم بەسەر دەبەم.

میر: پیرۆزبێ، لە خۆمان و لە دۆستان... یاوەر با بکرێتە شایی و لۆغان...



# بینراوی ١٦

**(ئێوارەیە)**

**(جێگا ژوانە)**

ڕەنجۆ: شەوێکی تارونووتەک بوو، دەیجوور، ئەمما دەیجوور، چاو چاوی نەدەبینی... لەلایەکەوە تاریکییەکەم پێ پەسەند بوو، چونکە سایەم دیار نەبوو، لەلایەکی ترەوە خراپ، گەلێک خراپ، چونکە هەرهیچم نەدەبینی... ئای سڵەمیمەوە! وای ڕاچڵەکیم! کاتێ ڕۆژ بووەوە، گاڵتەم بەخۆم دەهات.

خازێ: وا نەڵێی، بۆ گاڵتەت بەخۆت دەهات؟

ڕەنجۆ: کچێ هەرشتێ دەهاتە بەردەمم و دەستم بەری دەکەوت، خێرا دەمدایە بەر شیپەی خەنجەر... ئای چڵ و لقی دارودرەختم داپاچیبوو!... ئەوەندە باسی تارماییان کردبوو لە من بووبوو بەڕاست.

خازێ: لاوۆ بەقسەکانتدا دیارە ترساوی... چاکیش ترساوی... دەڵێی چی قورقوشمت بەسەردا بتوێنمەوە... دەزانی ڕەسمی چی دەردەچێ؟

ڕەنجۆ: مەگەر چاوەکانی تۆ دەرچێ... کە هەرگیز پەی بەناخیان نابەم... کچێ شت هەیە من لێی بترسم... ڕەنجۆو ترسان! هەیە لێی بترسم.

خازێ: بەڵێ هەیە و خۆشت باش دەزانی.

ڕەنجۆ: دەبێ کێ بێ!

خازێ: عەبدی شێرەوان، عەبدی بابم، دەنا بۆ ناوێری بێیتە خوازبێنیم؟ ها، دەی، وانییە، ئەگەر وانییە قسە بکە.

ڕەنجۆ: چاوەڕوانی ساغکردنەوەی حاسڵاتم... دەشمەوێ بەدەستی بەتاڵ نەچمە خزمەتی بابت... خراپەم نەکردووە، تۆ بڵێی بابی تۆشمان لێ ببێتە میری سامانا و بەمەرەی هەباسی جەزیریی وەستا باشیمان بەرێ... (پێدەکەنێ) بەڵێن بێ، وەک وتم، ئەوسا بەدڵێکی پڕ لە هیواوە بێمە خزمەتی... هەر ئەوەندە نییە؟ مەرج.

## بینراوی ١٧

**(نیوەڕۆیە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

هەباس: زۆرم لا سەیرە ئەوا دوو هەفتە ڕابورد و کەچی میری سامانا نەینارد بەدوامدا! تۆ بڵێی میرێکی گەورە و گران چاوی لە پاداشتی هەژارێکی ماندووی وەک من بڕیبێ! چار چییە؟ تاکەی چاوەڕوانی، کێ دەڵێ هەر بیریشی ناچێتەوە، سەربەخۆ، خۆم بەکۆشکدا بکەم؟ ئا، ئەوە نەبوو لە ئاهەنگی تەواوبوونی پردا فەرمووی... ئەوەش نابێ... کێ دەڵێ، سەرەڕای چاکەم تووشی جورتم و گۆڵمەزی نابم، خۆ پاسەوانانی کۆشک، لە هەموو شتێ بچن لە مرۆڤ ناچن... وەک سەگی هار وانە...

زینۆ: پیاوەکە هێندە مەیکەرە غایلە و مەراق... تۆ کاری خۆت کردووە، کارەکەت لەبەرچاوە، هی ئەوە نییە لە بیر میر بچێتەوە، ئەوە خەڵکی دەڵێن، بەم ڕۆژگارە خەڵکی لەملاو لەولاوە دێن و دەچنە تەماشای پرد... دەنگی داوەتەوە... میر خۆی پێوە بادەدا، یاوەر دەست و دائیرەی خۆیانی پێوە هەڵدەکێش، هەر میر کە دەنگوباسی پرد دەبیستێتەوە خەریکە شامەرگ بێ و گەز گەز باڵا دەکا. هەباسی مەیکەرە مەراق...

هەباس: لەبەر قسەکەی تۆ وا ئەمرۆش چاوەڕوان دەبم، نەخێر تا دووسبەی، بزانم بانگم دەکا، ئەگەر نەبوو ئەوا هەرچۆنێ بێ، پێ بەجەرگی خۆمدا دەنێم و دەچم، کورد دەڵێ سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی، دەوەڵڵا بردنەکە چاکترە... چاوەڕوانی لە هەموو شتێ ناخۆشترە... شیرپەنجەیەکی لەسەرخۆیە... زینۆ، ئاخر چۆن لە پێستی خۆم نەیەمەدەرێ لە لەپی هەردوو دەستم بڕوانە ڕەنگی بەردی گرتووە... هەرخۆم دەزانم چەندە ماندووبووم و چیم کردووە. کچێ لێم مەگرە... ناهەقم نییە...

زینۆ: من ناڵێم لە حەقی خۆت گەڕێ، بەڵام دەڵێم ئارامت بێ، چی دەکەی دەسەڵات چییە، ئەوە وای لێهات!

هەباس: کچێ زینۆ، کاتێ لە گوزەرانی خۆم دەڕوانم و سەیری دەست و مەچەکم دەکەم، هەست بەبەش خوراویی خۆم دەکەم، هەست دەکەم بە زۆر چەشنە بیانوو، زۆر جۆر پەڵپ، سەدان تەگەرە... ژیانم لێ تاڵ دەکات... ئەم مەچەکانەی تۆ دەیانبینی سەدان کۆشک و تەلاری پێ بنیادنرا و، تاق و گومەزی باڵا باڵای سەرسوڕهێنەر، زۆر



چەشنە بنمیچی ڕازاوە بەنەخش و نیگار. دیواری ئاوێنەبەند، پەنجەرەی بلوورین... دیوەخان و کەڵەگی و عرووسی، دالان... ئەگەر نیمە خشتێکم لە جێگای خۆیدا دانەنابێ، ئەگەر هەڵەی تەرازووم کردبێ، ئەوا هەر دە پەنجەم ببڕنەوە... ئای لەژێر ئارەقەی ڕەش و شینی لەم ناوچەوانەوە، چەندە خواپێداوان شەوانەیان گوڵ ڕەنگی ئارەزووی ڕابواردن کردووە!!. ئەمە منیشم هەقی کاری خۆمە، خەریکە لە بیریان بچێتەوە، بەڵام من چۆنم بیر دەچێتەوە، لەو دنیاش سەربەرزکەمەوە، هەر دەڵێم هەقەکەم.

زینۆ: پیاوەکە خراپ بیر دەکەیتەوە... ئەوەی تۆ دەیڵێی وادەی نەهاتووە هەستە دەست و دەموچاوێکی بۆ بشۆ... وەرە خوا دوو پاروونانی داوە، دەیخۆین و شوکرانەی خوا دەکەین.

هەباس: چیمان هەیە؟

زینۆ: لەپە ساوەر.

هەباس: ڕەحمەت لە بابت. زینۆ گیان دڵ لە دڵ نەدەیت میر هەر بانگ دەکات.

## بینراوی ١٨

**(شەو)**

**(کۆشکی سەرداری زاخۆیە)**

سەردار: سبەینێ هەباسی وەستا باشی بانگ دەکەم... یان خۆم دەچم سەردانی دەکەم.

نازەنین: کارێکی چاکە، ئەمشەو نیازی چیت هەیە... لەوە دەچێ سەردانی شوێنێک بکەی؟

سەردار: بەڵێ نیازی چوونە دەرەوەیەکم هەیە، بەدڵی خۆم، ئازاد، ئازاد.

نازەنین: بەتەنیا بەبێ من؟

سەردار: دەبێ بەتەنیا بم، ئەمجارەیان ناکرێ.

نازەنین: بەتەنیا! شتی وا چۆن دەبێ، دوژمنت کەمە، ئەوە لە چوار دەورەوە پیلان لە دوای پیلانت لێ دەکەن، نەء، بەخوا ناڕۆی.

سەردار: خانمە خاسەکەم، ئەم کارە وا پێویست دەکات.

نازەنین: بۆ وا پێویست دەکات؟

سەردار: وەک ئاگادارم دوژمنان بەئابڵوقەوە نەوەستاون و سەرگەرمی لەشکرکێشین... ئەمشەو خۆم دەگۆڕم وەک ڕەزەوانێکی کەژنشین، گوایە بۆ سۆراغی دۆشاو بەگەنم هاتوومەتە شار.

نازەنین: ئەی ئەگەر ناسیانیتەوە؟

سەردار: ئەوەیان گرفت نییە، ئاسانە خۆ نامخۆن... ئیتر کاتی هاتووە دەچم خۆم دەگۆڕم...

نازەنین: ئێ پاشان، کوێوە دەچی؟ یەکەم جار دەچیتە کوێ؟

سەردار: بچمە کوێ؟... خانی گەورە... نا... ئەوی پتر خەڵکی دەرەوەی لێیە... باشترین شوێن قاوەخانەکەی ڕەمەزانە شەلە، ئەوەی بەخەیاڵیشتدا نایە لەوێ باس دەکرێ... ئەوانەی مشتەریی ئەم قاوەخانەیەن، ئەوانەن دەم لە هەموو باسێکەوە دەدەن... قاوەخانەکە هێند رووناک نییە و جگە لەوەی بەهۆی ئەوەوەی سێ چوار کۆڵەگەی ئەستووری تێدایە ئەگەر یەکێ بیەوێ نەبینرێ نابینرێ... پەنایەک دەگرم و وەنەوز دەدەم وەک ماندووی ڕێگا بم، کزۆڵە لێی دادەنیشم، باشترین شوێنە، کانگەی دەنگوباسە.

نازەنین: ئەی ئەگەر قسەی ناشیرینیان بەسەرداری زاخۆ وت.

سەردار: من بۆ ئەوە دەچم با گوێم لە ناتەواوی بێ، گوێم لە هەست و ڕادەی ورەی ئەو خەڵکە بێ، دەنا بۆچی دەچم... نازەنین، سەیری من کە، باش بیهێنەرە بەرچاوت... ئەوا لە گۆشە تاریکەکەوە گوێم هەڵخستووە.

## بینراوی ١٩

**(شەوە)**

**(قاوەخانەی ڕەمەزانە)**

**(حەسەنی تارژەن گەرمی کردووە)**

حەسەن: (لەپڕ دەست لە تارژەن هەڵدەگرێ) وەنەبێ دڵم خۆشبێ، بەڵام داخی دڵم بەتارژەندنەکە بەبا دەدەم، کوڕینە من و ئەم تارە بووینەتە هاوخەم، باشترین هاوڕێمە... ڕەمەزان چایەکی کەم ڕەنگ و بزانم دوا هەواڵ چییە؟



ڕەمەزان: چایەکە بەسەرچاو... منی بەستەزمان و هەواڵ کوجا مەرحەبا!

حەسەن: نا... نا... وانییە دەی قسە بکە خۆمانین.

ڕەمەزان: دەڵێن سەردارمان جێ بەخۆی ناگرێ.

شەریف: بوختانی بۆ مەکە، شوێنی گەرم و نەرمی هەیە... شەو و ڕۆژ خزاوەتە...

ئەحمەد: لە خوا بترسن... لەو قسانە گەڕێن، ئەو لەو میرانە نییە.

شەریف: ئەم سەردارەی ئێمە دەسەڵاتی بەسەر خانمەکەیدا نییە، ئیتر شەڕی حەوت مەملەکەتانی چۆن پێ دەکرێ...

ئەحمەد: تارەکە بۆ دەنگی نەما، کاکە حەسەن زرنگەی بێ... بەقوربانە لێدە.

شەریف: ماڵت بەقوڕ نەگیرێ... کەی کاتی تارە... بەزاتی خوا یەکێ نەزانێ، دەڵێ نەبایان دیوە و نەباران... ئەوا دوژمنان خۆیان تەیار دەکەن و لەشکر و چەک ئامادەکەن و جبەخانە دەخەن، ئێمەش لەلایەکەوە برسێتی چاومان دەردێنێ و لەلایەکی ترەوە بەدەنگی تار خەم دەڕەوێنین... لە هەمووشی ناخۆشتر، ئەو گۆبەند و گوڵمەزەی ئەم پردە شوومە، کە هەر نابێ بەپرد، بۆ ئەم عالەمەی ناوەتەوە.

حەسەن: دەزانی زۆرت پێیە و کەمی دەردەخەی... باشە برالە، بۆ نابێ بەپرد؟ باشە جەنابت دەزانی، ئەو پردە بۆ دروست دەکرێ؟ پرد مانای چی؟... دەزانی بۆ نابێ بەپرد، واتا دوژمنمان زۆرە و دەبێ هەموومان بەرەنگاریان بین، دەزانی بۆ برسێتییە؟ چونکە زۆری وەک تۆ عیبرەتی لە نەهاتییەکان وەرنەگرت و تا نەهامەتیی گەورەی بەدوادا هات... کە تۆ سەردارمان باش ناناسی، تفەنگ بەتاریکییەوە مەنێ.

ئەحمەد: حەسەن لێی گەڕێ، هێندە سەری خۆتی پێوە مەیەشێنە.

حەسەن: ئەگەر بمانەوێ کارەکە هێندە قورس و گران نییە، بەڵام لە پاڵەوە بەقسەی زل شانی بدەینەبەر، ئەوا پشت و ئەژنۆ پێکەوە دەشکێن...

ئەحمەد: من ئەوەندە دەڵێم، لەکاتی وادا تا زوو بکەوێتە خۆ کەمە... تا بمێنیتەوە هەزار کون و کەلەبەری لەو تەرحەی تێدەکەوی... ئابڵوقە بەهێزتر دەبێ و خۆراگری ڕاڕا و لاواز دەبێ.

محۆ: ئەوەش بڵێ سەرکردەی چاکی دەوێ.

ئەحمەد: سەری باش زامنکەری سەرکەوتنە، سەرداری ئێمە بێ خەوشە، بەڵام ناڵێم هەموو

دەستودایەرە باشن، نەوەڵڵا ئەو بوختانەیان بۆ ناکەم (پێدەکەنێ)، تێیدایە هەرکە بارەکە ئاڵۆز بوو، کەوتە دەربازکردنی زێڕوپارە، هەندێکیان، هەوڵی شوێن خۆشکردنیانە بۆ کاتی هەڵهاتن.

محۆ: ئەوە مایەی نەگبەتی و بەڵاکەیە برا خاسەکەم، پێویست ناکا کەس گێل کات، بەسەری تۆ هەمموویان گۆڕاون، ئەمە دەردی غەڕابوونە، دەردی بڕوا پێنەبوونە دەشبینی لەسەر کێ دەکەوێ و چ کلۆڵانی باجەکەی دەدەن و ئازار و سزای بەدەمەوە دەچێژن، براکەم هەر بەردێکی لەسەردانێین چاکترە، ئێمەومانانی دەستکورت و هەژاریش باجەکەی بەسەر و گیان و شەرەف و کەرامەتمان دەدەین.

ئەحمەد: بیرت نەچێ، هەروابووە، هەیە زیخە و هەیە لەگەڵ ئاوەکەدا ڕادەبوورێ... مانەوە بۆ زیخەکەیە... ئەوە منم، تۆی ئەوە ئەوانەی بێ شیو سەر دەنێنەوە... ئەوانەی ژیانیان نەفرەتی لە ماڵی دنیا کردووە... بەڵام حەز دەکەم گەشبین بن... حەسەن گیان بژەنە. (حەسەن دەست بەتار ژەندن دەکات)

## بینراوی ٢٠

**(ڕۆژە)**

**(دیوانی میری سامانایە)**

یاوەر: بەڵێ گەورەم، هەر ئەوەیە کە جەنابتان بۆی چوون، گەلێک ڕاستە، ئەوەی دەیان وت، زۆر لە ڕاستییەوە دووربوو، گەلێک دوور... قوربان ئەوە تەنیا بۆ شوێنە ونی بوو، سەیروسەمەرەکەش لەوەدایە، بەهەموو عەقڵیانەوە، دەیانەوێ ئەو یارییە لەگەڵ ئێمەدا بکەن!

میر: گوایە دەستیان بەکێڵگە و پاوان و لەوەڕگاکانیاندا ناکەوێ! گوایە (پرد) دەرووە! پرد ئابڵوقەشکێنە (پێدەکەنێ) دەمێکە ئەو باوکەیان مرد و کۆتایی پێ هات، ساردوسڕ وەک مار و مێرووی ژێر شەختەی کەوتووی چلەی زستان.

یاوەر: دەیانەوێ گرەو لە کێ بەرنەوە...

میر: لە شەیتان...

یاوەر: ئەستەغفرەڵڵا گەورەم.

میر: نەء، ئەوەی نیازی یاری بردنەوە، بێ، دەبێ وریابێ، زرنگ بێ، ئەژدیهای حەوت



سەر و هەزارویەک چاوبێ، دەبێ شەیتانی کوڕی شەیتان بێ. ئەمە زۆرانە و پاشقول و فرسەت لێ هێنانە، ئەی هەش بەسەرینە، هەزار فاکیان بەفیکێکمان، یاوەر.

یاوەر: بەڵێ میرم.

میر: ئەو حساباتەی ئاگادارم کردی، کردت؟ دۆستانمان کاری خۆیان کردووە؟

یاوەر: گەورەم زۆر بەچاکی، بڕیارە ئەو ڕێگایەشیان لێ بگرنەوە.

میر: زۆر چاکە... پردێ بۆ یەککگرتنەوەی کوردان بێ هەر شایستەی ڕمانە بەسەر سەری خۆیاندا.

یاوەر: هەرواش دەبێ. گەورەم دۆستە هەرە دوورە دەستەکانیشمان هەر پێیان وایە، دڵنیابە قوربان داشمان سوارە و تیرمان نێچیر ئەنگێوە.

میر: کە وای لێهات کەوان شاردنەوەی پێ ناوێ، یاوەری ئازیز، با ڕاوێژکاران ڕێکەون، تا زووبێ کەمە، بەوردی، درشت و وردیان بۆ ڕوون کەنەوە، ئەم جۆرە کارانە دەستوبردی دەوێ... دەزانی چی دەڵێم.

یاوەر: گەورەم چاک حاڵیم، هەرچیەکیشمان لەو بارەیەوە پێ گەییوە، یان مەزندەمان کردووە، ئامادەیە و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن.

میر: تۆش لەگەڵیاندا بچۆ، بچۆ، وام پێ باشە.

یاوەر: فەرمانتانە.

میر: هەی لە حاڵی پرد و بابی پرد! دەیانەوێ ئیمپراتۆریەت پێکەوە بنێن، نەهەنگ تا گچکە بێ دەرهەقی دێیت، کە گەورەبوو، دەمی هەڵلووشینی گەورە دەبێ، ئەوسا ئارامی لە گەرووی نەهەنگی هەڵلوشین دەبێ... خوا بەوڕۆژ و سەعاتە نەکات.

## بینراوی ٢١

**(عەسر)**

**(ماڵی عەبدی شێرەڤان سەرسەکۆیە)**

عەبدی: بەڵێ مەرج... من بڕیارم داوە کچی خۆم بەکەسێک دەدەم بتوانێ مەرجەکەم ئەنجام بدات.

رەنجۆ: قوربان جەنابتان من چاک دەناسن، باوباپیریشم، بەئێوە نەناس نین، ئەگەر نەنگییەک، ناتەواوییەک، ئەگەر کەسێک ڕۆژێ لە ڕۆژان، وتبێتی، بەری چاوت کلی پێوەیە...

عەبدی: کوڕم چاکت دەناسم و چاکیش دەزانم چەندە بێ خەوش و لێهاتووی، لەوانەی لەسەر بەردی ڕەق ژیانیان دابین دەکەن... بەڵام وابزانم قسەکەی منیش خراپ نییە.

رەنجۆ: مەرجێک لە توانای کوڕی خۆتدا بێ، مەرجێک بەڕێزتان پێمدا ڕابپەرموون، قوربان ئامادەم و بەسەرچاو.

عەبدی: خازێ وەرە کچەکەم، با ئەویش ئاگاداربێ، نەبادا وا دەرنەچێ... کچەکەم وەرە شەرم مەکە... وەرە ژووری، تۆش ئاگاداری مەرجەکە بە، ئەمە مەرجەکەمە.

## بینراوی ٢٢

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(کۆشکی میری سامانایە)**

میر: ئا ئەوەیە، ئافەرین یاوەر، لە کاتی ئاهەنگی تەواوبوونی پردەکەدا، لە واتای پشت وشەکانت گەیشتم، چاکم خوێندەوە... هەر ئەو مەبەستە بوو.

یاوەر: بەڵێ میرم،، مادام پردەکە پردێکی ئەوەندە گرنگە، با هەر بەبێ وێنەیی بمێنێتەوە، هەباس وەستایە، هەر کەسێ کارێکی پێ بسپێرێ ئەو جێبەجێی دەکات، ئەوە ئیش و پیشەکەیەتی... بۆیە دڵنیام هەر نەبێ ئەوە زاخۆ لە پەنامانەوە، ئەوە جەزیرەی بۆتان... ئەوە... جگە لەوەی ئەو پردە لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا کاری خۆی دەنوێنی... زۆر گرنگە، ئەوە بەستنەوە و توندوتۆڵکردنی کوردانە.

میر: باشە بۆ نەیکوژین، کێ پێی دەزانی، یەکێکی لێ ڕادەسپێرین لە پەنایەکەوە ساردی بکاتەوە... ئاسانە... ئا با سەرەک پاسەوانانی کۆشک ئامادەبێ.

یاوەر: قوربان، شتێکی ترم بەخەیاڵدا هات، ڕەنگە گونجاوتر بێت.

میر: ئادەی بزانم؟ چیت بەخەیاڵدا هاتووە؟

یاوەر: بیخەرە بەندیخانەوە، بەتۆمەتی ئەوەی گوایە خۆی درکاندوویەتی و دانی پێداناوە کە نهێنیی ڕووخانی پرد دەزانێ، گوایە، زۆر شت.



میر: چۆن، وەک چی!؟

یاوەر: بڵێین چوارەم بەردی ناوەندی پایەی ناوەندی پردەکەی بەو نیازە دایناوە کە هەر کاتێ بیەوێ بەلەقانی فلانە بەردی دەڕووخێ.

میر: پاشان خۆمان بەباشی چارەسەرمان کردووە لەو داڕووخاندنە ڕزگارکراوە... ئەوسا بەسزای خۆی دەگات.

یاوەر: قوربان، میرم، ئەوەدەمە فەرمان بدە قۆڵی ڕاستی لەبندا ببڕنەوە.

میر: چاکە، بەڵام بۆ هەردوو دەستی نەبێ.

یاوەر: بەتاکە قۆڵێکەوە و قۆڵەکەشی، قۆڵی چەپ بێ ئەوا قوڕ بەسەریدا دەکرێ، جارێکی تر نابینێ بەردێ لەسەر بەردێ دانێ، ئیدی بەکەڵکی هیچ نایە، وەک پەککەوتە، مەگەر بەسواڵ و سەدەقە بژی، ئەوکاتەش هەر چاوی لە دەستی میری گەورەمانەوە دەبێ.

میر: هەر ئێستا ئەم فەرمانەم بەسەرەک پاسەوانان بگەیەنە و بەزووترین کات، هەر بەپەلە، جێبەجێی بکات.

## بینراوی ٢٣

**(شەوە)**

**(ژوورەکەی ماڵی «هەباس»ە)**

هەباس: تاقی یەکەم تەواو، دووەم بڵندتر سێیەم بڵندتر، چوارەم تاقی ناوەڕاستە لە هەمووان بەهێزتر، بەرزتر... حەوت تاق... حەوت جار مردن حەوت جار زیندووبوونەوە... گیانم دەرچوو... پاداشتەکەم... بڕینەوەی قۆڵی ڕاستم بوو... کاشکی بەر لە دروستکردنی ئەو پردە ببڕایەتەوە... هەردوو قۆڵم... سەرم لە لاشەم جیا کرایەتەوە و ئەو کارەم ئەنجام نەدایە... (چاو لە بنمیچەکە دەبڕێ) یەکێک، دووان، سیان، چوار... ئەی لەو سەرەوە، دوو، دوو، چوار چوار نەخێر نابژێرێ... ئای کە بنمیچێکی پەڕپووتە... هەر دارێکی ئەگەر تاقێک بێ، هەر نێوانی تاق و تاقێ پێنج هەنگاوبێ، حەوت جاران سێ، دەکاتە بیست و یەک، کەواتە پردەکە چەند درێژ دەبێ؟... لێرەوە... تا... بەسە... بەسە نامەوێ... میرم، هاتوومەتە بەردەمت یان بمکوژە، یان قۆڵەکەم، یان پردەکە دەڕووخێنم... ڕەنجی ڕۆژانی تەمەنم

بزر كردووه، تالآنتان كردووه، تۆ پردەكە، بۆ زەق زەق سەيرم دەكەيت و نوتقت لێوە نايە بلێ ئا... يان، نا، تۆ بۆ لێم زيزبووی؟... ناهەقت ناگرم... وا دەڕۆم بەرێگای خۆمەوە، ڕێگام دوورە، دوورە، هەر نابڕێتەوە! میر، قۆڵەکەم، هەی ماڵی بابت وێران بێ،... میر، گاڵتەم لەگەڵدا کردی... ئەوە قۆڵەکەمە... ئەها، دەتوانم، نەک پردی حەوت تاقان، پردی حەفتا تاقان بکەم...

بڕوانە و شێت مەبە... ئەها لە پەنجەکانمەوە گزنگی خۆر پەخشان دەبێ... شیلەی جوانی و جاویدانی لێوە دەچۆڕێ... من هەباسەکەی جاری جارانم... کەمێک دڵم پڕە، دڵم تەنگە... نا... نا... هەستەوە، هێشتا بەبەربەوە ماوە، دەچم و پردەکە لە بان شانم دەنێم دەیفڕێنم، هەڵی دەگرم، وەک کیژۆڵەی حەز و بەختی جەوانیم... شارەوشار، چیا بەچیا مەملەکەتانی دنیا تەی دەکەم... نایەڵم ژێرپای ئەوانە بکەوێ... لەگەڵیدا دەچمەوە جەزیرەی بۆتان... ئەوسا بەدڵ بۆ ڕۆژانی تاڵیم دەگریم... (وردە وردە گۆرانی دەڵێ):

«لۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆ
مامۆ هەورا دیاربن ئەورۆ ڕۆژی میرانە
خۆرینی گا و نەجارانە
تەقینی سۆل و بسمارانە
برقینی کۆسە میسرییانە
ویلەویلی دلو نژادیانە و عەوی شانە
دەنکی شنگینی داری دارەمانە
لۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆ»

## بینراوی ٢٤

**(بەیانییە)**

**(ناو مەزرایە، ژوانە)**

خازێ: ئەرێ ڕەنجۆ، خۆ تۆ بەو مەرجەی بابم بۆی دانای، لە دڵەوە قایل بووی، ناشێ بیرت گۆڕیبێ، ناشێ پاشگەز و پەشیمان بووبیتەوە؟ خۆ من دەزانم تۆ لەوانە نیت...



ڕەنجۆ: ڕەنجۆ و پاشگەزبوونەوە، ڕەنجۆ و پەشیمان بوونەوە، هەرگیز ئەوەم لە تۆ ڕانەدەپەرمو، کچێ گوناهت نەکرد، ئەو چیای جودییە پیرۆزە لە چیایەتیی خۆی بکەوێ، ئەمن هەرگیز لە گفتی خۆم ناکەوم... دەبوو لە هەمووان باشتر دڵخوازی خۆت بناسیایە، گوڵێ، خازێ خان، وا نییە؟

خازێ: ئەوەی منی خستۆتە گومان و دڵەڕاوکێوە ساردیی بێ دەنگییەکەتە... دەڵێم، باشە خوایە لەمە ناخۆشتر و ئاڵۆزتر دەبێ؟ دەڵێم، لەم بارە خراپتر دەبێ، لەمە زیاتر برسێتی و دەرد و بەڵا و کوێرەوەری!؟

ڕەنجۆ: بەقوربان، بڕوا ناکەم کەسێ هەبێ هێندەی من بەدڵ و گیان خەمخۆری ئەم ڕۆژە بووبێ، بۆتە تەنیا خەم و خولیام... حەز دەکەم بزانی و نیگەران مەبە، کارێکی ئەوتۆی لەسەر بیر و هۆشم کردووە، خەریکە تۆشم لەبیر دەباتەوە... شەو نییە تا سپێدە، بەدوای ئەو مەسەلەیەوە نەبم، لەو ناوە خول دەخۆم و خۆم لە بۆسەدا دەنێمەوە، لە سەنگەردا، لەسەر ڕێگادا... بەڵام وا خەریکە سەری گلۆڵە ئاڵۆزەکەم چنگ دەکەوێ... هەستم بەشتی سەیر سەیر کردووە. لەکاتی خۆیدا، کە ئەوەندەی نەماوە، ڕاستیت بۆ دەردەکەوێ... خازێ، سات بەسات مەبەستەکەم لە لا شیرینتر و مەزنتر دەبێ... لە بڕی هەست بەمەترسی و ماندووبوون... وام لێ هاتووە هەست بەخۆشی دەکەم... چێژی لێ وەردەگرم، ئولفەتێکی سەیرم پێوە گرتووە.

خازێ: خوابکا وابێ، ئەی من چیم دەوێ، دەڵێ کوێرە چیت دەوێ، دەڵێ دوو چاوی ساغ... جا ئەمە ئینشەڵڵا کەی دەبێ؟

ڕەنجۆ: هاکا خاڵە عەبدی شێرەڤانی بابت ناوچەوانی ماچ کردم.

## بینراوی ٢٩

**(بەیانییە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

زینۆ: خێرە ئینشاڵڵا... خێرە ئینشاڵڵا خێرە! ئەوە چۆنە ئەم بەیانییە وا زوو هەستاوی... تۆ ماوەیەکە تا چێشتەنگاویش هەر لەسەر گازەرەی پشت لێی کەوتووی... پیاوەکە، چی ڕووی داوە؟ شکور ڕەنگ و ڕووشت خۆش دیارە، بەتەواوی کراویتەوە.

هەباس: ئەمشەو هەر بەو مەراقەوە سەرم کردە سەر سەرین... لە بەیانییەوە ژانێکی خراپ

گرتبوومی... ژان، ئەمما ژان، ئەمسەریم دەکرد و ئەوسەریم دەکرد گەلێک پەند و هەمەجۆر سەرگوزەشتەیە، حەقایەتە چیاییەکان... هەر بەتەواوەتی خۆم و ئەشکەنجە و ئازاری خۆم بیرچووبووەوە... پەیتا پەیتا، ئەوەم بیر دەکەوتەوە کە پێشینان، باوباپیرانمان، وتبوویان هەر شتە و لە قەوارەی خۆی، لە ڕەنگی خۆی، لە دەنگی خۆی، بەوادەی خۆی... نهێنی پرد، هونەری پرد، وەک ئەوان دەیانوت تەنیا لە بنیادی پرد دایە. هەر شتەش مان و نەمانی لەگەڵ دروستبوونی خۆی دایە...

زینۆ: بسمیللا، ئەوە پیاوەکە ئەم جۆرە قسانە چییە، دەیانبزرکێنی؟! با کەس گوێی لێ نەبێ، قوربەسەرم ئەوسا بەشێتیش ناوت دەبەن، تۆ کەی لەم قسانەت کردووە!؟ کەس گوێی لێ نەبێ.

هەباس: نەمدەزانی، بەزۆر، هەر بەزۆری زۆرەملێ ملی ڕۆژگارەکەم، بەدبەختییەکەم گرت و ڕۆژگارەکەش فێری کردم... کچێ ئەوانەی پێشینان وتوویانە... من ئەمڕۆ وردیان دەکەمەوە... کچێ زینۆ... ئەمشەو لە خەوێکی قورسدا، خەست خەستدا بووم.

زینۆ: خەونت نەدیبێ؟ خۆ باوە تۆ شەو نییە خەون نەبینی، بەتایبەتی بەقۆڵە براوەکەتەوە کە چاک بۆتەوە.

هەباس: زینۆ، ئەوەی مرۆڤ بێ، دەبێ خەون ببینێ.

زینۆ: هەموو شەوێ؟ بەڕۆژ و بەشەو...

هەباس: زینۆ، من خەون نەبینم، کێ دەبێ خەون ببینێ؟ خەونی گوڵ گوڵی...

زینۆ: باشە، باوابێ، ئێ خەونەکەی ئەمشەوت چی بوو؟

هەباس: تاوێکی تر دەچمە کۆشک و بەمیری میرانم دەڵێم.

زینۆ: تۆ... تۆ بۆ کۆشک! تۆ بۆ لای میر!

هەباس: بەڵێ من، ئەی بۆ نا؟

زینۆ: پیاوەکە بۆ خاتری خوا، تۆ جارێ باش بیری لێ بکەرەوە.

هەباس: زۆرچاک بیرم لێ کردۆتەوە، زۆر دڵنیام، لەوپەڕی هۆشمەندیدام، هەر چۆن دەزانم ئەمە قۆڵە براوەکەمە و، ئەمەی چەپیش نەبڕاوە... زینۆ، دەچم، پێی دەڵێم، ئەی میری میران...



## بینراوی ٢٦

### (ڕۆژە)

### (دیوانی میرە)

میر: ئادەی هەباس، دیمانەت بەخێر، باشی باش...

هەباس: لە سایەی خوا و سەری ئێوەوە، تابڵێی باشم.

میر: دەبێ چیت لە هەگبە نابێ، چ نهێنییەکە! بۆ دەبێ تەنیا خۆم بزانم.

هەباس: گەورەم وا پێویست دەکات.

میر: چی واپێویست دەکات، ئادەی قسە بکە، بابزانم... کەس نایەتە ژوورەوە.

هەباس: گەورەم نهێنییەکی، تابڵێی نهێنی، ناهەقمان نییە ئەگەر سڵ بکەینەوە و خۆمان بپارێزین، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە نهێنی گرێی بەهرەیە و بەختە.

میر: چاکە، هەباس پێویست بەدرێژەپێدان ناکات... وەرە ناو مەبەستەکەوە... بەبێ شێرەوبێرە و لێرە و لەوێ، ڕاستەوخۆ بدوێ. حەزم لە پێچەبەدەورە نییە... ئێستا تێگەیشتم دەتەوێ شتێکم پێ بڵێی جگە لە خۆم کەس گوێی لێ نەبێ... دەی...

هەباس: گەورەم میری میران نهێنی تا نهێنی کەوتووە، نهێنی هەیە بەتاڵبوونەوەی لە ئاشکرابوونی دایە و کوێرەوەریی گەورەی لە دوایە.

میر: ئێ دیارە، هەر شتێ ئاشکرابوو لە نهێنێتی دەردەچێ، ئەوسا پێی ناوترێ نهێنی.

هەباس: ئەو بنەماڵەیەی ئێمە بڕوامان بەدڵ خەبەردان هەیە، قوربان بەسەرم هاتووە و ڕاست دەرچووە، نەک جارێ دەیان جار، هەر کەسە و جۆرە شتێکی بەمیراتی بۆ ماوەتەوە، لە دەوڵەت لە سەروەت و سامان، لە زیرەکی، لە دەبەنگی... ئێمەش پێشبینی...

میر: ئێ... پاشان.

هەباس: میران، کەس لەو خوایە زیاتر دەیزانی ئەم هەوارە بەمەنزڵگەم دەبێ؟ منێک لە جەزیرە و چارەنووس لێرە، بەڵام لە خەوندا پێیان وتم... ئەو ڕۆژەش کە ئەم قۆڵەم لە دەست دا، دەمەو بەیان بوو بەئاگا هاتم و ڕووم لە زینۆ کرد، وتم لە سبەینێوە هەباسی یەک قۆڵم... زانیم کام قۆڵمە... کەمێک مات بووم پاشان وتم ئەگەر واش

دەرچوو ئەوە گوناهی کەسی تێدا نییە، قەدەر وای نووسیوە... وای ویستووە.

میر: ئەی ئەم دواپێزانینەت چییە؟

هەباس: سەبارەت بەپردەکەیە... گەورەم ئێستا یەک ڕۆشنی دەمژیێنێ، ئەویش پردە... پرد بەخۆم، بەگیانی خۆم دەزانم... ئەوەی بەشەو چەند جارێ لە خەون بەئاگای هێنامەوە هەر دووبارەبوونەوەی ئەمەبوو: حەوت کاسە شیری حەوت بزنەڕەش، کە تاریکی کرد و کەس بەدەرەوە نەما، ئەوجا بەسەر سەری پرددا بپژێنرێ و ئەو شەوەش تا سپێدە، نەپاسەوان، نەهیچ کەسێ بەدیارییەوە نەبێ، تەنیا ئەوەندەیە و سەروەری و شکۆداری بۆ میری میرانی مەزن.

میر: ئەدی ئەگەر وا دەرنەچوو... ئەدی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بەپێچەوانەوە کەوتەوە؟

هەباس: ئەوە قۆڵەکەی ترم... ئەوە سەرم... خوێنم حەلاڵی جەللادتان بێ... گەورەم ناحەز زۆرن... گەورەم بۆ خۆتان نازانی چەندن و لەملاو لەولا چۆن شیروتیرتان لێ دەسوون...

خوا پشتیوانتان بێ... خوا بیانگرێ خراپ چاویان تێبڕی بوون.

میر: باشە، تۆ فەرموو... هەباس ڕۆژێک دێ بەبێ ئەوەی پێی بزانی هەقی هەموویت بۆ دەکەمەوە... جارێ کەمێک پێویستم بەتاوتوێکردنی ئەو شتە هەیە... برۆ بەخێربچی... بڵێن ئیتر کەس نەیەت... تەنیا ڕەیحانی پیرێژنم بۆ بانگ بکەن... حەوت کاسە شیری حەوت بزنە ڕەشی... حەوت سپی حەوتی ڕەش... تەنیا مەگەر بەڕەیحان پیرێژنی تەلیسم شکێن هەڵبێ. ئەمە ماندووبوونی زۆری دەوێ... ئەمە هەروا، بەئاسانی هەڵنایەت و لێک نادرێتەوە... نابێ کەسیش پێ بزانێ، ئەمە گرفتە ئاڵۆزەکەیە، ڕەیحانی پیرێژن کە هات، باسی هەباس و مەباس ناکەم، هەمووشی پێ ناڵێم، دەڵێم دوێنێ شەو، دەمەو بەیان خەوێکی سەیرم دیوە، حەوت کاسەی لێوان لێو شیریان دایە دەستم... زۆرچاکە... ئەوسا ڕەیحانی پیرێژنیش دەکەوێتە ڕمڵ هەڵدان و شەش و بێش کردن و لێکدانەوەی... هاڕەیحانی پیرێژن چیمان پێی دەڵێی؟! ئەمەیان گرنگە.



## بینراوی ٢٧

**(دەمەو ئێوارەیە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

زینۆ: پێت دەڵێم، هەی ماڵوێران، هەی هەش بەسەرم، تۆ ئەمەت چۆن پێ دەکرێ؟ کوڕە پیاوەکە چیت بەخۆت کرد... کارێکی وات نەکردووە چارەبکرێ... بڵێ نەگبەت. تۆ بەتەنیا قۆڵێکەوە چیت پێ دەکرێ!

هەباس: کاتی چەند و چۆن و زۆر وتن نییە، ئەوەی بەدووقۆڵ دروست دەکرێ، بەیەک قۆڵ دەڕووخێنرێ. ئافرەت لەنێوانی دروستکردن و ڕووخاندندا، تەنیا کاتە، کات و ئەوەی بەساڵێک بنیادی دەنێی بەڕۆژێ وێرانی دەکەی... تۆ جارێ تەنیا ئەو شتانەی زۆر پێویستە... ئا لەو خورجەی بنێ. خێراکە ئەوەندە کاتمان بەدەستەوە نییە... ئەو پیک و تیشە و قولنگانەم بۆ لەو خورجەی تر بکە... یەک سەعاتی تر، هاوارە قووچی زۆزانی، دێت بەدواتدا و دەربازت دەکات، لە ئێستاوە، تا دەگەینە شوێنی خۆمان، تۆ ناوت سارایە، نەک زینۆ، بەناوی خێزانەکەی هاوارە قووچەوە، تۆ ناساغی بۆ سەر حەکیمی زۆزانت دەبەن... ئەو بەرماڵەش لە کۆڵت نێ...

زینۆ: ئەی تۆ؟ چۆن بەجێت بێڵم؟ ماڵ خەراب!

هەباس: لەمن مەترسە، هیچ دڵت لەلام نەبێ، هەر کۆشکی میرم بەجێهێشت، خەمی ئەسپێکم خواردووە بۆ ئەوکاتەی کارەکەم مەیسەر کرد، ئەسپە دێزە، هەر ئەوە نییە باڵی نەبێ... کوڕە کوێرەش ئەسپی وای بەژێر خۆیەوە نەبینیوە، دڵ لەدڵ نەدەیت... لە چاو ترووکانێکدا داروبەردی بەسەریەکدا دەڕووخێنم... هەر ئەوەندە چوارەم پایەم لەق کرد، ئیتر هیچی بەسەر هیچەوە نامێنێ... ئەوا دەڕۆم... هەر چەند هاوار تێشووی پێ دەبێ... ئەو ئەمە کاروپیشەیەتی، ڕیشی لە هەڵبەزودابەزدا سپی کردووە... بەڵام تۆ هەر پریاسکەیەک نان و پەنیر، ئەو باسووقەی کە ماومانە... ئیتر پشت بەو خوایە... زینۆخان، نا ببەخشە ساراخان خواحافیز...

زینۆ: ئەو خوایەی بەهانای لێقەوماوانەوەیە بەهاناتەوەبێ و چاوی خۆشەویستی و نەوا و بەزەیی لێتەوە بێ (دڵی پڕ دەبێ و فرمێسک دەڕێژێ).

هەباس: ئەوە دەگریت! کچێ ئەمشەو گرێی بەختمان دەکرێتەوە، شەوی بەیەک شەوەبوونە.

زینۆ: هەباس نازانم تابلێیی دڵم تەنگە...

هەباس: هەر تاوێکە، هەر ئەوەندەی سەرپشتی ئێسترەکە کەوتی ئەو دڵتەنگییە بەبای ڕێگاوە نامێنێ، نامێنێ... ئادەی سەیری هەباسی جوانبووەوەی خۆت بکە... هەر بەیادی ڕۆژانی جوانی (پێدەکەنێ) بەڵاگەردانی باڵات بم...

زینۆ: (بزە دەیگرێ) خوانەکات.

## بینراوی ٢٨

**(شەوە)**

**(شوێن پردەکەی زاخۆیە)**

ڕەنجۆ: خاڵە هەباس لەو شەوەوەی هاتوویتە ئەم هەوارە پشوویەکت نەداوە، بۆ خاتری خوا، تۆ ماندووی لە سبای صاڵحانەوە تا ئێوارە شان و قۆڵت کوتاوە... بچۆرەوە ماڵێ و پشوویەک بدە...

هەباس: کاکە برا ماندوونیم، بۆ لە ئێوە زیاترم، ئەوکاتەم پشوودان و حەوانەوەیە، کە لە نزیکەوە چاوم لە پردەکەیە.

مەمۆ: بابە ماندووی چی، ماشەڵڵای لێ بێ بەو قوڵنگەوە هەر دەڵێیی خانی لەپ زێڕینە... ئەرێ کوڕینە، با بەنۆرە وچانی بوو بدەین و سەرخەوێ بشکێنین... ماوەیەکە بۆ نەگبەتی، زۆربەشمان تووشی شەوکوێری هاتووین.

بابۆ: ئەوە بوویە چی دەوەن و دارە لێت دەبێتە تارمایی... (دەنگی ڕەشەبا)

ڕەنجۆ: ئەوا دووبارە ڕەشەبایە شوومەکە هەڵی کردەوە... کوڕینە هەریەکە شوێنی خۆی بگرێ، ئەوا منیش دەچمە شوێنی خۆم، با ئاگامان لە یەکتربێ... کوڕینە ئەو شەو شەوی کوڕی ئازا و جەربەزەیە... دەست مەپارێزن، شەوێکە و ئەمشەو.

هەباس: ڕەنجۆ، تۆ لە کوێ دەبی.

ڕەنجۆ: لە پاڵ گاشەبەردی داوێنی پردەکە

هەباس: منیش سەرپردەکەیان لێ دەگرم.

ڕەنجۆ: مەمۆ، بابۆ، قوتکەی پشت یاڵەکە چۆڵ نەکەن.

بابۆ: ئەی قوڵلەکە؟



ڕەنجۆ: سەرەک پاسەوانانی پرد، خەڵکی بۆ داناوە... ئێوە هەقتان بەسەریەوە نەبێ. هەر کەسە و ئەوەی پێی سپێرراوە.

بابۆ: ڕەنجۆ، تۆ لەبن پردەکە گەڕێ بۆ من، تۆ سەر قوللە کەوە، تا بەباشی ئاگاداری هەمووان بی... تکات لێ دەکەم... تابزانم بۆ، بۆتە کونەخێو... من دەچم.

ڕەنجۆ: مادام هێندە لەسەری سووری... باشە...

مەمۆ: هۆو... هۆو... ئەرێ ئەوە چییە؟

هەباس: ئەوە، منم... (پێدەکەنێ)... ... نەمردم بووم بەئەجندەش... (ماوەیەک بێدەنگی)، (لوورەی گورگ و دەنگەدەنگ و هەرا لەگەڵ ڕەشەبا و تاریکبووندا)

## بینراوی ٢٩

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(باخچەی کۆشکی سەردارە)**

نازەنین: نەت وت ئەو نامەیە چی تێدابوو؟

سەردار: دەیانەوێ ئەو بەری پردیش ناو ئابڵوقە نێن، بەڵام هەروا بەئاسانی بۆیان ناچێتە سەر.

نازەنین: لە خزمانی ئەو بەرەوە بوو؟

سەردار: بەڵێ لەوانەوە بوو... ئای ئەم پردە بۆتە تانەی سەرچاوی گەلێک. دەبێ دەرفەتێک، هەلێکی لەبار ببینینەوە، ئێمەش دەبێ کەلێنی گەورەتر، لێکترازانی زیاتر، شپرزە بوون، شەکەتکردن، دەبێ کاری خۆمان بکەین، دەبێ وایان لێ بکەین نەپەرژێنە سەر ئێمە، ئەوەی سووژنێکت پێدا بکات، دەبێ تەورێکی لێ بدەی، ئەمە سوننەتی شەڕە، یاسا بەیاسا، گورزێ بەسەد گورز...

نازەنین: بەڵام ئەوان گەلێک لە ئێمە زۆرتر و بەتواناترن، ناکرێ...

سەردار: هەر بەهێزیی ئەوانە دەبێتە مایەی بەهێزیمان... ئەوبەریش کەوتوونەتە خۆ... ئەوددەمەی ئاگر خۆش دەبێ، ئەوددەمە وادەی سووتانی داری گەورەیە... ئەوددەمە لابەلادا دەکەوێ... تا ئاگری کوورەش باش جۆش و تاو نەسێنێ، ناگاتە تینی ئاسن نەرمکردن...

نازەنین: پشت بەخوا.

سەردار: شتێک هەیە لە هەمووی گرنگتر، ئەوە لە نامەکەی ئەو ئازیزانەدا، بەچاکی ئاماژەی بۆ کراوە... دەزانی ئەو شتە چییە؟... ئەو شتە، ئەوەیە، خوانەکردە شکستی بێنین، تەفروتوونا دەبین. زۆر درەنگ خۆمان دەگرینەوە، یان هەر خۆمان ناگرینەوە. ئێمە ئەو شەڕە دەکەین، بەڵام ئەوان بەدڵ و گیانێکی جیاواز، هەر زۆر دوور لەو بۆچوونەی ئێمە، ئەوان وادێنە پێشەوە، ئەمە... (ئاماژە دەکات) بابێت، فەرموو، دڵمان لە ئاستی یەکتری پاکە، ئەم بەیانییە وتم دەنێرم بەدوای باپیرە ڕەنجۆی خۆماندا، یاخوا بەخێربێی کارێکی یەکجار گرنگم پێتە، بەخێربێی.

## بینراوی ٣٠

### (ڕۆژە)

### (کۆشکی میری سامانا)

میر: ئەمە کوێڕا پێیان زانی! خۆ هێشتا هیچ بەهیچ نەبووە! چۆن پێی زانرا؟! هەی هیچ و پووچینە، هەی بوودەڵەینە، هەی هیچ لەباردانەبووینە، هەی... باشە من چی بەو گەورە گەورانە بڵێم! ئەو پاشایانە هی پۆزش هێنانەوە و پاساودانەوە نین. باشە، باشە، ئەوا زانیمان، ئەوەی چاندمان هەر بەساوایی و سەوزەیی هەڵپرووسکا و لەوسەرەوە مایەپووچ دەرچووین، ئەرێ وەڵڵا قازانج سەری مایەی خوارد... شەرم مەکەن، لە شەرما نەماوە، بڵێین چووین بۆ سمێڵ ڕیشمان دانا، هەر ڕیش! بڵێین پرچ، برۆ، برژانگ... کار لە سەرزەنشتدا نەماوە، هەر دەبێ هەندێ بەپەندکەم، بەڵام کێن ئەو هەندانە، ئەوانەی بەدوور و نزیک گرتوونیەتەوە، ئیتر ئەم پریشکە بەزۆر کەسدا پرژاوە... ئای لە شار بەدەرکراوان! وای لەو خۆڵ و دۆبەسەردا کردنە و بەسواری کەرە شەلێکەوە و بەپشتاوپشت!... ئەی بەزمورەزمەمان بۆ منداڵە ورتکە سازکرد!... ئەوە چاوەڕوانی چین؟ ئادەی وەرن بەشەق بیانکەنە دەرەوە (دەستودایەرەکەی شپرزە دەبن).



## بینراوی ٣١

### (زەردەپەڕە)

### (دەری شارە، سەردار و یاوەرانی)

سەردار: یاخوا بەخێربێیتەوە، هەر زار بە مژدەبی، برایان ئەمەی براکانمان بۆیان کردووین، گاڵتە نییە، گەلێک مەزنە، ئەوەبوو من دەمویست و خولیام بوو. جەنگ پەرشوبڵاوکردنەوەیە ڕێگا لێگرتنەوەیە، پەنابردنە بۆ گشت کارێ کە نوشوستی بەرامبەرەکەی تێدا بێ. گرفت و گێچەڵ نانەوە، شپرزەکردن و سەرلێشێواندن.

باپیرە ڕەنجۆ: وەک جەنابتان فەرمووتان، ئەو دوو سنوور لێگرتنە، بەتایبەتی لەو قوڵانەوە، ئەوە مایەی هێز لێ بڕینیانە، قوربان بەوە پشتیان نەشکێ، بەهیچ شتێ ناشکێ، جەرگبڕە.

ئەحمەد: بەڕاستی برای تەنگانە بوون، چاک هاتوونەتە دەست و بەوپەڕی زیرەکانەش کاریان کردووە.

سەردار: خاڵە ئەحمەد، ئەمە وەک ئەوەیە، دوو دەستی پۆڵایینی خنکێنەریان لە بین نرابێ. باش بوو بەسەر نوقڵانەدا هاتن. باپیرە ڕەنجۆ براکانم، مەبەستم بوو، لەم شوێنە بەدیدارتان بگەم، بۆ ئەوەی هەندێ مشتومڕ هەیە، لەمەڕ بەرەنگاربوونەوەکە، تا لەگەڵتاندا بیکەم، ئێوە نوێنەرانی لەشکری گەورەی گەلن، هەر بەتوانای ئێوەش سەرکەوتن بەدەست دێنین. برایان، تەواوی نەخشەکانمان وەک چۆن دانراوە، ئاوا ئەنجام دەدرێن، بێ کەم و زیاد و شوێنی خۆیدا، تەنیا ئەوەندە هەیە، هۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە، ئەو دەستانە کە بڕیاربوو هەفتەی ئایندە بپەڕنەوە، دەبێ، وەک لە نامەکەدا هاتووە هەر ئەمشەو، پەنا بەخوا بپەڕنەوە، سبەینێ ئەوانیش دەپەڕنەوە هەر بەگەیشتنتان ئاگادارمان بکەنەوە.

باپیرە ڕەنجۆ: ئەی ئێمە، ئەمشەو بەڕێ ناکەوین؟

سەردار: باپیرە گیان، وا بەچاک زانرا دوای خەین، دەبوو، شوێن و کاتەکە بگۆڕین.

ئەحمەد: جەنابتان هەر لەسەر ڕایەکەی خۆتانن، ئەوەی سەبارەت بەپیر و منداڵ و پەککەوتووان؟

سەردار: بەهیمەتی برایان کەرەسە و گشت پێداویستییەکیان بۆ دابین کراوە، شوێن لە

ئەشکەوتە گەورەی ئەودیو چیا ئامادەیە. باشترە با کەس لە خەمی ماڵ و منداڵ و ئەواندا نەبێ و تەنیا بیری لەلای بەرەنگاربوونەوەکە بێ. هەمووانیش سەرپشک و ئازادن، ئەوەتا دەیان کیژمان هەریەکە، خانزادێکە و شێر و پڵنگ سڵێیان لێ دەکەنەوە.

پیرەکانیشمان سەد ماشەڵڵا، ئەو باپیرە ڕەنجۆ ئاسایانە خوا تەمەنیان درێژکا و بمێنن بۆمان، هەر یەکەیان سەرمەشقی سەدان کاوەی ئاسنگەرە.

## بینراوی ٣٢

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(دیوانی میری سامانا)**

میر: ئەو تەلیسمە، لەو تەلیسمانە نییە کە هەروا بەئاسانی بەتاڵ بێتەوە، مەگەر ئەستێرە و خۆر و مانگ ڕێگا بزر بکەن... ئەودەمەی خۆر لە ڕۆژئاواوە لێمان هەڵبێ، ئەی ئافەرین ژیر و بلیمەتان، سەدجار ئافەرین ئەی جادووگەرانی چل مەملەکەتان، ئەمەتان لەکوێوە هێنا، چۆن دەرکتان بەم گەنجینە بەم گەنجینە گرانبەهایە کرد، بەهەق گەنجینەیە، ئەوانە گرانترین و بەورشەترین دوڕ و گەوهەری تاجی نگینی مەزنترین شاهانی سەر تەختی بەخت و هات و دەسەڵاتن... تۆش ئافەرین میرزای یاوەر وەک دانی مار، وریا... ئەو نەخشەکێشانە... تۆ سەیرکە بەو هەمووە نەیانتوانی ڕێگا چارەیەکی ماقووڵ و مسۆگەر ببیننەوە... ها؟ یاوەر، لەوەدەچێ، شتێکت لە دڵدا بێ و بتەوێ بیڵێی؟ چییە بیڵێ، هیچ ڕووی داوە؟ هیچ بووە؟

یاوەر: هەرچەند هەرگیز حەزم نەکردووە جگە لە نوقلانە و مزگێنی، چ هەواڵێکی تر بهێنمە خزمەتی میری میران... بەڵام، دەڵێی چی! هێندێ جار چارت ناچار دەبێ.

میر: زوو بیڵێ، ئەم هەواڵە جەرگبڕە چییە!

یاوەر: تاوێ لەمەوبەر هەواڵێکی ناو زاخۆیان پێگەیاندم.

میر: دەڵێ چی؟

یاوەر: پێرێ شەو کاتێ (بابۆ)ی محەتەور، دەست بەکار دەبێ، (هەباس)ی قۆڵبڕاو پێدەزانێ و ئەوسا (ڕەنجۆ)ی سەرەڕۆ ئاگادار دەکا دەگەنە سەری. لەوەدا دەبێ هەرەس بەپایەی پرد بێنێ و خێرا دەستگیری دەکەن، گوایە، وەک ئەوان دەڵێن،



سەری گلۆڵەیەکی تەواو ئاڵۆزی ئێمەی داوەتە دەستیان... وەک دەڵێن، دانی بەهەموو شتێکدا ناوە... کەو لە تارمایی و شوێن حەشارگە و ئەوانەی تریشمان.

میر: خوا ئەوانەی ترمان بگرێ، دەبوو هەر ئەوانە دەستبەجێ بیانکوشتایە بەدانپێدانانەندا نەکەوتایە، ئەوا ئەو کاتە بەو ئاشکراکردنە نەدەگەیشت... ترسم لەوانی تریشە.

یاوەر: هیچ گومانی تێدا نییە.

## بینراوی ٣٣

**(بەیانییە)**

**(ماڵی هەباس – زاخۆیە)**

زینۆ: پیاوەکە شکور ڕووت خۆشە! هەر هی ئەوەی بەسر پێرێ شەوە؟

هەباس: ئەی ئەوە کەم بوو؟ ئەوە تەلیسمێکی بەتاڵ کردەوە، بەڵام چۆن تەلیسمێ... مەگەر ئەمە، هەقەوەسێنان بێ، جەرگی میری بڕی بێ...

زینۆ: جا تۆ بڵێی بەوە پشتی بشکێ و ببڕێتەوە، ئەم شەڕە لە بەرۆکی ئەم خەڵکە بێتەوە.

هەباس: بەوە شەڕ نابڕێتەوە، بەڵام شەڕەکە ڕاستە ڕێگات دەگرێ... زینۆ، ئەمە هەروەک ئەوە وایە، کاتێ بنیادنانی تەلارێکی گەورەم لە دەست دەگرت، هەر ئەوەندەم ناخۆش بوو، تا ئەم گەیاندە سەر ڕیزی لە ئاستی تەختی بەرزبوونەوە، ئیتر ڕیز بەدوای ڕیزدا جێگای خۆی دەگرت...

زینۆ: پاک و پیس دەرکەوت... بەڵام جنۆکەکان...

هەباس: زینۆ، باسی جنۆکەت کرد... ئەوە دوایی بۆت دەگێڕمەوە... باسی گورگەکان. ئەرێ چایەکە دەم نەبوو... ئەگەر بووبوو، ئەوا لەتە کولێرەیەکیشم لەگەڵدا بۆ بێنە... ئەوە منداڵ بووم شەوانە نەنە مینام... ڕەحمەت لە گۆڕی.

زینۆ: بووە... ئەوا دەیهێنم... بەڵام تۆش قسەکەت لە بیربێ...

هەباس: جنۆکە؟ یان...

## بینراوی ٣٤

**(شـەوە)**

**(بەر ئاگردانی شـەوانەی هـەباسـە بچکۆلـەیە)**

منداڵ: جنۆکە... نەنە مینا... وتت جنۆکە چووبووە سەر هەورە بانەکەیان؟

نەنە مینا: کامە... کوا جنۆکە؟... جنۆکەی چی! هەباسە گیان کەی باسی جنۆکە و هەورە بانم کردووە... کوڕەکەم، بابی بابەکەم، هەباس، جنۆکە نییە، ئەوانە جنۆکەی حەقایەتن.

منداڵ: ئەی نەبوو هاوین کە لەسەربان دەخەوتین، شەوی ڕەشەباکە، دەنگی فیکە و زیکە زیک لە چیغەکەوە دەهات... وتم نەنە، ئەوە دەنگی چییە! کەچی تۆ وتت (لاسایی نەنەی دەکاتەوە) بەشاقە هەباشە بخەوە ئەوە دەنگی جنۆکەیە.

نەنە مینا: هەی پێنەگەی، ئەوە لاساییشم دەکەیتەوە... کوڕەکەم بۆیە وتم جنۆکەیە بۆ ئەوەی بخەوی...

منداڵ: ئەمجارەش کە باسی ڕێگرە زلە ئازاکەت کرد، هەر وتت.

نەنە مینا: بابە گیان، ئەوە وتم کە ڕەشۆ چوار پەل قەوییان لە چوخمەکەی خوار ماڵی شێرۆ بەگەوە دایەبەر شیپەی خەنجەر و کوشتیان، خەڵکی تا ماوەیەک نەیاندەوێرا بەو چوخمەدا ڕابوورن، سام گرتبوونی... وەک ژێر چوخمەکە بووبێتە ماڵی جنۆکە، کوڕەکەم ئاوام وت.

منداڵ: باوکیشم دەیوت کە منداڵ بووم، ڕۆژێک پوورە عەواش چی پێ دەڵێن ئەوەی دەڵێن منداڵ دەخنکێنێ؟

نەنە مینا: شەوە، شەوە، وتیان بەدەرزی گرتبووی.

منداڵ: چۆن بەدەرزی؟

نەنە مینا: یەعنی نییە، ئەگینا ئەجندە بەدەرزییەک بگیرێ دەبێ چی لە باردابێ، ئەوەش دەرودراوسێ بۆیان هەڵبەستبوو، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی عەواشی خێر نەدیو.

منداڵ: ئەی باشە، نەنە گیان.

حەپسە: (دەنگ لە هەیوانەوە دێ) ئەرێ هەباس، ئاگری قودرەت نەبڕایەوە، مێشکی



سەری ئەو نەنکە بەستەزمانەت برد، ئەرێ نەبڕایەوە... دەخوا بکا هەبێ، بازەندەقت بچێ.

نەنە مینا: حەپسە کچەکەم لێی گەڕێ، منداڵە و پرسیار دەکات.

حەپسە: ئەوە منداڵە یا مەلابەزێن، ئەوە ئەگەر بەدەمیدا نەدەیت نایبڕێتەوە.

نەنەمینا: کوڕەکەم حەقایەت جیایە و ئەوەی هەیە جیایە، ئەوە بۆ خۆشی دەڵێن، گوایە...

حەپسە: دایە گیان لێی گەڕێ، خۆت بەچیییەوە ماندوو دەکەی.

منداڵ: بەجنۆکەوە، ئەی بۆ، بەحەمە شێتیان دەوت، جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە؟

حەپسە: دەڵێم سەر شووتی نەیبڕیتەوە، سەری زمانت داغ دەکەم. لەم نێرە بیدۆشییە گەڕێ ئاخر بڵێ تۆیەک هێشتا وەک سەرت لە هێلکە نەجووقاوە هەقی ئەم شتانەت چییە؟ نەسەلکە پیازی نەقنجکی سیر.

نەنە مینا: بابۆ هەباس گیان، ئەوە هەر بۆ حەقایەتە، بۆ خۆشییە؟

منداڵ: نەنە گیان بێدەنگ دەبم، حەقایەتی پردەکە بەچی گەیشت نەنەگیان بەساقەت بم.

نەنە مینا: کوڕە هەزار جار من بەساقەت بم، پردەکە، ئەو پردەی هەر دەیانکرد و دەڕووخا... ئینجا منداڵە عاقڵەکان دڵتان لەلای داپیرەی خۆتان بێ... هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە پێغەمبەر خۆشەویستتر نەبوو لە وەستا باشی وەستاتر نەبوو... لەم حەقایەتەش شیرینتر نەبوو... دەڵێن: شەوانە وەستا بەمەراقی پردەوە سەری دەنایەوە، شەوێ خەونێکی ئەوتۆی بینی لە خەو ڕای پەڕاند، ئازای ئەندامی وەک شۆڕەبی دەلەرزی.

حەپسە: دایەگیان، لە دەورت گەڕێم تەواوی مەکە منیش حەزدەکەم گوێم لێ بێ، ئەوا لە حاجەت شتن بوومەوە.

## بینراوی ٣٥

**(تاریک و ڕوونە)**

**(سـەر پردە)**

هەباس: دەبێ ئەو خەونە بە چ ئەنجامێ بگات... من نەزرم کردووە... تازە پاشگەز نابمەوە... پاشگەزبوونەوە، واتە سڕینەوەی بوونم، هەموو ئەوانەی بنیادم ناون... نەک هەر

خۆم... قیروسیا له خۆم... ئەو بنیادە هی هەمووانە هەمووانی پێوە پابەندە... تازە لەوە دەرچووە... ئەوا لە دوورەوە یەکێک... وا بەیاڵەکەدا سەرکەوت... سەگێکی لە پێشەوەیە... ئەرێ وەڵڵا بۆرەیە، ئەوا دەرکەوت، دەلالییە... خوایە سەگەکە پێش دەکەوێ، بۆ ئەوەی ئەو ببێتە قوربانی... ئەوە دەلال کەوتە پێشی... نەکەی... نا... خوا هاوار، خوا هاوار ئەو زوو دەگات... هەنگاوەکانی گورج کردەوە... ئەی ئەو نانەم بەژەهری ماربێ... ئای لەم گیرۆدەبوونە... دژوارە... دژوارە... سەختە سەختە،... خوایە زۆر ئاساییە و گەلێک لام ئاسانە، ئەگەر گیانی خۆم ببەخشم، بەڵام ئەو نەوبووکە نازدارەم!؟ قوڕ بەسەر خێزانەکەماندا دەکەم... ئەی ئەگەر وانەبوو... ئەوا قوڕ بەسەری خۆمان و هەمووواندا... دەلال بۆ پێش کەوتی؟... خوا هاوار... بۆ؟ ... بۆ؟ کچەکەم گەلێک سەختە ئای لە کلۆڵی و بەدبەختی.

## بینراوی ٣٦

**(شەوە)**

**(بەر ئاگردانەکەی ماڵی هەباسی بچکۆڵەیە)**

حەپسە: دایەگیان وا نەڵێی... (دەلال)یان لە دووتۆی پایە بڵندەکەدا هەڵبەست... توخوا دایە گیان؟

نەنە مینا: کچەکەم حەپسە، خۆ بەدەست من نییە، ئەوە حەقایەتەکە وا دەڵێ، ئەم حەقایەتە هی عەیامی ئێمە نییە، عەیامی کۆن، هەر کۆن سەدان ساڵ، بگرە چەند هەزار ساڵی لەمەوبەر... ئادەی حەپسە با ئاهێکت پێدابێتەوە، بچۆرە هەیوانەکە هەوایەکت لێ بدا و لەو سەریشەوە کاسەیە ئاوی گۆزە سوورەکەم بۆ بێنە... کچەکەم دەمم وشکە.

هەباس: نەنە جنۆکە کوشتی؟

نەنە مینا: نا ڕۆڵە گیان جنۆکە نەبوو... بەڕۆژی ڕووناک.

هەباس: باشە توخوا نەنە بۆ جنۆکە لە شەودا پەیدا دەبێ؟

نەنە مینا: ئەی باشە بۆ لە ڕۆژدا پەیدا نابێ؟

هەباس: بۆ؟



نەنە مینا: چونکە... نییە... نییە... نییە...، ئەو جنۆکانە نییە، نین.

حەپسە: دایە گیان خۆ تەواوت نەکردووە... فەرموو ئەو کاسەیەم لێ وەربگرە ئاوەکەت بخۆرەوە.

نەنە مینا: خۆش بی کچەکەم... دانیشە... لە دووتوێی پایەکەدا چاوی لێک نا و مرد، قۆڵی ڕاستی بەبازنی، شۆڕە شۆڕی بوو ——— لەو کەژانە گەڕابووەوە تەماعی کردە بازن و لە قۆڵی کردەوە... بازنەی لە دەست بەربووەوە... بەعەمری خوا، بازنە بوو بەدار هەنجیرێ، وادەی خۆی هات و هەنجیر چی هەنجیر! چەندی گرتبوو! چوار هێندەی گەڵای دار هەنجیرەکە... هەریەکە ئەمەندە، شیرین لە هەنگوینی چیا شیرینتر، کە پایز داهات خەزان و گەڵاڕێزان دەرهەقی نەهاتن یەک گەڵای نەوەری، ئیدی گەلێک پیرۆزتر بوو... بۆ خەڵکەکە دەرکەوت، هەر ئافرەتێکی نەزۆک، یەک هەنجیری لێ بخواردایە و ناوی دەلالی لەدڵدا بووایە، خوا کۆرپەیەکی جوانی پێ ڕەوا دەبینی. هەباس کە بووی بەپیاو و ژنت هێنا، لەو هەنجیرە بەژنەکەت بدە، ڕۆڵەیەکی چاکتان دەبێ، ئای کوڕەکەم بیرت نەچێ، ئەو ڕۆژە هەر دێ! ئای لەو ڕۆژە! کوڕەکەم هەنجیری ئەو دار هەنجیرەی من دەیڵێم دەست هەموو کەسێ ناکەوێ، ئەوەش کوڕی خۆی هەیە، گاڵتەت بەم قسە و وەسیەتەی نەنە مینا نەیەت، نەنە مینا لە گیرفانی کەواکەیەوە دەری نەهێناوە، دەبینی، هەر وەرزەکە دادێ، وەرزی پاش خۆیت پێدەڵێ، سەرما گەرمات پێدەڵێ، خەزان، وەرزی گوڵان.

## بینراوی ٣٧

**(ئێوارەیە)**

**(سەر پردە)**

هەباس: (دوور دەڕوانێ) ئەرێ کوڕینە ئەوە ڕەنجۆی کوڕەزای باپیرە ڕەنجۆ نییە؟

حەسەن: بۆ نییە؟ ئەها سەیرکەن هەر بەڕۆیشتنەکەیدا دیارە، گورج گورج بەڕێدا دێ، خۆ ماشەڵڵا باپیرە ڕەنجۆ، لەو تەمەنەیدا، هەرکە ڕێ دەکا، دەڵێی تیسکەی تفەنگە.

هەباس: خۆیەتی، یاڵەکە قەدبڕ دەکا. خێرە وا بەم ئێوارە وەختەیە بۆ ئێرە دێ؟

حەسەن: هۆو ڕەنجۆکە، هۆو لاوۆ قیتوقۆزەکە.

ڕەنجۆ: هۆو برا خاسەکە، کاکۆ حەسەن. (دێتە پێشەوە)

هەباس: وەرە، دیارە نوقڵانەیەکت پێیە؟

ڕەنجۆ: سڵاوی خواتان لێ بێ.

هەردووکیان: سڵاو، بان چاوان.

حەسەن: چییە ڕەنجۆ؟ چ ئاگری جگەرێ هەڵی گرتووی و بەرەو ئەم هەوارەی هێناوی؟

هەباس: کاکە حەسەن جارێ با کوڕەکە وچانێ بدا و کەمێک ماندوویێتی دەرچێ.

حەسەن: ئەوە کوڕەزای باپیرە ڕەنجۆیە ماندوویێتی نازانێ. ئێ حەوت برا بدوێ. باپیرە چی دەڵێ؟ چی دەڵێ؟ ڕەنگوڕووی چۆنە، لە ماڵ بوو؟

ڕەنجۆ: سوپاس بۆ خوا، چەند ڕۆژێکە تەواو دڵی خۆشە، بەزاتی خوا تەواو قیت بۆتەوە، ڕوومەتەکانی سوورەسوورییانە.

هەباس: ئەو دڵی خۆشبێ، واتە هەمووان دڵخۆشین.

حەسەن: دەبینم، پەیتا پەیتا خۆی بەگوزەری ئاسنگەران و شیرگەراندا دەکات، پێرێ لە چەقی بازاڕدا تووشی بووم، وتم ئەرێ ئەوە بۆچی دەگەڕێی؟ چیت بزرکردووە؟ پێکەنی و دەستی خستە سەرشانم.

## بینراوی ٣٨

**(ڕۆژە)**

**(چەقی بازاڕە)**

باپیرە ڕەنجۆ: هیچم بزر نەکردووە، مەگەر تۆم بزر کردبێ.

حەسەن: منیش ئەوەتام لە خزمەتدا، ئەی کەواتە بۆ وا سەرقاڵی و بەم شێوەیە خول دەخۆی؟

باپیرە ڕەنجۆ: حەسەنی تارژەن، سەرقاڵی کۆڕ گەرمکردن و بەزمی سەیرانم.

حەسەن: باپیرە، سەیران! گاڵتەم لەگەڵدا دەکەی؟

باپیرە ڕەنجۆ: تاری خۆت سازکە و هەقت نەبێ.

حەسەن: سەیرانی چی؟ سەیران بۆ کوێ؟ ئەم حاڵە و سەیران!

باپیرە ڕەنجۆ: ئا، کوڕی خۆم، سەیران، سەیرانی چی؟ سەیرانی وەرزی نوێ؟ سەیرانی



جوانان، سەیران بۆ کام کێوە بەرزە، ئەو شوێنەی هەموو ئەم ئاقارانەی لێوە دیارە، کوڕەکەم ڕۆژی ئەو سەیرانەیە، ڕەشبەڵەکێ بێ سەدان دەهۆڵی خۆشی تێدا بکوترێ و دەنگی دەهۆڵ بەدەهۆڵی تردا نەگات.

حەسەن: باپیرە گیان، پرسیارێکم هەیە.

باپیرە ڕەنجۆ: فەرموو، بپرسە.

حەسەن: ئایە دەتوانم هەواڵی ئەو سەیرانە بەدۆست و یاران بگەیەنم؟

باپیرە: بەگوێی هەموواندا، بەگوێی عەرد و ئاسماندا.

## بینراوی ٣٩

**(ئێوارەیە)**

**(سەر پردەکە)**

حەسەن: (بەدەم تارژەندنەوە ستران دەچڕێ)

(گۆرانییەک دەڵێمەوە... دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...

گۆرانییەک دەچریکێنم...

بەڕووی خۆردا...

بەڕووی دەشتی فراوانی بێ سنووردا

بەڕووی ئەو کەژە سەختانەی

لە بڵندی و سەرکەشیدا، سەریان لەناو هەورا تۆرا

دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...

بەپرچی خۆری نەورۆزدا، دەچمە ئاسۆ

نایەمەوە، نایەمەوە، نایەمەوە

هەتا وەکو، چەپکێ لالەی سووری ئاڵ ئاڵ

بۆ پەرچەمی دەزگیرانی خۆزگەی هەمووان نەهێنمەوە دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...)

ئەمەش لەبەر دڵی کاکە ڕەنجۆی ئاشق.

هەباس: هەر خۆم وتم، هاتنی ڕەنجۆ بێ مەبەست نییە، زانیم لە سۆمای چاوەکانیدا،

سوورمەی چاو کەژاڵێ پرشنگی دەدا.

حەسەن: ئەوە ئەشقە.

هەباس: کەواتە چاوەڕوانی خزمانی ئەوبەری!

ڕەنجۆ: بەڵێ وەستا گیان.

حەسەن: هەواڵێش تا هەواڵ کەوتووە، خزمیش، تا خزم کەوتووە.

هەباس: پیرۆزبێ، بەجۆش و خۆشییەکەتدا دیارە، خوا یار بێ، بەم زووانە دەممان شیرین دەبێ.

حەسەن: شیرین، لە شیرین شیرینتر.

جا وەرە، لەوبەرەوە بووکی خانومان بەسەر پشتی ماینە کوێتەوە و تارای سووری ئاسۆیی سوورمە چنی بەڕەنگی خۆری بەیانییانی سەرەتای هاوین و چەپڵەڕێزان و، بووکیان هێنا و هاتینەوە و پردی ئاشقان گوڵ ڕەنگە بەگشت گوڵی دنیا، هەر ئاشقە و گوڵ لەپەرچەمی یارەکەی دەدات.

هەباس: ئەوە حەسەنی تارژەنیش...

حەسەن: بەقوربانت بم، ئەوا، بەخۆی و دەستوپەنجەی ژەنین و تارەوە کلپەی ئاگرێکی بەشالاوە و، ها، ئێستا نا تاوێکی تر، دادەمرکێتەوە، وەرە حەسەنی دڵ بەهاری لە خۆشیاندا (دەست دەداتەوە تارەکەی) شامەرگ نەبێ.

## بینراوی ٤٠

**(شەوە)**

**(لەسەر تەختە بەندی نووستن)**

نەنە مینا: جا ڕۆڵە شیرینەکانم، منیش هاتمەوە و هیچیان نەدامێ... چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەر...

منداڵ: ئەوە چییە...، نەنە گیان، کوا! تەواو نەبووە. کوێرا!

حەپسە: دەکەواتە تۆ بۆی تەواوکە.

منداڵ: زۆری مابوو... ئەی ئەوانە چییان لێهات؟

نەنە مینا: کامانە کوڕەکەم؟



منداڵ: ئەوانەی کوژران.

نەنە مینا: بۆ بکوژرێن؟

منداڵ: ئەی تۆ نەتوت، ئەو شەوە سەر چیا هەرە بەرزەکە کەوتن...

حەپسە: چار نییە، هەر دەبێ بۆی تەواو بکەی... دایەگیان وتت، ئەوەی دەستی چەکی دەگرت و نەیدەگرت ڕووی لەو شوێنە کردبوو، کە دوژمنەکانی ئەو گەلە نیازیان بوو لە قۆڵەوە پەلاماریان بدەن.

نەنە مینا: هەمووان بەیەک ڕیز، ئەوە سالاری ئاسنگەر، کاکۆی جووتیار، سەرداری وڵات، پیر و جوان... هەر هەمووان کچ و کوڕ، کە سەرداری وڵات سەرنجی دا، لە ناخییەوە ئارەزوویەکی جوان سەری هەڵدا و ڕووی زاری تێکردن.

## بینراوی (٤١)

**(ئێوارەیە)**

**(سەرپردە)**

حەسەن: (تارژەندن بەردەوامە) ئای تارا شاباشی سەری پردە و پردیش پەلکەزێڕینە دەبەشێتەوە!... ئای لەو ئاهەنگی هەموو ڕەنگە! ئەوە هەر تارا، تۆ بگرە، سوور سوور، تۆخ تۆخ، کاڵ، پەمەیی، جگەری، شەرابی، خەنەیی، ڕەنگەکانی ڕەزانی کەژی هەوارە بەرزەکان... ئاڵ، ئاڵ، تابلێی ئاڵ، وەک، وەک چی؟ وەک ئەم دڵەی حەسەنی ئاشقی تارژەن.

هەباس: کەواتە، جوانترین هەوریی بەپەلکەزێڕینە چنراو لە ناوچەوانی یەکەم کیژۆڵە دەبەستریّ کە لە وادەی خۆیدا بگات.

حەسەن: ئای لەو بەخت و نگینە! دەبێ یاری چ خوا پێداوێک بێ؟... دەک ئەو بەختە نەسووتێ.

هەباس: پیرۆزبێ.

## بینراوی ٤٢

**(ئێوارەیە)**

**(سەر چیایە)**

**(هەمووان ئامادەی بەرەنگاربوونەوەن)**

ئەحمەد: کورینە سەیری حەسەنی تارژەن بکەن، سەیری کەن چەند دەماغ بەرزە، زەوقەکەی لەوەدا نییە!

باپیرە ڕەنجۆ: کاکە حەسۆ، ئەمشەو شەوی چ ئاواز و لاوکێکە؟

حەسەن تارژەن: باپیرە گیان، لە عەسرەوە لاوکی داستانەکەی قەڵای دمدم لە سینەمەدا کلۆکەفیەتی و خەریکە سەر گەرووم کوێ و لە کەللەمەوە باڵ بگرێ.

باپیرە ڕەنجۆ: حەسۆ گیان، کاتی هاتووە، ئەی نەتبیستووە دوازدە سوارەی مەریوان، هەر بەتەپڵی سواری دوازدە لەشکریان شکاند و هەڵیان برین... بزانین تارەکەی تۆ چ دەردێکیان دەداتێ.

حەسەن تارژەن: فەرمانتانە، ئەمە من و ئەوەش لاوکی داستانەکەی دمدم: (دەست بەژەندن و ستران وتن دەکات)

گەلی برادەران، یاوەر و یاران.
نە ستران دەمرێ، نە داستانەکان
نە خەون و خۆزگەی دڵی دڵداران
باڵی ئارەزووی مەلانی گیانن
هەرگیز نامرن، وەکو ژیانن دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...

سەردار: ئای دەنگت نەڕزێ، هەر خۆشبی، ئەی حەسەنی شاهنشای تار، براکانم، وابزانم ئیتر وادەی ئەوە هاتووە شوێنی خۆمان بگرین و دامەزرێین، حەز دەکەم ڕازێکی دڵی خۆمتان بۆ بدرکێنم! کاتێک دەبینم هەمووان بەپەرۆشەوە دەستەوملانی چەکی برواتان بوون، وەک ئەو دڵدارانەی ساڵەهایە بەئومێدی پێک شادبوونەوە دەناڵێنن و لەپڕا بەخۆشی ژواندا دەکەون. لێتان ناشارمەوە، تا ئەم ئێوارەیە هەر گرفتاری دڵەڕاوکێ و جۆرە ترسێ بووم، بەڵام کە ئێستا ئەو پیرە جوانانە دەبینم چوونەتەوە



هەڕەتی گەنجی وەک باپیرە ڕەنجۆ و خاڵە ئەحمەدی گورگ خنکێن و وەستا شاسواری پیرە ئاسنگەر، کچ و کوڕ، یار و یاوەران، دڵخوازان... هەباسی جەزیری بەیەک قۆڵەوە، ئەم بڕوا و گیانفیداییە خەم و ترس و دڵەڕاوکێی پێکردم بەدڵنیایی سەرکەوتن، نۆرەی لاوکە، لاوکێ سبەینێ بخوێنیتەوە، ئەو سبەینێیەی بەمان و نەمانییەوە هەر هی ئێمەیە. (دەنگی لاوک)

## بینراوی ٤٣

**(ڕۆژە)**

**(بازاڕە)**

**(هەراوهۆریا و قەڵەباڵغییە)**

غەریب: ئەو خەڵکە بۆ ڕژاونەتە ئەم چەقی بازاڕەوە! چی بووە؟

کەسێک: چۆن نازانی! کوێندەریت؟

غەریب: غەریبم بۆ سۆراغی کارێکم هاتووم.

کەسێکی تر: ئەوە چی دەڵێ؟

کەسێک: دەڵێ چی ڕووی داوە؟

غەریب: نازانم لەلایەکەوە گوێم لە دەنگی تەپڵی سواری و سەرکەوتنە، لەلایەکەوە شین و شەپۆڕە.

کەسێکی تر: جەنگاوەرەکان بەدڵی خۆش گەڕاونەتەوە.

کەسێک: خەڵکینە، تۆزێکی تر کەژاوە ڕوو لە پرد دەکات.

غەریب: ئەوە تاتەشۆر دەبرێ و ئەوە دارەمەیت بەسەر شانەوەیە! ئەوە...

کەسێکی تر: هەرگیز ئەم شارە ڕۆژی وای بەخۆیەوە نەدیوە.

کەسێک: داخم ناچێ بۆ ئەوانەی بەم ڕۆژە نەگەیشتن، ئای وەستا هەباسی جەزیری و داخ بۆ ڕەنجۆی ڕەنجۆ زادەی ئاشق! داخ بۆ ئەو هەموو ڕۆڵە چاکە!

کەسێکی تر: براکەم داخی ناوێ، ئەوانە بۆ ئەم ڕۆژە ژیان و بۆ ئەمڕۆژەش مردن.

## بینراوی ٤٤

(شـەوە)

(سـەر تەختەبەندێکی خەوتنە)

نەنە مینا: هەر لەسەر داوای خۆیان، بزانە ئەو شوێنەی کە وەسیەتیان کردبوو تێیدا بەخاک بسپێررێن، ئەو شوێنەش نێوانی پایەی ناوەندی پردەکە بوو، لەوێدا، لەوێدا لە دووتوێی پایەدا هەڵبەستران.

مندالّ: ئەی لە جنۆکەکان نەدەترسان؟

حەپسە: دایەگیان تێبگەیەنە، ئەو جنۆکانە کێ بوون و کێوە چوون؟.

نەنە مینا: ئەوانە نەمان. ئەو جنۆکانە وەک گورگە دووپێیەکان بوون، ئەمانیش جنۆکەی لەوانەی ئەوان تۆقێنەرتریان بۆ پەیداکردن.

## بینراوی ٤٥

(بەیانییە)

(ماڵی هەباسە)

(سەردار و چەند کەسانێک لە سەردانی زینۆدان)

سەردار: خوشکە شیرینەکەم خاتوو زینۆ، هەباسی ڕەحمەتی هەر لە تۆ نەڕۆیشتووە، لە هەمووان، لە من بەر لە گشت کەسێ، هەر کەسەش لە ژیاندا بۆ هێنانەدیی هیوایەک دەژی، هیوا تا هیوا کەوتووە، هیوای مەزن و پیرۆز هەیە، کە هێنانەدیی ئەو هیوایە، هەر مان خەڵاتی خاوەنەکەی دەکات.

زینۆ: گەورەم، هەر ئەو بەیانییە دڵی خەبەری دابوو، هیچ کاتێ هێندە بەگوشادی نەمدیبوو، دەیزانی بەکێوی ئاواتێکی گەورەی تەمەنیدا هەڵدەگەڕێ.

سەردار: هەڵگرا و بەئاوات گەیشت، گەیشت، ئەو پردی ئاواتەی هاتەدی.

زینۆ: (دەگری) هەر ئەو بەیانییە دیاربوو نایەتەوە...



## بینراوی ٤٦

(بەیانییە)

(ماڵی «هەباس»ە)

هەباس: ئافرەت تۆزێ پەلە بکە، درەنگمە، بۆ سەرکار دەچم، یەک دوو نان و سەلکێ پەنیرم بۆ لە پریاسکەکە بکە... لەوە دەچێ زۆر دواکەوتبم، ئەوا خۆر لە دالانەکە دەدات...

زینۆ: ماوەیەکە گورجوگۆڵ دێیتە بەرچاوم... بێ چاوێنی بی...

هەباس: زینۆ: ئەوە بۆ چەند ڕۆژێک دەڕوا، هەست بەشتێکی سەیر دەکەم... بڕوا بکە هەست بەگەنجبوونەوە دەکەم... باکم نییە و وا دەزانم قۆڵە براوەکەم هاتۆتەوە جێگای خۆی... بازوو، مەچەک، پێنج پەنجەی پتەوتر، زۆر بەهێزتر خوا یاربێ ڕۆژانی خەم و تەنگانە رووی لەبەسەرچوونە... ئەها لە ئاسمان بڕوانە، خۆر، خۆری ئاسمانیش، لە ڕۆژانی پێشوو بەتینتر و رووناکترە... لە هەر تالێکیدا، لە گزنگێکدا هەزارویەک ڕەنگ سەما دەکا و گۆرانی دەڵێ... زینۆ خانەکەم هەست دەکەم، لەو دنیا فراوانەدا کەساسی، پەستی، نەدار و کڵۆڵێکی تێدا نەمابێ... لە هەر شتێ بڕوانم گوڵ ڕەنگە و خەندەم بۆ دەکا... ئەڵڵا... لە ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ.

زینۆ: ئەی من چۆن دەبینی

هەباس: تۆ لە هەموو کیژانی، ئەوەی بووە و ئەوەی هەیە و ئەوەی دەبێ شۆخوشەنگتری... دەلالتری شیرینتری.

زینۆ: هەباس، لە گاڵتە دەرچێ، ئەمڕۆ لاوک قسە دەکەی؟!

هەباس: هەر لاوک، کچێ لە ناخمەوە حەزێکی نوێ سەری هەڵداوە... زینۆ... وەرە پێشەوە گوێت بێنە قسەیەکی خۆشت پێ دەڵێم... مزگێنییە... مژدەت بدەمێ... کوا؟

گوێت (گوێی لە زاری هەباس نزیک دەکاتەوە)

زینۆ: هەنجیرەکەی دەلال!

هەباس: ئەو هەنجیرە هەرە شیرینەی نەنکم لە حەقایەتەکدا باسی دەکرد و هەموو جارێ دەیوت، لەو هەنجیرەی بۆ پەیداکە، ڕۆڵەیەکی چاوگەشی جوانی دەبێ... ئەم زووانە

هەنجیرەکە پێدەگات، ڕۆڵەیەکی زیت و زرنگ... هەباسێک سەرلەنوێ، بەڵام بەبێ ئەشکەنجە... هەباسێک زۆر لە من دەست ڕەنگینتر... زینۆ پیرۆز بێ... هەباسی بەکامی دڵ بەختیار بێ...

زینۆ: هەباسە، بەقسەی تۆ بێ، هەر لەمڕۆوە مشووری لانکی بۆ بخۆین.

هەباس: نەک هەر لانک. لای لایەیەک، باسی خێو و دێو و درنجی تێدا نەبێ: گورگانە شەویش نەبێ، چونکە باسی گورگی تێدایە...

زینۆ: دەبێ چۆن لایلایەیەک بێ!... باس چی بێ؟

هەباس: ئەوەی هەباس و زینۆ و ئەو خەڵکە، لە تالآوی ڕۆژگارەکەیاندا، شیلەی هەنگوینی سبەینێیان هێنایەوە...

زینۆ: ئەڵڵا، ئەڵڵا... هەباسە بچکۆڵە... بابی بابەکەم...

هەباس: ئەی بەقوربانی بم (وەک لەگەڵ کۆرپەکەیدا بدوێ) بڗ، بڗ، بڗ... ئادەی سەیری بابە بکە... گیان، گیان، ئادەی بۆ بابە پێکەنە... ماشەڵڵا، ماشەڵڵا... ئادەی زینۆ، هەباسەکەم بەرێ با پێش ئەوەی بڕۆمە سەر کارەکەم، تەنیا ماچێکی بکەم کەمێک بەکامی دڵ بەدڵمییەوە بنوسێنم... ئادەی بابە، بابە ئۆخەی...!

زینۆ: هەباسە گیان، دەی تاوێ بچۆرە لای بابە هەباس حەزدەکا ماچێکت بکات (دەست دەبات خورجی کەلوپەلی کارەکەی دەداتە دەست).

هەباس: (بەسینگییەوەی دەنووسێنێ و ماچی دەکات) هەباسە، هەباسی، هەباسۆ حەوت برامە... ئۆخەی، کاکۆ گیان، نەمردم و دڵم ئاوی خواردەوە، ئای لەم ڕۆژە جوانە!!.

(کۆتایی)

## کۆتەڵە شانۆیی

# کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف

زستانی ٢٠٠١ هەولێر

- لە گۆڤاری (سینەما و شانۆ) ژمارە (٩)ی ساڵی سێیەم، شوباتی (٢٠٠١) بڵاوبۆتەوە.
- لە ڕۆژانی ١٢، ١٣، ١٤/٦/٢٠٠١ لەسەر شانۆی گەل لە هەولێر نمایش کراوە.
- لە ڕۆژانی ٩، ١٠/٧/٢٠٠١ لەسەر شانۆی ڕۆشنبیری لە سلێمانی نمایش کراوە.
- هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش دەرهێنەری بووە.
- لەلایەن K. TV ئاسمانییەوە تۆمارکراوە.



کەسەکان:

ئەحمەد بەگ

گوڵخونچە

هیوا

باوەڕ

پوورە ڕەعنا

مام ئەوڕەحمان

مارف

میرزا فەرەج

دادوەر

پارێزەر

بانگکەری دادگا

دەمامک پۆشی (١)

دەمامک پۆشی(٢)

دەنگەکان: لەگەڵ کەسانی دی کۆتەڵ گێڕ

(کەسەکان بەداهۆڵ و بەیداخ و چەشنەها دەمامکی گەورە گەورەی ڕەنگاوڕەنگەوە و کەلوپەل و کەرەسەی جووتیارییەوە و، بەشین واوەیلاوە دێنە سەر شانۆ)

هەمووان:

ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ
ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ
عەشرەت هاوارە... کوڕگەل هاوارە
ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ
شۆڕە سوارەکەی عێلی جافم ڕۆ
ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ

کۆتەڵ ساز: خۆش هاتن، بان دیدە هاتن، دیمانەتان بەخێر. ئێمە ئەندامانی تیپی کۆتەڵ ساز ئەمانەوێ کۆتەڵ بۆ ئازیزێ سازکەین، کە ساڵی (١٩٣٥) لە هەڕەتی گەنجییا لە کەناری ڕووباری سیروان و لە داوێنی کەژی نەوەردا شەهیدکرا، بەڵێ شاعیری نیشتمانپەروەر و ئاواز زرنگ ئەحمەد موختار جاف، ئەبێ بپرسن بۆچی ئەمڕۆ کۆتەڵی بۆ ساز ئەکەن؟ ئێمەش دەستەی کۆتەڵ سازان، ئەمانەوێ وەرامێکی دروستی ئەو پرسیارە ڕەوایەتان بدەینەوە، دەسا فەرموون کۆتەڵە.

هەمووان: وای وای، وەی وەی، واوەیلا...

دەنگ: هەی ڕۆ، هەی ڕۆ، کوژرا، کوژرا...

مێردمنداڵ: کوژرا، کوژرا! کوژراوەکە کێیە؟!

هەمووان:

«دیسان فەلەک ئەم داخە چبوو نای بەجگەردا؟
ئەم ئاگرە چی بوو لە دڵی عالەمی بەردا؟
دیسان چییە ئەم شۆڕە لەناو کوردی جیهاندا
عالەم هەموو غەرقە لە قوڕ و شین و چەمەردا» (١)

قوتابی: بەڵێ (حسێن)ی کوڕی (مەنسووری هەللاج) لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی



کۆچیدا هاتۆتە دونیاوە و لە هەرزەکارییەوە ڕووی لە دەرووی سۆفیگەری کردووە و گەیشتۆتە پلەی ڕابەری باڵا.

هەللاج: دادوەران، برسێتی و نەبوونی، ڕووتی و ڕەجاڵی نییە، گەر هەژاری قەناعەتی لەگەڵابێ، ئەو ئەوپەڕی دەوڵەمەندییە، هەرچۆن دەوڵەمەندی بێ قەناعەت سواڵکەری و ڕیسواییە. هەژاری ئەڵێ: ڕقتان ئەستوورکەن.

دادوەر: لە من وابوو پاشگەز ئەبێتەوە، بەڵام لە پشت و ناواخنی وشەکانتەوە سەرپێچی جاڕ ئەدات و هاوار ئەکا.

هەللاج: ئاشکرایە و هەرگیز ناتوانم نکوڵی لە ڕەوا و ڕاستی بکەم، ئامۆژگاریتان ئەکەم خۆتان گێل و چەواشە مەکەن، دیارە پەتا و درمەکەی سوڵتانیش ئێوەشی گرتۆتەوە.

دادوەر: چۆن وا بەبێ بایەخانە ناوی سوڵتان ئەبەی؟ سوڵتان سێبەری سوڵتانی خوایە لەسەر ئەرز.

هەللاج: خوا لە ئاسمان و لە ئەرز هەر خۆی سوڵتانە پێویستی بەو سێبەر و سایەیە نییە، حەقیقەتی منیش لە کێشەی عەشقێکی دێرینەوەیە کە ساڵەهایە بۆی ئەسووتێم و لە کوورەی کۆڕی ئەو سووتانەدا قاڵ بووم و گەیاندمیە پلەی کەماڵی عەشقی خوا، ئەوەتا خۆم لە بوون و ناخی ئەو ئازیزەدا تواندۆتەوە.

دادوەر: بەسە ئەی خوانەناس، ببڕێتەوە.

قوتابی: ساڵی (٣٠٩)ی کۆچی و لە دواین لێپرسینەوەدا، دادگا بڕیاری مەرگی دا.

هەللاج: ئەی ئەوانەی ڕەوا بەناڕەوا دەرەتێن، منم کوڕەکەی مەنسووری هەللاج، ئەوا بەسەر تانوپۆی لاشەی کەوڵکراومەوە هەڵئەکشێم، باڵی بەرزفڕی حەز و خۆزگەکانم سینەمی بۆ سەر دوائاسمانی ئۆخەی و دڵنیایی سەرفرازی دەبات. ئێوە نەتانتوانی بەسەر بەندەیەکی خاکی و ساکاری هەژاردا زاڵبن، چونکە ئەو بەسەر ترس و بیما زاڵ بوو، منم ئەوکەسەی لە نەمانیا بوونی چنگ کەوت، چاک بزانن بڵێن و نەڵێن، تەنها یەک وێنە ئەژی و ئەمێنێ ئەویش خوایە و تەنها خوا.

هەمووان: کوژرا... بکوژەکان چاویان سوورە... بکوژەکان گورگی هارن، بکوژەکان لێرەن لەوێن، لە ناوەوەن، لە دەرەوەن... بکوژەکان...

(ماوەیەک بێ دەنگی)

(دەنگی پەیتا پەیتا لێدانی دەرگا)

پوورە ڕەعنا: خوایە خێربێ، کێ بێ؟! بەم درەنگ وەختا؟ میوان و ئەم ناوەختە! کاتی ئەوە نییە، مەگەر... مەگەر... کێیە؟ هاتم وا هاتم.

گوڵخونچە: پوورە ڕەعنا، لە خۆتەوە دەرگا مەکەرەوە جارێ بابزانین کێیە، ئەوسا... پوورێ کێ ئەڵێ...

پوورە ڕەعنا: کچم ئەوە خەریکە دەرگاکە لە گرێژەنە ئەبا، ئا ئەو چرایەم بەرێ...

گوڵخونچە: ها پوورێ گیان، بەڵام...

پوورە ڕەعنا: خوایە، چ ڕۆژگارێ تێکەوتووین! وەرە نەوێری دەرگا، دەرگا بکەیتەوە... ئێ، ئێ، تۆ کێییت؟

(دەرگاکە ئەکاتەوە) ئەمە تۆی مارف، کوڕەکەم دەڵم هەزارویەک ختوورەی کرد، بەخێربێی، وەرە ژوورەوە.

مارف: پوورێ گیان، درەنگە، ئەبێ زوو بڕۆین، تخوا عەول ئاگادارکە، کات بەدەمیەوە نەماوە، پوورێ گیان، ئەبوو زوو بمانزانیایە، ئەمە زەنگە، زەنگ ئەزانی... ئەحمەد بەگ، ئەحمەد موختار جاف...

پوورە ڕەعنا:

نەڵێی، دەک کوێربم، کەی، لە کوێ؟

(تاریکی)

دەمامک پۆشی (١): دەنگوباس چی بوو؟ خەڵکەکە چی ئەڵێن؟ ها؛ هیچ، هیچ ناڵێن، چۆن چۆنی باسی لێوە ئەکەن.

دەمامک پۆشی (٢): هەزارویەک لێکدانەوەیان هەیە، دوژمنایەتی بووە، یان هەندێک پەنجەی گومان بۆ ئەوان ڕائەکێشن...

دەمامک پۆشی (١): ئەوان! کامە؟ کام ئەوانە؟ کەمێ بەڕوونی بدوێ، بابزانم، ئەڵێم کەس، کەس بە کاری کابرای زانیوە؟

دەمامک پۆشی (٢): قوربان هەر ئەو شەوە مارفی کاکەسوور خۆی گەیاندۆتە ئەو ماڵە کە ئێوە باستان ئەکر، ئەوەی وتتان ئاگری بنکایە...



دەمامک پۆشی (١): ئێ. ئێ، بڵێ گوڵخونچە نازەنینە بەردڵانەکەی شاعیر، ئەوەی گومانی لێ ئەبێتە ڕاستی و ڕاستی لێ ئەبێتە گومان. ئەوساکە زۆرچاک ئەزانرێ کێ مرخی لێ خۆش کردووە... ئەم هەویرەش هەر ئاو زۆر ئەکێشێ و باش ناکەوێتەوە.

دەمامک پۆشی (٢): زۆر تەواوە، فەرموودەتانە.

دەمامک پۆشی (١): هەرکاتێ ئاگرت کوژاندەوە، تا لە خامۆشی ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشەکەی دڵنیا نەبی لێی مەگەڕێ و وازی لێ مەهێنە. بەڵام بەهەرحاڵ گرفت بەپەستاوەی گرفتی تر لەسەری. وەک ئەو پەڵە هەورانەی لێ دێ کە لە خەستبوونەوەیدا ناسک ئەبێتەوە و بەرگەی شنەبایەکی فێنک ناگرێ و دائەبارێ.

دەمامک پۆشی (٢): گەورەم، بڵێین و نەڵێین، ئەوە خەڵکەکە ئەهەژێنێ.

دەمامک پۆشی (١): ئەزانی هەر هەژاندنە هێدی کەرەوەی خۆی هەیە، بەڵام ئەبێ، هەرچییەک کراوە نەهێڵرێ نامەنووسەکە بناسرێ، بۆ ئەوەی شوێن دەرچە گوللەکەش نەناسرێ، هیچ لەوە سڵ ناکەمەوە کێ ملی یاخیبوون و سەرکەشی ئەگرێ، خوای ئەکرد، چی چڵە دەوەن هەیە ئەبوو بەتفەنگ.

(تاریکی)

ئەحمەد موختار:

«لە خەو هەڵسن، درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن، ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بەگورجی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە» (٢)

هەمووان:

«لە خەو هەڵسن، درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە»

هیوا: ئەحمەد موختار جافی شاعیر، لە ڕۆژی (٥)ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی (١٩٣٥) لە گوێ ئاوی سیروان و بەدەستی نەناسراوێک شەهیدکرا، لە خەمخۆرانی شاعیر وتوویانە:

باوەڕ: لەبەر خەبات و بیری ئازادیخواز و گیانی نەتەوەیی «لە حوکمی عەهدی بائیدا، لەلایەن ناپاکانی ئەو عەهدەوە شەهیدکرا».

قوتابی: (کەمالی)ی شاعیر دیوانی ئەحمەد موختار جاف سلێمانی، ساڵی (١٩٦٠).

باوەڕ: «بەگوللەی تفەنگێ دەستێکی پیس لەسەر ئاوی سیروان کوژرا و جوانەمەرگ بوو».

قوتابی: سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، لاپەڕە (٥٤٥).

باوەڕ: «لە ساڵی (١٩٣٥) بەدەست تاوانبارێکی دەست ڕەشەوە، لە ئەنجامی گەلێ بروبیانووی ناشایستەوە دەستڕێژی لێکراوە و دەروازەی ژیانیان کلیل و کلۆم داوە».

هەمووان: دەروازەی ژیانیان کلیل و کلۆم داوە.

قوتابی: ئەمەش ڕای مەحموود زامدارە، لە ژمارە (١٧)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ساڵی (١٩٧٤)دا بلاوکراوەتەوە.

باوەڕ: جا ئەگەر هەر بەرێزێ ڕا و زانیارییەکی دی هەیە با بفەرمووێ، باسەکەمان کراوەیە ئەگەر ڕای تر نییە؟ ئەم ڕایەش هەیە.

قوتابی: ئەوەتا مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئەفەرمووێ: «لەسەر ئاوی سیروان لەلایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژراوە» پیرەمێردیش لە ڕۆژنامەی (ژین)دا فەرمووی:

هەمووان: (لەسەر ئاواز)

«دوو مەسرەع، یەکەم کەیخوسرەوانی
دووەمیان خاڵی ڕووی ئەردەلانی
بووبوو بەشیعری جوان و نەوجەوان
دریغا فەلەک خستیە ناو سیروان»(٣)

هیوا: دیارە، مامۆستا کوردۆ بەخۆڕایی ئەم بابەتی کوشتنی شاعیرەی بۆ ڕاپۆرت نووسین بۆ دەستنیشان نەکردووین، بەتایبەت، بینینەوەی هۆکاری سەرەکی لەناوبردنی.

باوەڕ: باشە، ئەوەندە ساڵە ئەحمەد موختار جاف شەهیدکراوە، بۆ ئەبێ ئەمڕۆ هۆی کوشتنەکەی بزانین؟!



هیوا: زۆر ڕاستە، بەڵام ئەمەش پەیوەستی جۆرە ئەگەرێکە، ئەگەری کوشتنەوەی لەمڕۆ و لە ئایندەدا، جارێ با لەوە گەڕێین، فەرموو لەم سەرچاوەیە بڕوانە، ئەها ئەوەتا لە لاپەڕەی (١٣٤)دا وا ناڵێ...

باوەڕ: دیارە بەمەبەستی شوێنە ونییە، ئەوەتا ئەم لاپەڕەیەشی گرتۆتەوە، باشە هیچ حەرفێ بێ مەبەستێ دەنووسرێ؟ بێگومان نەخێر، باشە بۆ ئەم شێرە و بێرەیەی پێ ئەکرێ؟

هیوا: ئەی کەواتە ئێمە بۆ کۆتەڵ ساز ئەکەین؟ ئەم زیندووکردنەوەیە، ئەبێتەوە بەباشترین سەرچاوەی باسەکە، چونکە شایەتە زیندووەکان بەڵگە زیندووەکان ئەخەنەوە ڕوو، دوێنێ لەمڕۆدا سبەینێی لێوە ئەبینرێ.

باوەڕ: مەبەست؟ هەنووکە چی بکەین؟ هەنگاوی یەکەممان؟

هیوا: گەڕانەوە بۆ دۆسییەی کوشتنەکە، دۆسییەی کێشە و دادگا.

باوەڕ: ئەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵ...

بانگکەر: دادگا... دادگا

(هەمووان هەڵدەستن)

دادوەر: بڕیارمان دا دۆسییەی کێشەی کوشتنەکەی ئەحمەد موختار جاف تا کاتێکی دیاری نەکراو دابخەین و کۆتایی بەدانیشتنەکە هات.

هیوا و باوەڕ: کۆتەڵ بەردەوامە، کۆتەڵ بەردەوامە لەو دەمەوە بۆ ئەم سەردەمە

هیوا: ئەو دەمە

هەمووان: ساڵی (١٩٣٥)ە

باوەڕ و هیوا: ئەمڕۆکە... واتە (مێژووی ڕۆژی نمایشەکە ئەڵێن لەگەڵ ئان و کاتژمێردا)

هەمووان: ئێمە خوێنی بەناهەق ڕژاوی ئەو یارە هەڵیگرتووین... خوێن... خوێن... خوێن

قوتابی: زیندانەکان جەمەیان هات... هاوارێکی گراوی بوو... دیواری ڕەق، ڕەقوتەق و زەبەلاح دونیای دیوار، چوار وەرزی ساڵ، دیار و شوێن و کات و ڕۆژژمێر بوو، دیوار...

هەمووان: دیوار، دیوار، دیوار

قوتابی: لەسەر ئەم دیوارە بەنینۆک نووسراوە...

هەمووان: دیواریش گیرایەوە.

هۆمەر: دایکە گیان، چۆن بوو هاتی؟ چۆن گەیشتی؟ دایکە گیان، ئازاری زۆرم چێشتووە، ئەشکەنجە نەماوە نەمدەن، ئەمڕۆ بەدرێژی کارەبایی هەردوو ئەژنۆیان کون کردم، دوێنێ چاوانیان هەڵکۆڵیم... سبەینێ سەعات شەشی بەیانی دواهەناسە و کۆتایی، دایکە چونکە نەڕووخاوم، چۆکم نەدا و نەدۆڕام، مژدەت بێ بەیار بڵێ، هۆمەر ئەڵێ نەکۆتاییەکەم سەرەتایە خۆی لە تەل با، کامە تەڕ و ئاڵ و جوانە بابیپۆشێ زاواکەی خۆی شەدەی لارە و سواری ئەسپی ئۆخەی بووە وا لەڕێیە... (دەنگی شایی)

هەمووان: دیوار، دیوار، دیوار...

قوتابی: لەسەر ئەم دیوارەش، دوا پەیامی خازێ خانە (دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا تێکەڵ بەلاوک ئەبێ)

خازێی ئێوە

مەمک براو

خازێی ئێوە

(بێدەنگی)

(بەرەبەرە دەنگی نای دێ)

هیوا: وا ئێوارە وەختانە و وادەی سرەوتنی خۆرە، بەڵام خۆر لە تاقی ئاسمانی شارەکەی هەڵەبجەدا، هەر ئەڵێی بەلایەکی گەورە ئاڵۆدەی تووڕەبوونێکی ئەوتۆی کردووە، کە سەرەوخوار خۆی بەسینە و بەرۆکی ئاسمانی حەوتەمینەوە هەڵواسیوە و نابزوێ و نقەی لێوە نایە.

گەواڵە هەورەکان هەر ئەڵێی داپیرەیەکی کۆست کەوتووی جەرگان سووتاوە، ئۆقرە ناگرن و بەهەڵەپرووزێوە بەیەکدا دێن و دەچن و ئەمسەر و ئەوسەری کەپکی بەمۆو باڵامبۆ ئەکەن. گڵارویانە، لە خۆڕا نییە، منەی ڕەشە هەواڵێکی جەرگبڕ، کارەساتێکی تەلیسماوی و چروپڕ بەهەزاران گردەڵۆکەی کلافەی خەم و گومان... سەیرکەن، ئەوەتا دەشت و چیا و هەرد و وەرد و سارا و دۆڵ و دارستان و دەوەن، بوونەتە



تاقە گوێیەکی شلی هەڵخستووی نزیک و دوورە هەواڵێ، سۆراخ و سۆراخ و بێ سەروشوێنە، شار بیلبیلەی زەقبووی تاکە چاوێکی سەرنجی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنێکە، ترپەی دڵی هەر هەمووان، ئەوانە کە هێشتا لە منداڵدانی دایکیانان، هەر هەموو، سۆزەی بەرد بەئاوکەرەی خونچە گوڵەکان، بۆ پرشنگی چاوە کەژاڵەکانی لەیلەکەی ڕازونیازی ئەحمەد ئەژەنن.

باوەڕ: ئەوە ڕووباری سیروانە و لەنجەولارەکەی جاری جارانی بەیاخیبوونێکی سەرەڕۆ و سەرەوژووربوونەوەی سەرکێشانەی تۆقێنەر گۆڕیوەتەوە، کەفوکوڵیەتی، گڕکان لە زاری شەپۆلەکانییەوە شالاوی گڕاوی سەرهەڵئەدا و بەبالای نەوەرا هەڵئەگەڕێ و خەیاڵی هەڵکشانی دواجارەیەتی و دوا سکالاکانی جەور و ستەمی سەردەمی بەگوێی دونیادا ئەدا، ئەڕوا و کێ بێ کەمی دڵی باتەوە؟ کێ بێ بتوانێ داوێنگیری هێنانەوە سەرخۆی بێ؟ ئامان، ئامان، سەد ئامان... بریسکەی چاوی ئەحمەد بەگە و پرشنگ ئەدا.

خونچە گوڵ: ئەحمەد بەگ، ئەحمەد بەگ، ئەحمەد بەگی جوانەمەرگ، ئەحمەدەکەی خونچەگوڵ.

ئەحمەد بەگ: بەڵێ خانمە خاسەکەم، بەڵێ شیرینەکەی ئەحمەدی فەرهاد، منم، وەرە سەرنجی چاوەکانم بدە،

لە نەقشی ڕووخسارە هەلالەییەکەت بڕوانە، بەیادی جارانەوە پێت ئەڵێم: خونچە گوڵ لە چاوانی منا جوانتری یان لە ئاوێنە گچکەکەی گیرفانی بەر باخەڵی سوخمە مۆرەکەت، چییە؟ بۆ خەمناکی؟

خونچە گوڵ: ئەحمەد گیان شین و چەمەرەی تۆیە، خەڵکەکە سەرقاڵی تەدارەک سازیی کۆتەڵەکەتن، ئۆخەی کوشتنەکەت درۆ دەرچوو، ئەچم چل مۆم لەسەر مەزاری پیر محەمەد دائەگیرسێنم، کوڕە نەزرم کردووە، هەوریەکەی سەرم ئەدەم بەدەم ئاوەکەی کانی ئاشقانەوە و ماڵەوماڵ حەڵوای گوڵەزەرد ئەبەشمەوە، مزگێنی بەخەڵکی شار ئەدەم، ئەڵێم ئەحمەد بەگ نەکوژراوە، هەر ئەمڕۆ بەچاوی خۆتان ئەیبینن.

ئەحمەد بەگ: کچێ خونچەخان، کەمێ ئارامت بێ، ڕاستە منم، بەڵام بۆ کۆتەڵەکەم هاتوومەتەوە... ئەی کۆتەڵی من نییە؟

خونچە گوڵ: ئەحمەد بەگ!

ئەحمەد بەگ: کچی بۆ کۆتەڵەکەم هاتوومەتەوە، شوێن هەنگاوەکانی خوێنی ڕژاوی خۆم کەوتووم زامەکانم گەواهی زیندووکردنەوەی کۆتەڵەکەمە.

خونچە گوڵ: نامێنیتەوە؟ ئەی دوای کۆتەڵەکە...

ئەحمەد بەگ: دوای کۆتەڵەکە؟ ئەودەمە...

(نامێنێ)

هەمووان: سەڵاوت لە دیاری پێغەمبەر و خواجە بەخێری بگێڕێ.

پووره ڕەعنا: خێره ئینشاڵڵا خێره... با کەسیش پێی نەزانی، باسی مەکە، مەیگێڕەرەوە، بۆیان بکرێ خەونیش سەر ئەبڕن.

خونچە گوڵ: پووره ڕەعنا، ئەحمەد بەگ، ڕوومەتەکانی سووره سووریان بوو، بەڵام ئەوەی لە دڵما بۆتە کەسەر، ئەوەبوو، ویستی قسەکانی تەواو بکات بەڵام لە چاو ون بوو...

هیوا: پرسیارێک دێتە ئاراوە...

باوەڕ: چۆن؟ پرسیاری چی؟ ئادەی.

هیوا: هەر هەموو ئاکامەکانیش لە وەڵامی ئەو پرسیارەوە دێنەدی.

باوەڕ: دیارە وەرام لە پرسیارەوەیە، مەنتیقیش وا ئەڵێ.

هیوا: پرسیاری: بۆ ئەحمەد بەگ کوژرا؟ کێ ئەحمەد بەگی کوشت بۆ لەو ڕۆژەدا؟

هەمووان: بۆ ئەحمەد بەگ کوژرا؟ کێ ئەحمەد بەگی کوشت؟ بۆ لەو ڕۆژەدا کوژرا؟

ئەحمەد بەگ:

«جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن
ڕووڕەشی دونیا و قیامەت، ئەو نەفامانەن کەوا
هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بەپارە و نان ئەکەن[٤].

مام ئەوڕەحمان: سەرم لەم کارە دەرناچێ، هەرچی ئەکەم، سەرئەهێنم و سەر ئەبەم، بێ سوودە و هیچی لێ حاڵی نابم، باشە میرزا فەرەج، تۆ بۆ ئەمەیان ئەڵێی چی و چۆنی لێ ئەگەی؟



میرزا فەرەج: ئەوانە سەرکزی دڵ وریان، لەوانە بترسە کە مەنگن، ئەوانەی ئەڵێی ئاولای داون، ئا ئەوانەی هەر ئەڵێی ئاگری بن کان... ئەوانەی سەرێک و هەزارویەک سەوایان هەیە... ئەوانە... ئیتر.

مام ئەوڕەحمان: ئەم ئاشووب و ئاشووب نانەوەیە شتێکی تازە نییە، هەرنەبێ، ساڵانە وادەی خەلەو خەرمان هەڵگرتن، کارەسات و گۆبەند و گوڵمەزێکی ئەوتۆیان لەناو ئەو فەقیر و هەژارە قوڕبەسەرانەدا ئەنایەوە، بەری ڕەنجی سەدان جووتیاری ڕەشوڕووت ئەبووە خۆراکی ئەتک و پەنگی خەرمان سووتانی، ئەوەی بەڕەنج و ماندووبوونی ساڵ ئەهاتە بەر بەئانێ دائەمرکایەوە.

هیوا: هەر سەرچاوەیە بەجۆرێ لە کوشتنەکە ئەدوێ، بەڵام هیچیان نکوڵی، نە لە حەقیقەتی کوشتنەکە و، نە لە ڕادەی زرنگی و هۆشیاری کوژراوەکە دەکەن.

باوەڕ: گرنگ ئەوەیە شتێ بکەین بەشتێ و، هەوڵەکەمان بەفیڕۆ نەچێ و، بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێینەوە.

هیوا: پەلەت نەبێ، جارێ لە کوێمانە، بۆ کوێ ئەچێ، هەر ئەبێ دەستگیری کەین، ئێمە ئەبێ ئیتر خەمی پەیداکردنی شایەتە زیندووەکان بدەین، زیندوو بەسەر سەردەمەکەوە.

باوەڕ: کاکە هیوا گیان، بۆ شایەتی مردووش هەیە؟!

هیوا: هەندێ ڕووداو بەبەردەوامی ئەژین و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیندووتر دەبن و دەژێنەوە، ئەوانە نەک هەر شایەتی زیندووی ڕۆژگارەکەیانن، بەڵکو بەردەوام، پاش خامۆشی ڕووداوەکانیش، بەشنەبایەکی یاد دەبووژێنەوە و دەبنە گەواهی بەئاگاهێنەرەوە و، سەلمێنەری هەرمانی ڕاستییەکان، بۆ نموونە... ئەمڕۆ، ئا ئەمڕۆ ساڵی چەندە؟ چەنی مانگە؟ چەند شەمووە؟ هەینییە؟

(تاریکی)

(خونچەگوڵ بەچرایەکەوە پەیدا ئەبێ)

خونچەگوڵ: دەرنەکەوت، دیارنەبوو، شەوگار درەنگی کرد، ئیدی چار نییە، بێ هوودەیە، کات بەبەرییەوە نەماوە، گەر لە هاتن بوایە، ئەوە هەر سەرلەئێوارە دەرئەکەوت، ئێرە شوێن نزرگەکەی جارانییەتی، دەبێ ئەمشەو بەختم یارنەبێ،... مۆردانە و

باخی میر و گوڵان خامۆشن، نەسروەیە، نەشنەیە، نەبۆنوبەرامەکەی جاری جاران، (سەرنج ئەدا و چراکە بەرز ئەکاتەوە) ئەوەی بەرەو ڕووم دێ، ئەحمەد بەگ نییە؟ بۆ؟ بۆ ئەو نییە...! ئەحمەد بەگ، منم، گوڵخونچەم، کوڕەخاسەکە، ئەوا من لەوای بەیانەوە، هەر چاوەچاومە، لابە و وچانێکی بۆ بدە... سەیرم ئەکا و، قسە ناکا، خۆتی، یان تارماییەکەتە؟! تۆ ئەویت... چی لێ هات؟ لە چاو ون بوو! ئەڕۆمەوە... ئەڵێم ئەحمەد بەگم بینی، خۆی بوو... کوتومت، بەڵام بۆ نەیدواندم؟ نەیناسیمەوە! ئەوێک بۆ عەشقی من ئەژیا... ئەوێک لە برژانێکی چاوەکانمەوە خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاسمانی ئەناسی، جارێکیان لە ڕێگای کانی ئاشقان تووشی بووم و ئاوا هاتە بەردەمم، وتی:

ئەحمەد بەگ: گوڵخونچە ئارامت بێ، ئەمە ساتەکانی ژوانی شەوی قەدرە، نزای دڵ و خەڵکیم هەیە مەڕۆ و با لە چاوتا نزاکەم گیرابێ و بەڵکە ئەمساڵە بەشەستە باران دڵنەوایی خاکی شارەزوور بداتەوە.

گوڵخونچە: ئەحمەد بەگ ڕازی دڵی من و خەڵکەکەی خوێندەوە بارانی پەڵە بەدەنگیەوە هات، باران باری... ساماڵ بوو... دەشتی شارەزوور پرچی بەدەم شنەباوە سەمای ئەکرد...

هەمووان: هۆ خەڵکی شار، کۆتەڵ سازکەن، کۆتەڵی شاعیرە جوانەمەرگەکەی شارە، کۆتەڵی کۆترە باریکەکەی چلاوچڵی باخچەی شارە.

(کۆتەڵ ساز ئەکرێ)

هەمووان: (بەدەستووری کۆتەڵ سازی دێنە سەر شانۆ)

هەی ڕۆ... هەی ڕۆ، ڕۆ ڕۆمە

میرزا فەرەج: هەر فیتی ئەوانە بووە باعسی سەری ئەو جوانەمەرگە

مام ئەوڕەحمان: ئا ئەوانەش کە پێیەکیان لەمبەرە و ئەویتریان لەوبەر، ئەوانەی بوونەتە کەری ناوجۆگە. هەر ئەوانەش لەلای ڕاستی کۆست کەوتووانە و دەواری ڕەش و قوڕیان لە شان و بەرۆک ئەدەن.

میرزا فەرەج: جارانیش کەسانێک هەبوون، هەر لە دەمەوئێوارەوە دیوەخانیان بەچەقەبازی گەرم ئەکرد، لە ئانێکا لە سەد باسیان ئەدا و، هەر هەموو باسەکانیشیان بۆ سەر



یەک شت ئەبردەوە، تەنها مەبەستیان ئەو گەڕانەوەیە بوو، هەمەچیزە... هەرکە باسی ئەم وڵاتەش بهاتایەتە ناو باسانەوە ئەوە دەمیان ئەبوو بەتەڵەی تەقیو.

مام ئەوڕەحمان: بەسەری تۆ، بەگیانی ئەو جوانەمەرگە، پێویست بەماندووبوون و سەرئێشە ناکات، پێشینان وتوویانە، دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە.

میرزا فەرەج: دەک ڕەحمەت لە بابت، ئاگات لێ بوو، هەرکە هەواڵی کوشتنەکە گەیشت، ئیتر کێچ کەوتە کەوڵیان و مارخۆڵانیان پێگەیشت و هەر خەریکی شوێنە گۆڕکێ بوون، ئەهاتن و ئەچوون، هەر ئەتگوت ڕەقاسی سەعاتی چاڵمەن... هەزارویەک ڕەنگیان ئەهێنا و ئەبرد، هەر ئەوانیش بووبوونە چاوساغی ئەوانی تر، کاتی خۆ هەلی چاکیان بینییەوە، لە دڵی خۆیانا ئەیان وت، هەلە و خوا یاویەتی.

مام ئەوڕەحمان: هەمیشە پیاوی سەر ڕاست نێچیری ئەو چاوچنۆکانە بووە، ئا ئەمە کورت و موختەسەرەکەیەتی.

(دەنگی شین و هەرای کۆتەڵ دێتەوە)

هیوا: ئاها... ئا ئەمە خۆیەتی، ساڵی (١٩٣٥)ە و دۆسییەی کوشتنەکەیەتی.

باوەڕ: ئێ، چی تر؟

هیوا: ئەوەتاش، بەفەرمانێکی هەرە هەرە بەرز لۆک کراوە.

باوەڕ: ئای لەو خاوەن بەرزە فەرمانامە، ئەو بەرازانە، هەرکە ئەو کێشەیەیان چۆتەبەر دەست، دەسبەجێ لۆکیان کردووە... ئەزانن بۆ؟

هیوا: بەڵام هەردەبێ بکرێنەوە... ئەزانی بۆ؟

(تاریکی)

بانگکەر: دادگا... دادگا

دادوەر: با پارێزەری کوژراوەکە بفەرمووێ.

پارێزەر: بەڕێز سەرۆکی دادگا، بەڕێزینە، ئەمە ڕووداوێکی گەلێک ڕوون و ئاشکرایە، ئەتوانم بڵێم، بەڵگە نەویستە، وابزانم زۆری خایاند و بەڵام هیچ بایەخ و حەقێکی پێ نەدرا ڕێگا بفەرموون، بڵێم، جۆرە لێڵ کردن و وێڵ کردنێکی تیا دەبینم، دیارە هەر ئەوەشە کە لەلای خەڵکی باسی ئەکرێ و بۆتە مایەی وەت وەتە.

دادوەر: تکایە، لە چوارچێوەی ئەرکە پێ سپێردراوەکەت دەرمەچۆ، تۆ ئەتەوێ چی بڵێی؟

پارێزەر: ئەمەوێ بڵێم، هەست بەدەست تێوەردان ئەکەم، دەست تێوەردانێکی لەو دەستە درێژانەوەی کە ئەمدیو و ئەودیو ئەکەن، لەوانەی...

دادوەر: ئاگات لە دەمی خۆت بێ، بزانە چۆن چۆنی داکۆکی ئەکەی، بۆت نییە، تانەوتەشەرە و تانووت لە دادگا بدەی، یان خوانەخواستە، گومان لە پاکێتی دادگا بکەی، باشە جەنابتان بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زیندوو، چۆن، ئەم جۆرە ڕایانە دەرئەبڕی؟

پارێزەر: گەورەم، سەرۆکی دادگا، بەئاشکرا هەست بەکۆمەڵە تەگەرە و کۆسپی دروستکراو ئەکرێ، یەک لەدوای یەک، ڕێگا لە ڕاییی بوون، ئەم کێشەیە ئەگرێ.

دادوەر: کۆسپ و تەگەرە!

پارێزەر: بەڵێ گەورەم سەرۆکی دادگا، کۆسپ و تەگەرە، تەگەرەی بەزۆر دروستکراو.

دادوەر: کامانەن؟ ئەمە کێشەیەکی، گەلێک ئاساییە، کێشەی کابرایەکە، ڕەنگە گەلێک گیروگرفتی، لەگەڵ ئەم و ئەوا بووبێ، هەرچۆن ناوچەکە، ناوچەیەکی عەشایرییە و، ڕۆژانەش کەسانێک لەسەر کێشەی ئەرز و ئاو ئەکوژرێن. ئیتر لە خۆتەوە ڕمڵ ئەهاوی و بیرت بەلای خەیاڵی ئاڵۆز و تەماویا ئەچێ، سەیرە زۆر دوور ئەڕۆیت.

پارێزەر: بەڕێز سەرۆکی دادگا، هیچ شتێکم لەسەر خەون و خەیاڵ بونیاد نەناوە، ئەو کێشەی کوژراوەی من داکۆکی لێ ئەکەم، هیچ پەیوەندی بەکێشەی عەشایری و نیزاعی ئەرز و ئاوەوە نییە، ئەو مرۆڤە زۆر لەو مەسەلانە گەورەتر بووە، ئەو مرۆڤە خاوەن کێشەیەکی گەلێک گەورە بوو، کە زۆری لە خۆ گرتبوو...

دادوەر: ئێ، ئێ... کێشەی گەورە... ئاستی بەرز و دیار...

پارێزەر: بەڵێ کێشەی گەورە و ئاستی بەرز و دیار.

دادوەر: بەڵگەت؟

پارێزەر: دیوانەکەی، شیعرەکانی.

ئەحمەد بەگ:

«بەسەر خاکا، ئەگەر نازیش بکەن، حەقتانە کوردینە



تەماشای سێبەری ئەم شاخ و کێوانەی لەسەرتانە
بەبێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سارایە خوێناوی جگەرتانە» (٥)

پوورە ڕەعنا: ئا، ئا، ئەو ڕۆژە بوو.

خونچە گوڵ: ناپوورێ، بەری دوو ڕۆژ بوو.

پوورە ڕەعنا: باشە نەئەبوو بزانن چییە؟

(تاریکی)

ئەحمەد بەگ: ئەم نامەیەم لێ بگرە.

خونچە گوڵ: ئەحمەد بەگ، ئەمە بۆمنە؟ یان...

ئەحمەد بەگ: بیخەرە باخەڵتەوە، چاک هەڵیگرە، خانمەکەم بۆ تۆیە.

خونچە گوڵ: چی تیایە؟ باشە بۆ بەدەم پێم ناڵێی؟

ئەحمەد بەگ: بەدەم؟ نا، پاشان ئەزانیت.

خونچە گوڵ: تێناگەم! نازانم مەبەستت چییە؟

ئەحمەد بەگ: خانمە خاسەکە، ئەو نامەیە پەیوەندی بەسەفەرە کەمەوەیە، پەیوەندی بەوانەشەوەیە کە بانگیان کردووم.

(تاریکی)

دەمامک پۆشیی (١): ئەو نامەیە! ئای لەو نامەیە!... وای لەو نامەیە!

دەمامک پۆشی (٢): دژوارە، دژوارە، گەلێک، گەلێک دژوارە

دەمامک پۆشی (١): نابێ بزانرێت، نابێ بخوێنرێتەوە، نا نا... نابێ.

دەمامک پۆشی (٢): دەستەکان ئاشکرا ئەبن و ئەکەونە ڕوو، ئەڵێم قیروسیا لە ئێستاکە، ئەی...

(تاریکی)

هیوا: ئەو نامەیەی کە خونچەگوڵ لە باخەڵی نا، ئەوە کلیلی کردنەوەی تەلیسمەکانە و، سەری گلۆڵە ئاڵۆزەکەیە، ئەوە ئاشکراکەری ئەوانەشە کە لە پشت کێشەوەن.

باوەڕ: باشە ئەوە چۆن چنگ ئەکەوێ؟ چۆن هەوڵی بۆ بەین؟

هیوا: ئەگەر چنگ کەوت، ئەو کاتە دەمامکەکان دائەماڵێ و ڕووەکان ئەکەونە ڕوو، ناو ئەزڕێ و ئەوکاتە خۆی هاوار ئەکا.

باوەڕ: ئەوەش بزانە، لە خوێندنەوە و نەخوێندنەوەشیا، ئەگەری سێیەم ڕاست ئەبێتەوە.

هیوا: کەواتە بابچین بیرێکی لێ بکەینەوە، بزانین چۆن چۆنی ئەتوانین ئەو نامەیە بەدەست بێنین.

(تاریکی)

بانگکەر: دادگا، دادگا...

دادوەر: ئادەی بابزانین، شایەتەکان.

هەمووان: ئەوڕەحمان موراد بازەگیری.

دادوەر: سوێند بخۆ کە ڕاست ئەڵێی و جگە لە ڕاستی نەبێ نایڵێی.

ئەوڕەحمان: سوێند ئەخۆم کە ڕاست ئەڵێم و جگە لە ڕاستی نەبێ نەیڵێم.

دادوەر: لەبارەی ئەم کێشەیەوە. چیت دیوە و چی ئەزانی بیڵێ.

ئەوڕەحمان: ڕۆژی کۆتەڵەکە؟

دادوەر: کۆتەڵ!؟

ئەوڕەحمان: بەڵێ ئەو کۆتەڵەی بەچاوی خۆمان دیمان.

هەمووان: بەچاوی خۆمان دیمان، بەگوێی خۆمان بیستمان خۆمان ئامادەیی بووین، هەمووان، هەر هەموومان ئامادەبووین، جاران، جاران، ئێستا و ئایندەش هەر ئەحمەد موختار جاف بوو.

ئەحمەد بەگ:

«نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆتانەوە
ڕێک ئەخەن وەضعیەتی وان و جزیرە سەربەسەر
عەقرە و زاخۆ ڕێک ئەبەستن بەقەد بۆکانەوە



خانەقین و مەندەلی و خاکی کوردستان یەک بەیەک
وەک وەستا ئەدروون بەبالای مەنتیقەی بابانەوە
ئەمڕۆ باوابێ بەلام، ڕۆژی ئەبێ» (٦)

هەمووان: ڕۆژێ ئەبێ، ڕۆژی ئەبێ...

(کۆتایی)

ئەو شیعرانەی خوازراون:
١- کەمالی
٢- ئەحمەد موختار جاف
٣- پیرەمێرد
٤- ئەحمەد موختار جاف
٥- ئەحمەد موختار جاف
٦- ئەحمەد موختار جاف

دیوەخانە شانۆیی

# ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ

نووسینی
ئەحمەد سالار

(هاوینی ۲۰۰۱ دهۆک و هەولێر)

- لە گۆڤاری (شاکار)ی ژمارە (۱۵)ی تشرینی دووەمی (۲۰۰۱) بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژانی ۱۵-۱٦-۱۷-۱۸/۲/۲۰۰۲ لە هۆڵی دەزگای شەهید نمایش کراوە.
ل ه لا ی ۱ ه ن K. TV ئاسمانییەوە بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکراوە.



کەسەکان:

- کامەرانی ڕاوچی
- ڕووبار
- کۆچەر
- نیاز
- هاوڕێ
- خاڵە حەمە
- داپیرە خونچە
- پاشا
- وەزیر
- هەقایەتخوان
- دادوەر
- مامۆستا
- بانگکەری دادگا
- مینا
- شەنگە
- قوتابیان، گۆرانیبێژ، مۆسیقاژەنان، میوانانی دیوەخان.

(هۆڵ، دیوەخانێکی کوردەواریانەی ڕازاوەیە بەکەلوپەلی فۆلکلۆری و، بەزمــورەزم و شــایی و لوغــانە، جــمــەی دێ و کــوڕ گــەرمــە و، گــوێزەبانە و خــۆشــاو ئەبەشــرێتــەوە، پاشــان ئەبێ بەیاری شــیــعــر بەشیعر)

یەکێک ئەڵێ:

«هەتا حەق ناسرە، هەر حەقمە مەنزوور
وەکو مەنسوور ئەگە بمکەن بەدارا»

دەنگەکان: ئەڵڵا، ئەڵڵا، حەزرەتی مەحوییە

یەکێک: کەواتە مستەعینم بەئەلف... ئا

هەردی ئەڵێ:

«ئەزانم دڵ هەیە وەک مس کە ژەنگ دێنێ بەئاسانی
دڵی تۆ زێڕی تێزابە و لەکوێوە ژەنگی هەڵهانی»

دەنگەکان: یێ... یێ... یێ

یەکێک: ئەوەتا تایەر بەگی جاف وتوویەتی:

«یەک نەفەس چاکی نەهێنا کەعبەتینی بەختەکەم
شەش دەرم گیراوە، داماوم بەدەستی نەردەوە»

هەموان: هێیە... هێ... هێ... هێیە... هێ

یەکێک:

«هەموو شەو چاوەڕێم بەڵکو بەمەخفی یاری جانی بێ
لە تاریکی شەوا شوعلەی چرا موشکیل نهانی بێ»

هەموان: بووەوە بە یێ... یێ...

یەکێک:

«یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ
ئارێ ئارێ گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ»



هەموان: ئەمجارەش بە یێ هاتەوە

یەکێک: ئەمجارەش هەر حەزرەتی نالی:

«یادی (کانی دمدم) و سەرچاوەکەی (مێگوڕ) دەکا
(بەکرەجۆ)ی چاوم کە شێوەی (سەرچنار)ی گرتووە»

هەموان: هێ... هێیە... حەریق

یەکێک:

«هەرکەسێ مایل بەپیرێکە و تەریقێکی هەیە
تۆ بەشوعلەی غەم (حەریق)ی، وا وەجاخت هەڵگراند»

هەموان: (بەگۆرانییەوە ئەم دێرە شیعرە ئەڵێنەوە)

«دڵی بردم بەناز ئەو شۆخە شێواندمی غەمزەی
وەرە چاوت لە بەزمی دزا و دزبێ»

سروودی سەرەتا:

هەبوو. نەبوو...
شارێ، شارێ
شارێ هەبوو
لە کلۆڵی و بەدبەختییا
بەناخی زەویا ڕۆچوو
گرفتار و کۆڵەوار بوو
شارێ، شارێ
شارێ هەبوو
بەڵا بەباڵای بڕابوو
خەو لە دیدەی خەڵکی شارا
تەرە و، تۆرێنراو بوو
زەوتکراو، زڕێنرابوو
شارێ، شارێ
شارێ هەبوو...

تەلیسمێکی ئەفسووناوی
باڵی بەسەریا کێشابوو
نەخەو مابوو، نەخەون مابوو
خەو و خەون خەیاڵێ بوو
چاو گلیە ئەکرد
دەرزی ئاژن
وشک و قەتیس
مەیلی تەماشای نەمابوو
شارێ، شارێ
گلۆڵەی جادوویەکی دێز
گینگڵی بەهەمووان ئەدا
ئامان، ئامان، دەست بەدامان
کوڕی ئەوێ بیکاتەوە
گرەوی بەختی شارەکەی بباتەوە
شارێ، شارێ، شارێ
هاوار، هاوار، هاوار

هاوڕێ: ئەوە وتمان شارێک هەیە، ئەو شارە بەدەست دەردوپەتای خەو زڕانەوە ئەناڵێنێ، خەو لە چاوی هەمووان تۆراوە، تەربیە، خەو، خەوتنی ئاسایی نەماوە، پەنابەخوا.

کامەران: باشە کاکە هاوڕێ، کە خەو نەما ئیتر چ جیاوازییەک لەنێوانی شەو و ڕۆژا ئەمێنێ؟ باشە ئەو خەڵکە قوڕبەسەرە تا ڕۆژ ئەبێتەوە زیتەی چاویان بێ، ئا ئەمە چی پێ ئەڵێن و ناوی ئەنێن چی؟ ئەزانی شتێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە خەو نەما، خەون بینین چی لێ دێ؟ ئای لە کلۆڵ و کەسانەی کە ئەگەر تەنها جاروبارێ بەخەونێ دڵیان ئاوی ئەخواردەوە، ئەوە ئەوەشیان نەما. ئەوە بەهەرحاڵ، باشە پرسیارێکم هەیە، ئەڵێم ئەو درم و پەتایە پاشا و دەستودایەرەشی گرتۆتەوە؟ نا، نا، هەرگیز بڕواناکەم هەزار دەردی وا غیرەتی خۆ لە قەرەدانی دیواری زەبەلاح و شوورەی باڵا و قولله و کۆشک و سەرای ئەوانەی هەبێ، ئەرێ کوڕینە، من ئەڵێم، بەخوا پاشا و...



خاڵە حەمە: کوڕە خاسەکەم، ئاگات لە دەمت بێ، دارودیوار گوێی هەیە، خەڵکانێک هەر فی سەبیل ئەڵڵا، گوێ قولاغی ئەوجۆرە قسەوباسانەن، ئەوە برادەرەکەت قسەیەکی کرد، تۆش وەک نوشتەی قلیچ قەیتان قۆزتەوە و دە ئەوەندەت نایە سەری.

کامەران: خاڵە حەمە گیان، بەقوربانی ئەو ڕیشە چەرمووەت بم گوێ لەم برا بچووکەت بگرە. ئەو باسی خەو ئەکا و منیش هاتم خەو و خەون بینینم، لە شەو لابرد، هیچم بۆ نەمایەوە و، پاشان وتیشم پاشا و...

خاڵە حەمە: کاکی خۆم چیم وت، مەیلێرەوە، قوڕوقەپ، قەپاتی کە، خەفیە هێندەی گەڵای دارە...

هاوڕێ: کامەران، سەر مەکەرە سەری خاڵە حەمە، بەهەزارحاڵ تا دڵیان هێناوەتەوە جێی خۆی، قیر وتوویەتی جیق.

کامەران: نا، نا لە من زیز نابێ، ئەرێ کوڕینە، جارێکیان بەر لەم پەتای خەوزڕانە، خەونێکی یەجگار خۆشم بینی، جاران ئەیان وت، خەونی خێر لە دڵی خۆتا ڕاگرە، بەڵام من ڕۆژی سەد جارم ئەگێڕایەوە، لەو گێڕانەوەیەدا، هەستم بەچێژێکی لە ڕادەبەدەر خۆشی ئەکرد.

(تاریکی)

پاشا: وەزیر، کوا ئەو گوێ ڕووتی هیچ و پووچە؟

وەزیر: قوربان، لە خزمەتام، پاشای زەمان، شاهی شاهان، کەڵکی ئەوەی نەماوە، خۆی بەپێوە بۆ ناگیرێ، ئەندامێکی ساغی بەجەستەوە نەماوە.

پاشا: ئەی دەم و زمانی؟ زمانی؟ باشە دانی پیادانا؟

وەزیر: گەورەم، لەپێشا گەرەکێ شایەتی هێنابوو و، سوێندیشی خوارد، کە نەک خۆی هەر بەتایەفە خەون کوێر و زڕن، باو و باپیر و ئاژدادی خەونیان نەدیوە.

پاشا: ئەی پاشان، خۆی و گەرەکە شایەتەکەی؟

وەزیر: هەر هەموویان پاکانەیان کرد و بەڵێنیان مۆرکرد، کە هەتا هەتایە...

پاشا: خەون نەبینن.

وەزیر: هەتا هەتایە.

پاشا: وەچە و وەچەزاشیان.

وەزیر: گەورەم، وابزانم زۆرچاک چاوترسێن کران، ماران گازبوون، بەسەری تۆ لەمەودوا کەس ناوێرێ باسی خەون و خەون لێکدانەوەش بکات.

پاشا: ئەوەی خەونامەی لە ماڵا بگیرێ، چی خەونە خراپەکان هەیە پێی بنوێنرێ، مەسەلا...

وەزیر: بووبوو بە گا...

پاشا: بخرێتە ژێر جەنجەڕەوە و شەو و ڕۆژ گێرەی پێ بکرێ. ئەگەر بووبوو بەحوشتر، ئەوا بارە خوێی لێ باربکرێ و گەرمیان و کوێستانی پێ تەی بکرێ.

وەزیر: ئەگەر قازبوو...

پاشا: نەیەڵن بقیرێنێ و نەیەڵن لەسەر تاکە قاچێ ئۆقرە بگرێ، ئەگەر نێرەکەریش بوو، نەیەڵن هەتا لە بەهارانیشا بزەڕێ و بپە...

(دەنگە دەنگە و هەرایە و خەڵکەکە بەیەکدا دێن و دەچن)

جارچی: فەرمان، فەرمان، فەرمانی شاهانە

(دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا)

هەمووان: هێی، هێی، هێی

(تەرمێ بەڕێ ئەخەن، هەمووان بەکزییەوە لەسەر شێوەی شیوەن و واوەیلا ئەڵێنەوە).

فەرمانە، فەرمانە... فا، هێ، ڕێ، میم، ئەلف نوون، نوون، نوون... وون...

(خامۆشی و سرەوتن)

کامەران: ئەو شەوە، وای لەو شەوە، ئای لەو شەوە، ئەو شەوە خەونم بەگوڵە کێویلەیەکی پەمەیی ڕەنگەوە بینی، پەمەییەکی شەفەقییەوە، حەیرانی بووم، دڵم کەوتە پەلەپەل و ئاوا دەستم بۆ برد، دەسبەجێ بوو بەکیژە ناوەنجییە، هەرە ژیکەڵەکەی پاشا و، نەمکردە نامەردی و دەستەملانی بووم، ڕوومەتم نا بەڕوومەتییەوە، ئیتر جەرگی خۆم دا بەتەنوورا و، ئاگرم تێبەربوو، بوومە کلۆیەک لە حەز و ئارەزووی لێواولێوی پەرۆشی و بەقوربانی بوون، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم کەوتوومەتە بەزمی ماچوموچێکەوە، هەر مەپرسە، لەو دونیاش چێژی ئەو هەنگوینە شیلەیە لە لێوانم



نابێتەوە، پاشان شل و سڕبووم و ئاوا لەبەردەمیا بەچۆکا هاتم و، داوێنگیری بووم، ئەویش بە چ نازێکەوە دەستێکی گەیاندە گەردنم، هەڵیساندمەوە، بەجۆرە میهر و نەوایەکەوە لە چاوەکانی ڕوانیم، چ سەیر و چ میهر و چ نەوایە، لەکوێم هەڵئەگری و لە کوێم دائەنێ، جەستە لە کوێ و گیان و ئارەزوو کوێوە فڕین، لە تاقە پرشنگێکی چاوەکانییەوە، لە ئانێکا هەزار ساڵ بەهەزاران پادشا و دەورانەوە، گێژی ئەخوارد و لە چاوان ون ئەبوو،... بەوپەڕی ئارامەوە سەرم بەسینە و گەردنییەوە نایەوە و، لەوەدا بووم لێوانم بۆ ماچێکی تر هەڵێنمەوە، بوو بەهەرا، چ هەراو هوریایە، پاشا و دەستودایەرە و پیاوکوژانی هاتن بەسەرا، پڕم پیاکرد و، نامە قەڵان دۆشکانم و بوومە زریان و بەوری بەیان و فڕانم و تێم تەقان، نەوەستام و وچانم بۆ نەدا، تا گەیشتمە دواترۆپکی کێوی باڵی هەڵۆیان شکێنە، بڕوا بکەن دێو و ئەجنەکانی ئەو کێو و پشت کێوانە، بوونە ماستی مەیبوو و نقەیان لێوە نەهات، وتم ئیتر با ئیدی وچانێکی بۆ بدەم، هەرکە دەستم لێی شل کرد، دەسبەجێ بووە کۆترێکی باڵ نەخشینی ئێسک سووک و لە شەقەی باڵی دا و لە چاوترووکانێکا پشت هەور و هەڵا کەوت و ون بوو... ئیتر هەر ئەوەندەم خۆش بوو، لە پەنا هەر تاوێر و گاشەبەردێکەوە سەدان دەعبا و دێو و درنج و جنۆکەم لێ دەرپەڕی، زەندەقم چوو، لە ترسا بەئاگا هاتم.

هەمووان: یاخوا بەخێربێیتەوە.

(دەنگی گۆرانی و مۆسیقا بەرز ئەبێتەوە)

خاڵە حەمە: کوڕینە میرزا وەسمانی هەقایەتخوان. میرزا بەو گۆڕەی جوانەمەرگی تێ چووە، ئەو حەقایەتەی دوێنێ شەو خستبوومیە غایلە و مەراقێکەوە تا خوا ڕۆژی کردۆتەوە هەر لە خەیاڵما بوو و، خواخوام بوو خێرا ڕۆژ بێتەوە و بگەرمە سەرت و بزانم ئەو کەساسە چی بەسەرهات و کوێوە چوو، باشە میرزا گیان تۆ بڵێی ئەو خەڵکە لەو دەردی بێ خەوییە ڕزگاریان بێ؟

حەقایەتخوان: ئا ئەوەیان، ئەوە خوا ئەیزانێ، ئێ باشە خاڵە حەمە گیان، ئەی ئەگەر ئەوە من مردم، ئێوە هەر ئەبێ چاوەڕێ بن، ئێ خۆ من تا ڕۆژی قالوبەلا نامێنم.

هاوڕێ: ئەگەر وا بڕوا و خوا بەو ڕۆژە نەکات، ئەوە حەقایەتەکە هەر لە شوێنی خۆیا، ئەچەقێ و تا دونیاش دونیایە ئەو خەڵکە هەر بەبێ خەوی ئەیبەنە سەر.

ڕووبار: کلۆڵییەکەی ئێمە لەوەدایە، میرزا وەسمانی حەقایەتخوانی شاریشمان گیرۆدەی زەین کوێری بووە، باشە خۆ نەچووە بچێ، بۆ هەروا دۆش دامێنین، جارێ با دەم و زمانی تاقی بکەینەوە. مامە میرزا، لەوە ئەچێ پیریێتی کاری خۆی کردبێ و کەسیش لەو هەزارویەک خەوشە بێبەری نابێ، چونکە ئەو بیرتیژییەی جارانت نەمابێ، دیارە ئەمەش... بەڵام سەد ماشەڵڵا پێتانەوە دیار نییە و هەر گەنجن.

حەقایەتخوان: کەنیشکە خاسەکەم ئەزانم چی ئەڵێی، خۆشم ئەزانم، پیریێتی بەرۆکی گرتووم پەلپ و بیانووم پێ ئەگرێ و تووشی گۆبەند و گۆڵمەزم ئەکا ،کچەکەم هەر ئەمەوێ خۆم قیتوقنج بنوێنم بەڵام پیریێتی هیچ کات لە زلەی گەردن پێ کەچکردنی خۆی ناکەوێ.

ڕووبار: (لەلاوە) سەرباری ئەو حاڵ و زەین کوێرییەی ناتوانی وازبێنی و دەسبەرداری حەقایەتخوان بێ. هێز نییە وازی پێ لێ بێنێ.

(دەنگی ساز و سەنتوور)

حەقایەتخوان: جا کوڕینە، لەو دەمەدا، پاشا گرژبوو، بوو بەتۆپەڵە دڕکەزییەکی دەم ڕەشەبا و هاواری لێ هەستا و نەڕانی.

پاشا: وەزیر، مەزیر، گەزیر بەزیر... خاوەن کۆشک و سەرا و دیوان، ئەمانە بوون پیاوماقووڵان. هەر ئێستا زوو، بەبێ وەستان، ئامادە بی ئەستێرەوان، با بزانین کام بورجەیە لێمان چۆتە کەشکەلانی فەلەک و خەریکە کەشتی بەخت و شکۆداریم نوغرۆ ئەکات.

نیاز: (پێی ئەبڕێ) ئەوە چییە ئەڵێی چی؟ بابە، جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە، پاشای چی و ماشای چی، جارێ دەورت نەهاتووە، بەزاتی خوا، هەر ئەڵێی پاشای ڕاستەقینەی خاوەن دەسەڵاتە، شێت و هاربووە و ترس دایگرتووە و، ئەزانی ئەستێرەی ڕوو لە لێژییە. بابە ترستان نەبێ، مەترسن، ئێوەی با دەم نەکەمەوە چی لە سینەما پەنگی خواردۆتەوە نەیکەم بە... و بیدەم بەناوچەوانی... ئێ کاکی خۆم میرزا وەسمان، ئێمە لەسەر ئەوەمان نەکردووە، پاشا و ماشای چی! ئەو خەڵکە گرفتارن، ئەو خەڵکە گیرۆدەبوون، ئەو خەڵکە باجەکەی ئەدەن، ئادەی، ئێستا، ئامادە بن.

حەقایەتخوان: بابە خەڵکینە بۆ خواتان بێ، من ئەوا هەموو تەمەنم لەم بەزمەدا بەسەربرد،



کەچی ئێستاکە ئەم هەرزانە خەریکە سەرم لێ تێک ئەدەن و کارەکەم لێ ئاڵۆز ئەکەن، من حەقایەتخوانم یان ئێوە؟ براکەم ناکرێ هەروا هەرکەسێ هات و بەئارەزووی خۆی سەرمەقولان بەحەقایەتەکە لێ بدات... بابە ئەوا من بێدەنگ ئەبم، وەڵڵا، چیم لەم شەڕەشەقە داوە! کوڕە خۆ نانم بەساجەوە نەسووتاوە، خەو لە چاویان زڕاوە نەزڕاوە بەجەهەنەم، خۆ من بیست و چوار سەعاتە خەو ئەمباتەوە، ئادەی مەجۆلە گیان دیژلەمەیەک بۆ مامەت، تخوا با کەمێ ڕوون بێ.

(تاریکی)

نیاز: ئادەی وەرن، ئا لێرە کۆبنەوە،

(لە شێوەی ڕاوتەگبیر کردنان، پاشان ئەچنەوە شوێنی خۆیان)

(مۆسیقایەکی هەژێنەدەر)

ڕووبار: خەڵکینە ئێمە وای دائەنێین، خەڵکی ئەو شارە لێقەوماوەین و، هەر خۆشمان دەبینەوە خەمخۆری، واز لە حەقایەتخوان ئەهێنین، ئێمە خۆمان حەقایەتەکە تەواو ئەکەین، کەواتە تاکە گرفت و کوێرەوەرییەک هەموومانی گرتۆتەوە، تەنها چارەش کوڵنەدانە و پتر هەستکردنە بەو تاکە بەڵایەی کە هەموومانی یەک خستووە. باشە، بەدڵتانە، تەواوە تەواو؟

هەمووان: زۆر تەواوە، زۆر تەواوە...

(هەمووان لەتەک ئەم گۆرانییەدا سەمایەکی تایبەتی ئەکەن، کە ڕادەی کلۆڵییەکەی لێوە ئەنوێنرێ)

کە شەو دادێ...
لە گشت ماڵێ، لە گشت لایە
لە گشت شوێنێ...
لەناو لانکی کۆرپەشدا
مۆتەکەیە، سەرسنگ ئەگرێ
خەنجەرێکی بێ ئامانە
شێت و هارێ ئەیهاوێژێ
شەل و کوێرە و ناپارێزێ

که شەو دادێ...
ئاگرێکی گورگ کەڵپە
چاو زەقی هار
بەشالاوی، شار ئەپێکێ
بزە و وزە ئەئەنگوێ
بێ سڵکردن دێت و دەچێ
هیچ پەنایە نابوێرێ
خەرمانی تازی ئارەقەی
گوڵە سوورکەی نازەنینان
بەشەرای داخ ئەسووتێنێ
که شەو دادێ...
که شەو دادێ...

حەقایەتخوان: قووقوو... ئەو دەمە کەڵەبابی بەیان باڵی بەیەک دادا و خوێندی ئەوەی خەیاڵی تەلیسم شکاندنی لە کەلە نابوو، ئەوەی نیازی سەرکێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنەی لە دڵ نابوو، ئەوەی...

نیاز: قووقەی کەڵەباب بۆچی؟ خەڵکەکە خۆیان هەر بەئاگان نەخەوتوون، ئادەی ڕووبار خان نۆرەی تۆیە، فریاکەوە و تەواوکە.

ڕووبار: لەو دەمەدا، کە ئەستێرەی کاروان کوژە و کاکێشان لە ئاستی تاکە مەدارێکا یەکانگیر ئەبن، لە یەک ساتدا ڕووە و ڕۆژهەڵات هەڵئەکشێن، تەنها و تەنها ئەو تاکە دەرفەتە بوارە بۆ فڕینی هەڵۆیان بەسەر ئاسمانی کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنەدا، ئا لەو کاتەشدا دەتوانرێ پەی بەباری شای دێوانی خوداوەندی تەلیسم و جادوو ببرێ و بەتاڵ بکرێتەوە. ئێستاش دەستەی ئاشقانی گیان لەسەر دەستان ڕوویان لەو هەوارە پڕ هەوروهەڵایە کردووە.

(گۆرانی، گوڵ وەنەوشەی باخانمی...)

وەزیر: شاهی شاهان، پاشای بەشان و شەوکەتمان.

پاشا: نا، نا، وانییە، پاشای چی و پانی بەرزی چی، نەء، نەء، ئەوانە بەپاشای شەترینجیشم نازانن، ئەوە هەر چۆنێ بێ بەڵام ئەم بەزمەیان خۆشە و شایستەی تیا



ڕامان و تەوسبردنەوەیە، نەوەڵڵا هەر ئەمەمان کەم بوو، دەی وەزیری وەزیران تەواویکە.

وەزیر: بەزمی تەلیسمی تەلیسم شکێنیان هێناوەتە پێشەوە.

پاشا: (لاسایی وەزیر ئەکاتەوە) بەزمی تەلیسم شکێنیان هێناوەتە پێشەوە، سەیر چەند بەدەمی خۆشە، نەوەڵڵا بەزموڕەزم و شایی و لۆغان، نیازیانە، ترخێنە و داندۆک و تەڕەماش... باشە ئەمە چییە و چی پێ ئەڵێن، قەلەمرداریێیەکە و گۆتەکەی مناڵە ورتکەی پێ ئەڵێن...

(هەردووکیان بەگۆرانییەوە ئەیلێنەوە)

پاشا و وەزیر: ئەمە چییە و چی پێ ئەڵێن، پەپکە بەکونجی پێ ئەڵێن، عەبای نارنجی پێ ئەڵێن، قازانێکی شیولێنانە، ترخێنە و دۆینە لێ ئەنێن، ئەمە چییە و چی پێ ئەڵێن؟

ئاشە بەتەنوورەی پێ ئەڵێن...

پاشا: (خۆی مرچ و مۆن ئەکات) باشە، باشە پێم ناڵێی، چ زەبروزەنگ و هەیبەتێکمان بۆ تەخت و تاجی پڕ شکۆی پاشایەتیمان هێشتۆتەوە، نەوەڵڵا، تەختی چی! تاجی چی! نەخێر بەقسەی زلە وەزیرمان بێ، بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، کراوینەتە کەرەسەی یاپراخ و ئەوا خەریکن جوان ئەمانپێچنەوە، چینێ خۆم و تەختوبەختم، چینێ...

وەزیر: دووگ و پەراسووی بەرخ...

پاشا: چینێ چاڵی چاوت، چینێ قوزەلقورت و ژقنەبووت و ژەهری هەلاهیل و، دیارە ئەو خەڵکە نیازی...

وەزیر: سەیرانی کانی با و قەشقۆڵی و پیری شەوکێڵیانە... هەموو...

پاشا: هەی لەم حاڵ و هەی لەم ماڵە و وەی...! بەکەللەی ئەم کەللەیە وانابێ و ناڕوا، نەخێر خۆم ئەچم و با بەچاوی خۆم ببینم و بزانم ئەوزاع چلۆنە.

وەزیر: (لە کەسایەتییە شانۆییەکەی دێتەدەرێ) وەرە کابرا، هێی، لەگەڵ تۆمە بۆ کوێ ئەچی؟ جارێ ئارامت بێ بابزانین حەقایەتەکە چۆن چۆنی لێ دێ و چی ڕوو ئەدا و، نابێ بزانین بەرەو کوێ ئەچێ؟

نیاز: نا کاکی خۆم، هەڵەیەکی گەورەتان کرد، دەوربینین وانابێ، یەکسەر بێ چاوبەستەیی و پێچەبەدەورە، یەکسەر دەستەکەتان خستەڕوو، جارێ، ئێوە ئەبوو، خۆتان بەجۆرێکی تر پیشاندایە، خۆتان بەخەمخۆری بەڵاکە پیشاندایە، هەر بەدرۆ واتان بنوانایە کۆستی گرانتان کەوتووە و خەڵکە دڵی بانایەتەوە ... ئای هیمەتی درۆ، وای لە درۆ، نیوەی دنیا لەسەر درۆ بەندە و بەدرۆ بەڕێوە ئەچێ، کاری سەرەکی ئێوەومانان درۆ و دەلەسەیە، دەست و ڕووگۆڕینە، دەمامک بازییە... ئەوە بۆ جارێکی ترتان.

باشە: ئێ خۆ درۆش هێندە ئاسان نییە، درۆ تا درۆ کەوتووە، هەیە باڵدار، شاخدار... ئەبێ کەسانێکی شارەزا مەشقمان پێ بکەن، قسەکەم ڕاست نییە؟

نیاز: ئەڵێی کێ فێرم کا؟ بڕۆ مێژوو بخوێنەرەوە سەربووردەی ئەوانەی گەمەی گۆ و گۆچانیان بەچارەنووسی خەڵکی ئەکرد، بەکورتییەکەی زۆربەی هەرەزۆری سەرۆکەکانی ئەو وڵاتانەی... پۆسپۆرییان لە چاوبەستەیی و هەڵخەڵیسکان و هەڵخەڵەتان و درۆسازییا هەیە.

پاشا: ئەی لای خۆمان کەس دانەنێین؟

وەزیر: بیانکەین بەچی؟

پاشا: چۆن بیانکەین بەچی! دیارە ئەو پلەیەش هەر بۆ خۆتە. مەترسە، کەس شوێنی تۆ ناگرێ. کورسی، کورسی خۆتە، لە تۆ ئاقڵتر و شەیتانترم دەست ناکەوێ.

نیاز: باشترین پەرژینیش و، بەهێزترین شوورەش، ئەو چواردەورەیە کە بەگەجەروگوجەر و هیچ و پووچ و پاشەڵ گەندەڵان دروست ئەکرێ.

پاشا: وەزیرە فەنی، هەر زوو نەم وت؟

(دەنگی ساز و سەنتوور، دەمامکی دێوودرنج)

حەقایەتخوان: کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنە، کێوێکی بەسامی سەر بەهەوروهەڵا، ئەوە ساڵ و دوانزە مانگە، لەناو قەدیەوە لە باوەشی بەفر و تەمومژ دایە، هەر ڕەوەزە و دێوێکی زل و زەبەلاح ئانیشکی لەسەر داناوە، ئەوە دێوە دێزەی چاو ئاگرهاوێژ، لە چەقی ڕێگای هەورازە کووڕەدا، ڕێگرە و غەزەبی لێ ئەبارێ و، خوانەکا هەست بەبوونی گیانلەبەرێک بکات، ئیتر ئەو، لە چاوەسوورە زەقەکەی نێوان جووتە



قۆچەکەی تەپڵی سەریەوە، گرکان بەرپا ئەبێ و تا چاو بڕکا بەقەرەبرووتی ئەکات، هەرکە نەڕانی، خوا هاوار، هەر تاوێرە و گاشەبەردە گل ئەبێتەوە و دونیا ڕائەماڵێ و خاپووری ئەکات، ئەوە لەبەردەمی ئەشکەوتە ڕەشەی، بارەگای تەختی شاهانەی شای دێو و درنجان، حەوت جووت دێوی تۆقێنەر کە هەر تاڵەموویەکی مەچەک و ناوچەوانیان هێندەی حەڤدە گوریسی مارپێچ ئەبێ و، نینۆکی هەر پەنجەیەکی چوار ئەوەندەی گەورەترین گاسن ئەبێ و هەزار هەژدیهای حەوت سەر دەم ئەکاتەوە و لە زبانیانەوە شالاوی ئاگرە و فیچقەی ژەهراوی، لە چاوترووکانێکا مەملەکەتی بەدار و بەرد و گیانلەبەرانییەوە هەڵئەلووشێ و، لەتەک هەر هەناسەدانەوەیەکیانا بەلێشاو جنۆکەی کورتەباڵای ناوشان پانی بەردینی، قاچ مراوی گوێ پان و درێژ و، پەنجە مقاشی هێرش ئەهێنێ و جووکە جووکێکی ئەوتۆیان لێوەدێ. مرۆڤ کەڕولاڵ و شێت و شبر ئەکا. ئەوە خۆ پادشای دێوان، ئەوەی سەرجەم شەوە تەلیسمەکانی دونیای لەبن هەنگڵایە، بۆ هێز هەیە موویەک لە جەستەی بکاتەوە، هەرکە بێزار بێ، ئەوە هەر لە شوێنی خۆیەوە جوولەیەک ئەکا، ئەو کەژوکێوە لە ڕووەو ڕۆژهەڵاتەوە بەلای ڕۆژئاوادا وەردەگێرێ، ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێکیان تووڕەیان کردبوو، فریانەکەوتنیایە و دەستەودامەنی پاڕانەوەی نەبوونایە، نیازی بووبوو، سەرمەقولات بەکێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنە بدات... بەڵێ هەر بۆیە هەرکاتێ بیەوێ...

(دەمامک و دەنگەدەنگ پاشان تاریکی و بێدەنگی)

هاوڕێ: هەرکاتێ وادەی یەکانگیریی جووتە ئەستێرەی مەبەست دێ، ئەودەمە هەوروهەڵا بەری ئاسمان ئەتەنی و کارەکەمان لێ ئاڵۆز ئەکات، گەر وا بڕوا ئەوا ئەکەوینەوە ساڵی ئاییندە، ئەمەش ئاسان نییە و کات و ئارامی ئەوێ، گرفتەکە لەوەدایە، هەموو شەوێ ئەو ژوانە ئەستێرەیە نابێ.

کۆچەر: کاکە هاوڕێ، ئەم دەستە نەوجەوانانەی ڕوویان لەم کەژ و کێوە کردووە، باش بیریان لەو ڕاستییە کردۆتەوە.

هاوڕێ: دڵنیام، ڕاست ئەفەرمووێ... ئەرێ دوا دەنگوباسی شار چییە؟

کۆچەر: بەمەزندەی من، لەوە ئەچێ بیر لە ئەنجامدانی کارێکی نوێ بکەنەوە.

هاوڕێ: چۆن؟

کۆچەر: لە هەڵسوکەوتی پاشا و دەستەودایەرەیا، هەندێ شت ئاشکرا بووە.

هاورێ: ئاوا... گرنگ ئەوەیە بگەینە مەبەست، ڕەنگە بەزۆر ئەزموون و تاقیکردنەوەدا ڕەت بین.

کۆچەر: زۆر ڕاستە، هەر لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە ڕێگا نوێیەکان ئەبینرێنەوە.

هاورێ: تەنها ئەو تاقیکردنەوەیە نەبێ کە خەڵکەکەی پێ بکرێتە کێڵگەی تاقیکردنەوە. دیارە تاقیکردنەوەش یان گاڵ دێنێ یان پەموو، بەڵام ئەگەر وانەبوو؟ کۆچەرخان، خەریکە تاریکی دادێ، با تا زووە ڕوو لە حەشارگەکە بکەین، هەرکە تاریکی داهات، ئیتر ئەوە ڕۆژی دێو و درنجانە، پێیان بلێ بەقوربانە لەیەکدی دابڕ نەبن.

(تاریکی، بووکە سەماکەرە دەردەکەوێ)

(داپیرە خونچە و منداڵەکانە)

داپیرە: منداڵینە ئەوا ئەمشەویشمان تەواو، بەخوا منیش بەبەرمەوە نەماوە، ئادەی کچەکەم، خونچەگوڵەخان مشتێ مێوژ و کاکڵە گوێز بۆ ئەو منداڵانە بێنە. ئیتر بۆ خۆتان ئاقڵ، ئاقڵ دانیشن.

شەنگە: داپیرە خونچە دوێنێ شەو بوکەڵەکەی من زۆر ترسابوو، هەر ئەگریا و نەیئەوێرا چاوی بنووقێنێ.

داپیرە: بۆ دادەخان؟ بۆچی، لە چی ترسابوو؟

شەنگە: لە دێوەکان، بەخوا بۆکەڵەکەی میناش زەندەقی چووبوو.

مینا: داپیرەگیان، زووزوو پێم ئەوت، نەترسی ئەوە ڕاستی نییە، ئەوە حەقایەتە.

شەنگە: وەڵڵا داپیرە ڕاست ناکات، خۆشی ترسابوو، باشە داپیرە هیچی ترمان بۆ ناگێڕیتەوە؟ دەی تخوا داپیرە بەخوا هەر ئەبێ بۆمان بگێڕیتەوە.

داپیرە: دەباشە، بەڵام ئاقڵ دانیشن و زۆر بەباشی گوێ بۆ داپیرە خونچەتان شلکەن.

(بووکە سەماکەرەکان هەڵئەکشێنەوە)

نیاز: خەڵکینە دۆم بەدانیشتن ماڵی وێرانە، ئەبێ کارێک بکەین. بێ خەوی خەبەرداریی خواردووە، هەمووان گێژوویژن و، ئەڵێی بەسەر ئەم دونیایەوە نین.

ڕووبار: قسە هەزارە و دووانی بەکارە، بەکورتییەکەی چی بکەین، چی نەکەین؟... ئێستا ڕوو لەکوێ بکەین؟



نیاز: دەبێ ڕێگایەکی دی بگرینەبەر.

ڕووبار: ڕێگایەکی دی! کام ڕێگایە و چۆن چۆنی؟

(کە لە دێوەکان و تارماییەکان، یا سێبەریان دەرئەکەوێ و نامێنێ)

پاشا: ئەوەیان ئەزانم، خۆم، هەروای بۆ ئەچووم.

وەزیر: دیارە زانیویانە لە بری خۆماندووکردن بەڕێگایەکی داخراوەوە، ڕوو لە سەد ڕێگای تر بکەن، ئەزانی بۆ؟ لە هەر ڕێگایەکەوە نزیکبوونەوەیە بەهەوارێ، بەجۆرە مەبەستێ.

پاشا: ئا بەم قسانەی تۆدا دەرئەکەوێ. کە بەتەواوی دەستیان لە هەوڵی پەی بردن بەنهێنییەکانی کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنە بەرداوە، هیچیان بەهیچ نەکرد و هیچیشیان پێ ناکرێ، ئەگەر بەردەوام بوونایە، کاتێ بەخۆیان ئەزانی، فڵت دەستیان لەبنی هەمانەکەوە دەرئەچوو.

وەزیر: پاشای مەزن، چی بێ لە بەڕێزتان نهێنی، ئەوەتا ئەمجارە هەقایەتێکی کۆنی جارێ لەجارانیان بیرکەوتۆتەوە،

پاشا: ئەزانی بۆ؟ ئەمەش هەر لەبەرئەوەی ئێمە بەباشی کاری خۆمان نەکردووە و، نەمانتوانیوە لەسەر هەقایەتەکەی خۆمان بەردەوامیان کەین، ئەوەتا دەرکیان بەمەسەلەی دێوودرنجی پشت کێوانەوە کردووە، زانیویانە چییە و کێیە و کێی لە پشتەوەیە و بەکێ کۆتایی پێ دێ، ئا ئەمە پوختەی شتەکەیە، باشە ئەم هەقایەتەیان باسی چی ئەکا؟

وەزیر: باسی ماسیگرە سەر بەگۆبەندەکەیە.

پاشا: باشە دەورومەوریان دابەش کردووە؟ کێ کێیە و کێ...

(چەپڵەیەک)

کامەران: من ئەو ماسیگرەم، باووباپیرانم لەگەڵ ڕاوکردن و دەریاوانیدا ژیانیان بەسەربردووە و، منیش لەو ڕۆژەوەی چاوم کردۆتەوە لەگەڵ شەپۆلی هەڵچووداچوو تۆڕ و قولاب و هات و نەهات و چاوەڕوانی و جەربەزەییدا ڕاهاتووم و پێی گۆش کراوم.

هاورێ: لەگەڵ خەڵکانی شارا، کۆمەک لە کارەکەی ڕاوچی ئەکەین.

کۆچەر: منیش کۆچەر، کە خەجاوی هاوسەری کامەرانی ڕاوچیم.

کۆمەڵێک: ئەوا ئێمەش هەریەکەمان بەکارێکەوە سەرقاڵ ئەبین.

(چەپڵەیەک)

ڕووبار: چاوەڕوانی چین، دەست بەکارین، ئەوەتا خەڵکەکە خەریکە بێزار ئەبن.

ڕاوچی: (سەرقاڵی ڕاوە ماسییە، هەمووان لە پشتیەوە کاری ڕاوکردن و شەپۆڵی دەریا، بەرجەستە ئەکەن و گۆرانی ئەڵێن)

کورینە فریام کەون، گەلێک قورس و گرانە، ئەبێ چ مەزنە ماسییەک بەتۆڕەکەوە بووبێ! نەهەنگە، نەهەنگ، ئادەی گەلۆ هاوارە.

(تاریکی)

ڕووبار: شەو داهات و تاریکی کرد، تاریک، تاریک، ئەنگوستەچاو

(واژەواژە و خەڵکەکە بەناو یەکا دێن و ئەچن)

داپیرە خونچە: (دڕ بەخەڵکەکە ئەدا)

خەڵکینە هۆو، کەسەکانم هۆو، کوڕ و کچەکانم، براینە، ئەمە یەکەم جار نییە و، یەکەم بەڵا نییە بەسەرمان هاتبێ، گەلێکمان دیوە و، هەر جارە بەجۆرێ، ئای کە کوێرەوەری و ماڵوێرانیمان دیوە، جاران، پێشینان، ڕەحمەت لە گۆڕیان، ئەیان وت، هەر نهێنییە و لە پەردەی خۆیا، ڕەشی لە پەردەی تاریکی شەوایە، سوور لە شەبەیخوونی جەنگا، نان لە گەرووی شێر و نەهەنگا، بێ بارانی لە یەکانگیری گەواڵە لێک دابڕاوەکانایە، ئەم گرفتەی ئێمەش لەبنەوەی ناخی ناخە هەرە قووڵەکانایە، دەریاکان، زۆر نهێنی و تەلیسمی نەشکاو لەژێر پرچی لوول و پەرچەمی شەپۆڵە هێمنی و تووڕەکانایە، ڕەنگە، لە مرواریییەکی ملوانکەکەری گەردنی پەری دەریادا بێ، یان ژێر یاڵ و باڵی ئەسپە دەریاییەکاندا، خەڵکینە، با ئەمجارەش ڕوو لە کەناری خەولێکەوتووی دەریا بکەینەوە، گەلۆ ڕۆژێکە و ئەمڕۆ، دەست لە دەست و هێز لە خودا.

(مۆسیقایەکی بزوینەری پڕ جۆشوخرۆش، پاشان هێمنی و، وتنەوەی سروودەکە لەسەر سرووتێکی شێواز ئاینی و هەمووان سەمای نزاکاریی لەگەڵا ئەکەن)

هەمووان:



دەریا جوانەکەی پیرۆزەیی ڕەنگ
نزا و نزولەی شارت پێ گەیی؟
هاتووین کلیلی جادوومان بەیتێ
بەڵکە خودایە لاتان دەست کەوێ
ئامین... ئامین... ئا... ئا...مین...

(تێکەڵ بەدەنگی دەف و زەنگ ئەبێ)

ئافرەت: (بەسۆزی نزاوە و، دەنگی منداڵانیش تێکەڵی ئەبێ)

باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ...
هاتووین بەگوڕ، هاتووین بۆ کوڕ...

(سەمای دەریا و دەیاوانان...)

(تاریکی)

هەقایەتخوان: یاران، یاوەران، دڵاوەران، بەژن بەرزان، نەوجەوانان، جوامێران، ڕوو بەخاڵان، شەدەلاران، چاو کەژاڵان،... ئادەی لەکوێی گوڵاوپژێن، گوڵاوەکەت بپژێنە، دڵان مەیلی دەماغ بەرزی و سەیرانەکەی جارانییە...

حەقایەتمان بەردەوامە، ئەوە برادەرانیش ماڵیان ئاوا زووزوو، بیرم ئەخەنەوە و پێیم ئەڵێنەوە، جا عەزیزان، پاشا و دەست و دایارەی و هەموو کەسانی دەربار، تەنگەتاو و شپرزەبوون، ئەزانن بۆ؟

(مۆسیقای شاهانە)

وەزیر: شاهی شاهان، کاتێ خەون بوو بەڕاستی، ئەو کاتەی لەنێوان بەئاگایی و بێ ئاگاییدا سنوور و سەرحەد نامێنێ ئەوەدەمانە وادەی خەون بزواندنە، گڕوکەفی هەڵشاخینە، هەر خەونە و هەڵمەت ئەبا، ئەڕووخێنێ، ڕائەماڵێ، وێران ئەکا، خاپوور ئەکا... جا ئەگەر، خوانەخواستە، لەو ڕەشە خەونانە هەموانی لەخۆ گرت، ئەوا ئەوە مەگەر هەر خوا بزانێ چی ئەقەومێ، لافاوێکی بەربەست ڕاماڵ هەڵئەسێ و، ژوور شوورە و کۆشک و سەرا و قەڵا ئەکەوێ و، لێشاوەکانی لێ ئەبێ باڵ و...

پاشا: چییە وەزیرەفەنی، شیعرم بۆ ئەخوێنیتەوە؟ تا کار لەکار نەترازاوە، تا جڵەو

بەدەستەوە ماوە، چی بکەین بەکەڵکی ئەم کاتەمان دێ؟

وەزیر: نەهێڵرێ ئەو خەونە ببینرێ، کە هەموانی تیادا هاوخەون ئەبن، هاوهەست و مەرام ئەبن، نا، نا، با هەر خەو نەبێ، تا خەون بینینیش نەبێ، ڕاڕایی و دابڕبوونم لێیان ئەوێ گەورەم.

پاشا: هەر شتێ بکرێ، یان بیر لە هەر شت و هەنگاوێ بکرێتەوە دەبێ حساب بۆ ئەوە بکرێ ئەو کارە چەندە لە خزمەتی دەسەڵاتدا ئەبێ.

وەزیر: فەرمانتە سەروەرم. دەسەڵات ئەوەیە، خەڵکی ئاتاج و چاو لە دەستت بن، بەهۆو بەبێ هۆ چاوترسێن کرێن، لاوازکرێن، تا هەست بەمەزنی و زەبروزەنگی دەسەڵات بکەن. دەبێ بەڕادەیەک تاج و تەخت و دەسەڵات شکۆدار بکرێ، تا بچێتە ئاستی بایەخە هەرە پیرۆزەکانەوە، بەڵکو ببێتە چاوگی پیرۆزی.

پاشا: بەڵێ ترازان لە بایەخەکانی دی و تواندنەوەیان لە پیرۆزی بایەخە نوێیەکەدا، ئەمەیە کاری ترازان بۆ پەیوەست بوون... ئاوا...

وەزیر: گەورەم، کە لێت بروانن، بەڕێزتان حەوایی بروانن. کاتێ قسەت بۆ کردن، باسی مەسەلەیە بکە کە هەرگیز لە خەیاڵیانا نەبووە و، پاشان وەرە سەر ئاڵۆزییەکان ئەوانەی ئەوان بەتامی گلەیی لێی کردنی بوون و خۆیان بۆ نابووە، بەڕوویاندا بەرەوە و بیانکەرە مایەی کەموکوڕییەکان ئەوسا بەحەقایەتەکەی جاری جاران، عەیامی باپیرانی بەهەشتیشیان، هەڕەشە و گوڕەشەیان لێ بکە، دەرفەتی دەمکردنەوە سکاڵا و نزیکبوونەوەیان نەبێ، ئەوەش کاری دەستوودایەرە و پاسەوانانە.

پاشا: ئا ئەم دەورەیان، پرۆڤەیەکی باشی گەرەکە. وا ئەچمە ناو عەشاماتی گەلەوە.

(چەپڵەڕێزان، فیکەفیک و هەراوهوریا، بەسەراهەڵدان و بەزمی شایەری...)

وەزیر: ئەی گەلی بەشەرەف و سەربەرز و ئازا و کۆڵنەدەر، گەلەکەی شێر پاشای شاهی شاهان... پیرۆز بێ، (چەپڵە ڕێزان و بایژی) ئەوا شێر پاشای شێرزادەی شێری شێران، شاهی شاهان، لە کاتە گرانبەهاکەی بۆ دیدەنی ئێوە تەرخان کرد، تا لە نزیکەوە پێتان بگات و (چەپڵە و هەرا و هوریا)

دەنگێک: (ئەنەڕێنێ)



شێری شێران، شاهی شاهان
بەقوربانت بم بەقوربان
نووری چاو و تاجی سەرمان

(چەپڵە)

وەزیر: شاهی شاهان، خۆری ڕاستەقینەی ئاسمان.

(پاسەوانان دڕ بەخەڵکی ئەدەن و هەندێکیان ئەچنە قەڵان دۆشکانی خەڵکەکە و مۆڕئەبنەوە)

(پاشا دەرئەکەوێ)

(مارشی شاهانە)

خەڵکەکە: (لەسەر مارشی شاهانە)

شێری شێران، شاهی شاهان... فیق
شێری شێران، شاهی شاهان... جیق
فیق، فیق، جیق، جیق...

پاشا: بەناوی خوا و خۆمەوە... بەناوی خۆم و... ئەی ڕۆڵەکانم، ڕۆژی ئەوە هاتووە، هەر هەمووومان، بەیەک دەنگ، بەیەک ڕیز بەرامبەر گرفتە هەرە گەورەکان ڕاوەستین و بەگژ ئەوانەدا بچینەوە کە هەڕەشە لەمڕۆ و سبەینێ و دووسبەی و سێ سبەیی و... هەموو ئایندەمان ئەکات، (چەپڵە و هەرا). بەدڵ شەو و ڕۆژ، لەگەڵتانام، گینگڵ ئەخۆم، خەمی هەمووتانم ناوتەسەر، ئا، لەسنگما خڕکردۆتەوە، ئەی ئەوانەی (چەپڵە و هەرایە و لەپڕا دەنگ نامێنێ و جوولە بەردەوامە) بۆیە ئەبێ ئەم سەردەمە نا... نا (دەنگ نامێنێ و جوولە بەردەوامە، پاشان جوولە نامێنێ و دەنگ ئەبێتە میاومیاوی پشیلە و هەمەجۆر دەنگی ئاژەڵ)

(دەنگی شێوەن، سەگوەڕ، بێدەنگی، بەکزیی ئاوازی سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی» بەرزئەبێتەوە)

دەستەیەک منالێ: (سروود ئەڵێن و ناوەناوە دەنگی گریانی ژنان دێ)

«خوایە وەتەن ئاواکەی، چەند دڵگیر و شیرینە...»

(بێدەنگی)

«وەتەن چاوی لێمانە، دەریکەین لە تەنگانە...»

دەستەیەک ژن و پیاو:

کەوتووینەتە ناو دەورێ
ئاگر لە دەوران بەربێ
لە ڕۆژی نیوەڕۆدا
گورگ بەرۆکن ئەگرێ
شەڕە و ئیتر هاتووە
نەیکەین خوا ئەمانگرێ

دەستەیەک منالّ:

«وەتەن چاوی لێمانە، دەریکەین لە تەنگانە...»

دەستەیەک ژن و پیاو:

وەی ڕۆ، هەی ڕۆ، ڕۆ ڕۆمە، وەی ڕۆ ڕۆ ڕۆ ڕۆ ڕۆمە...
ناهەق هەقی لغاوکرد
نایە ژێر باری گێرە
ڕەشی ئەوانە زاڵە
خۆر بۆ چرا عەواڵە

دەستەیەک منالّ: «وەتەن چاوی لێمانە...»

دەستەیەک ژن و پیاو: وەی ڕۆ، هەی ڕۆ هەی، هەی وەی ڕۆ، وەی هەی ڕۆ، ڕۆ ڕۆ ڕۆ...

(دەنگەکان خاووخلیچک ئەبن و بەرەبەرە نابینرێ و جووڵانەوەی دەم و شێوەی پێشوو بەردەوامە... سستی و کپی)

(تاریکی)

نیاز: ئەگەر هاتوو وترا...

هاوڕێ و ڕووبار: هەرگیز یەک و یەک دوو ناکات.

نیاز: کەواتە، کەواتە...

هاوڕێ و ڕووبار: هەرگیز دوو یەک و یەک نییە.



نیاز: بۆ؟ بابزانین

هاوڕێ و ڕووبار: کاتێ هاوتایی نامێنێ، کاتێ پێوەرەکان ئاڵۆز ئەبن و ناپێون، کاتێ شیرازەکان لە گرێژەنە دەرئەچن، کاتێ مەزندە و خەملاندن کوێر ئەبێتەوە، کاتێ کات ون ئەبێ و، کاتێ و کاتێ و کاتێک خەونەکان ئەسڕێنەوە و گیانی حەز و ئارەزوو دائەمرکێتەوە.

(خاڵە حەمە بەدەنگی گۆچانەکەیەوە پەیدا ئەبێ)

خاڵە حەمە: ڕووبارخان ئەوە تۆی؟ کچەکەم، ئەوە لەگەڵ کێدا قسەت ئەکرد؟

ڕووبار: خاڵە حەمە ماندوو نەبی، ئەوە خێرە، وەڵڵا قسەم لەگەڵ کەسا نەئەکرد، بەتەنیام. دیارە...

خاڵە حەمە: کچەکەم، هیچ ئەوە بێ خەوی، هێندەی تر لێلایی بەچاوانما هێنا، ئەوە وتمان ئەوە چاو، ئەی گوێ! باشە بۆ باش گوێم لە شت نابێ... ئەرێ ئەڵێم، نازانم وەک باسی.

ڕووبار: باسی چی؟

خاڵە حەمە: هیچ کچم دیارە گوێم زرنگاوەتەوە، هەر ئەو باسەیە، ئەگەر لە کۆڵانەوە نالەی مینە کونج هاواری، سەوز و گەڵا پانە کەوەرەکەی، بکات، لە گوێی منا شتێکی تر دەنگ ئەداتەوە، کچەکەم هەموو شتێکمان لەبیرچۆتەوە ڕاست و چەپمان لێ چەواشەبووە، ئەمەش سەرباری دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و شپرزەبوون... کچم ئیتر... ڕۆژ نییە سەد جار دەمارگیر نەبم، خۆشم نازانم... ئەڵێم بابڕۆم چاترە... خوا...

ڕووبار: خاڵە بەم وەختە بۆ کوێ ئەچی؟

خاڵە حەمە: بۆ کوێ ئەچم! خۆشم نازانم، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم ئەڵێی بەدوای شتێکا ئەگەڕێم بزرم کردووە... تۆ بڵێی بیدۆزمەوە؟

(ئەڕوات و تەقەی گۆچانەکەی دێ)

دەستەی منالّ: (لەسەر ئاوازە فۆلکلۆرییەکە)

منالّی گەڕەک، سەر بنە خەڕەک
وەرنە دەرێ، مانگەشەوە
چاوشارکێیە و شارمان گرە

منالّی گەڕەک، منالّی گەڕەک
هێی گڕ... شار گڕ...
قەلاّ قەلاّ یەکی بێ
قەلاّ قەلاّ دووی بێ
قەلاّ قەلاّ سێی بێ
خۆتان بگرن واهاتم

(هاوار ئەکەن و بلاّوئەبنەوە)

(تاریکی)

ڕووبار: چی بوو، زۆرتان پێ چوو؟ درەنگ هاتن؟ دەی خێراکەن بابچین بەلای ڕاوچییەکەوە، بابچین بەلای ئەوانەوەی بۆ هەلّهێنانی ئەم مەتەلّە و ئەم ئەشکەنجەیە ڕەنج ئەکێشن.

چەند کەسێک: مەتەلّ!

ڕووبار: پاشان ئەزانن چۆن مەتەلّێکی لێ دەرئەچێ، مەتەلّیش هەر ئەبێ هەلّبێ، هۆ کاکی ڕاوچی، هۆ کوڕە عاشقەکەی شار، ئەوا هاتین، دان بەخۆتا بگرە و دەستت شل نەبی، هەر تاریکە و بەفریاد دێین، واهاتین... ئێمە، ئێمە،

دەستەیەک: (ئەم گۆرانییە لەسەر ئاوازە فۆلکلۆرییەکەی «لە گلّە زەردە پەڕینەوە»، ئەلّێنەوە و بەسەمای وێنەی ڕاوەماسی و کۆشش و ململانێیە سەرەکییەکە دەنوێنن)

هاتین، هاتین، ئێمە هاتین
گولّە هێرۆی وەردمان پێیە
دیاریی دەستیشمان گەزۆیە
هاتین، هاتین، ئێمە هاتین
لە گلّەزەردە پەڕینەوە
بووکمان هێنا و هاتینەوە
هاتین، هاتین، ئێمە هاتین

(بووکە سەماکەرەکان و منالّەکان و داپیرە دەرئەکەون)



حەقایەتخوان: (هەندێکی بەقسە و هەندێکی بەگۆرانییەوە ئەیلێتەوە)

داپیرە چەندی کرد و چەندی کۆشا
حەقایەتێ نەما نەیکا
منالّەکانیش گڕۆز بوون
وازهێنانیان لەلا نەبوو
هەرچەند داپیرە ماندووبوو
چی بکا بەدەست وەچەزاوە
چارێ نەما ئەبێ چ بکا
سەبەتە بووکەلّەی هێنا
بووکە سەماکەرەی جوان جوان
هێنای و خستیە بەر دەستیان
مینا و شەنگە و ئارای بزواند
ئەوسا کەوتە پێناسینیان
ئەمە کێیە و چ کارەیە
ئەوە کێیە و کام یارەیە
کەوتە باسی حالّی دەوران
باسی دەریا و دەریاوانان
باسی ڕاوچی و ڕووداوەکەی
وردە وردە بزواندنی
خستنیە کۆشی خەیالّەوە
منالّ بێ هۆش و بێ گۆش بوون
شار، شار، شاری بووکە شووشەیە
بووکەکانیش بوونە ڕاستی
کەوتنە جوولە، کەوتنە دووان
ئاوا... ئاوا، ئاواهی بوو...

دەستەیەک:

شەمە هات و یەک شەمە بوو
دووشەم هات و سێ شەمە بوو
چوارشەم هات و پێنج شەمە بوو
هەینی هات و شەمە بوو
جارێکی دی شەمە بوو...

(مناڵەکان بووکەڵەکانیان بەدەستەوەیەوە گەمەیان پێ ئەکەن و پاشان ئەبنە ڕاستی)

بووکەڵە (١): لەو کاتەوەی خەو نەماوە، ژیان وەستاوە، مناڵ بوون نەماوە.

بووکەڵە (٢): مامانەکان پیشەکەیان گۆڕی و پیشەی تریان هەڵبژاردووە.

بووکەڵە (١): جاران، بەر لەم درمی خەو زڕانە، مناڵ دەستی بەقوڕگی شێرا ئەکرد.

بووکەڵە (٢): بۆ باسی ڕاوچییەکە ناکەن، ئەها وەرن، وەرن، خێراکەن، ئەها، ئەوەتا، لەوە ئەچێ ئەو ماسییەی بەقولاپەکەیەوە بووبێ زۆر گەورەبێ.

بووکەڵە (٢): نەهەنگ نەهەنگ، ئەها ئەو هەموو عەشاماتە گدربوونەتەوە.

بووکەڵە (١): گرتی؟ خەڵکینە وەرنە دواوە، لەوە ناچێ ماسی بێ، کێ ئەڵێ... (ئەبێتە مقۆمقۆیان)

بووکەڵە (٢): باشە لە دەریادا چی ڕاو ئەکرێ؟ خۆ لە دەریادا ڕاوە بەراز ناکرێ!

بووکەڵە (١): باوابێ، ئەبینین، من ئەڵێم...

بووکەڵە (٢): چی ئەڵێی؟

بووکەڵە (١): جارێ بابچینەوە بەلای مناڵەکانەوە، پاشان پێت ئەڵێم، باشە؟ مناڵینە وەرن واهاتینەوە، ئادەی خێرا.

بووکەڵە (٢): پەنا بەخوا، دەی تا زووە باقورتاربین، مناڵینە خێرا، خێرا بمانخەنە ناو سەبەتەکەوە و دەسبەجێ سەر ڕەفە هەرە بەرزەکەمانێین.

بووکەڵەی (١)، (٢): ئادەی یەک، دوو، هەرسێکی

(هەمووان بەیەکدا دێن و دەچن و ئەبێتە هەرا، لەپڕ هەمووان ئەوق ئەبن، تاریک ئەبێ، دەنگی پشیلە و سەگوەڕ)

(ڕووناکی)



هەمووان: گورگ، گورگ و دەریا، گورگ لە بری ماسی، گورگ و دەریا، گ، وو، ڕ، گ، گورگ.

(بەیەکدا دێن و هەمووان دەبنە تۆپەڵەیەک)

هاوڕێ: خەڵکینە فریای خۆتان کەون، بەرەو ئێرەوە ڕاکەن، ئەمە پەنایەکی چاکی داڵەدانە، چەپەکە و حەشارگەی چاکە. کەڵپەی کەڵپە نییە، چاوسووری زەق، کەللەی هێندەی کەلەگامێژێ ئەبێ.

خاڵە حەمە: ئەعووزوبیللا، ئاخر زەمانە، جەجاڵ هەستانە، ئەمە مووجیزە و عیبرەت و پەندە و خوا پیشانی ئەم خەڵکەی ئەدا، بەڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی عالەمەوە گورگ بەقولاپی ماسیگرەوە بێ. سوبحانەئەڵلا.

هەمووان:

گەلەگورگ هات، گەلەگورگ هات.

(لوورە لووری گورگ و تاریکی)

ڕووبار: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە کەمێک لە باسی گورگ دوورکەوینەوە و کاتێک بەمەتەڵەوە بەسەر بەرین؟ هێشتاوەکو کاتیش بەبەریەوە ماوە، وانییە؟

هەمووان: مەتەڵ! مەتەڵ؟

ڕووبار: بەڵێ مەتەڵ، بۆ نابێ؟ هیچی تیایە؟ مەتەڵ مەشق و وەرزشی بیرە و زاخاوی مێشکە، کەواتە مەتەڵ،

هەمووان: (بەچەپڵەڕێزانەوە و بەگۆرانییەوە)

بەزمی مەتەڵە و هاتەوە کایە
هەر زەینی ڕوونە، ماڵ و سەرمایە
مرۆڤی زیرەک بەخت یاریەتی
باش بیرکەرەوە، دەنا هەڵنایە

ڕووبار: ئێمە ئەم سیانە مەتەڵەکان دائەنێین.

(سێ کەس مشتومڕ ئەکەن و لەسەر مەتەڵەکان ڕێ ئەکەون)

دەستەی مەتەڵ: کامە سپی، کامە ڕەشە، شەو ڕووناکە، ڕۆژ تاریکە، بەفر ڕەشە، خەڵووز

سپی، لە یەک کاتدا، لە یەکدی دێن، لە کاتێکی تریشایە، لە یەک نایەن، لە یەک ئەدەن، ئادەی گەلۆ، هەلەو ئادەی، بیرکەنەوە، خەڵاتەکەی ببەنەوە.

هەمووان: گورگە، گورگ، گورگە.

ڕووبار: گورگ نییە. بۆ ئەبێ گورگ بێ!

دەستەی مەتەڵ: چرایە و چرا نییە، چرایە و بۆڕی بلووری ناوێ، چرایە و پلێتەی ناوێ، چرایە و نەوتی ناوێ، چرایە و یەکجار هەڵئەبێ و، چرایە و یەکجار خامۆش ئەبێ و بەڵام هەر ڕووناکە و چرایە و... تەواو، ئەمەیان چییە؟

هەندێک: ئەمەشیان هەر گورگە، هەموو شتێ هەر گورگە، ئای لە گورگ وای لە گورگ.

دەستەی مەتەڵ: گورگ نەبوو، هۆش و هۆشیاری بوو، کەواتە دوا مەتەڵمان، یان دوا پرسیاری بەزمی مەتەڵ، بۆ وتیان گورگە؟ بۆ بەگورگ زانرا؟ بۆ، بۆ، بۆ؟

(هەمان گۆرانی «بەزمی مەتەڵە» دەڵێنەوە)

(تاریکی)

(پاشا و وەزیر لەناو خەڵکەکەدا خۆیان شاردۆتەوە)

ڕووبار: ئادەی کوان ئەو دووانەی دەوری پاشا و وەزیریان ئەگێڕا؟ کوان، گۆڕیان ونە، لە کوێن، دیارە لە ترسی گورگ، گورگە بوون و، خۆیان شاردۆتەوە، بابە خۆ گورگ ناتان خوا، ئادەی بیان دۆزنەوە و بیان هێننەوە.

(ئەیان دۆزنەوە و پەلکێشیان ئەکەن)

پاشا: بابە لێمان گەڕێن، ئەرێ دەوری ئێمە نەبڕایەوە، تەواو نەبوو؟ ئێ باشە چیتان ئەوێ؟ لەوە زیاتر، لەوە زیاتر، ماسی بوو بەگورگ، ها، ئیتر چ دەورێکی من و ئەم وەزیرە بەدبەختە ئەمێنێ، نازانم! با ئێمەش وەک ئەو خەڵکە سەیری بەزمی حەقایەتەکە بکەین.

وەزیر: (بەگوێی پاشادا ئەچرپێنێ)... ئا... پاشا، وابزانم هێشتاوەکو دەورمان ماوە (دەم بەگوێی پاشاوە ئەنێتەوە) قابیلە ئێمە ببینە گورگەوان، نازانم! مەبەستیان لە سەرپەرشتی چییە؟! (جارێکی تریش بەگوێی پاشادا ئەچرپێنێ).

پاشا: ئێمەش ڕائەکەین؟ ئێ، ئێ... کەواتە گوێگرە، ئێستا من پاشام، بەوپێیە، ئێمەی دەسەڵاتداران، لە پای چی و بەقسەی کێ خۆمان گورگان خواردوو بکەین! هەر



دەمێ لمۆزی گورگ گەیشتە دەروازەی کۆشک و سەرامان، ئەوا ئێمە پێمان ناوەتە دەروازەی بەهەشتی سەرفرازییەوە، ئەوە هەر زوو حسابمان بۆ کردووە، کام شوێنە خۆشە، کام شوێنە قایمترە و، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ڕووبەڕووی کەسێکی تیا نابینەوە، ئەوە هەواری ئێمەیە، بابە بەسەری ئەولادم، بڕوام بەدەورەکە نەبوو، زانیم تووڕەهاتە و تاسەر نییە، بۆیە هەر زوو کەوتمە خۆم... ئەوە مەسەلەی بڕوا پێ نەبوون، ئەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەوە زانیم...

وەزیر: ئەگەر بۆ دەورەکەشە، هەموو شتێ مەڵێ.

پاشا: ئێی وەزیری وردبین! ئەزانی ئەمە یەکەم جار نییە دەیان جار لەم شانۆییانە بەسەقەتی پێشکەش کراوە، هەرجارە بەجۆرێ، بەڵام هەر هەمووی یەک بابەتە، بەڵام لە هیچ جارێکا ئەفراندن، بەڵێ داهێنانی تیادا نەبووە.

وەزیر: هەرجارەش بەبارێکا تەقلەی لێداوە و سەرمەقولاتی ناچاریی بەو خەڵکەش داوە.

پاشا: ئەگەر گورگێ زامدارکرێ، ئەوا گورگانی ناوچەکە بۆنی خوێن ئەکەن، بەڵام بۆنی خوێنی ئەمجارە شار و مەملەکەتانی تریش ئەچێ و گەلەگورگەکانی ئەملاولاش ددان بەهەسانی کۆنەقین تیژ ئەکەنەوە ئەڵێم ئیتر کات بەدەمیەوە نەماوە، پاشان

وەزیر: پاشان گەورەم... ئەوانەی فەرمووبووت هەر هەموویم ئامادە کردووە... ئەوە پارە، ئەوە پۆساپۆرتە ئەفسووناوییەکان، ئەوا... (دەنگ نامێنێ)

پاشا: کەواتە، ئەی خەڵکی بەشەرەفی خۆڕاگر و ماندوونەناس... بەدوعا، بای

هەمووان: (لەسەر ئاوازی سەمای ڕۆژئاوایی و بەسەماوە)

بای، بای، بای، بای، بای، بای، بای، بای، بای
خەڵکەکە زیخە و دەسەڵات ئاوە
ڕووبار بێ وچان، ئەڕوا و بەتاوە
هەرچەندە کوللە بەری ڕەنجی برد
وەرزی ئایندەی چاندن مایەوە
بای، بای..............

(تاریکی، دەنگی سەگوەڕ)

ڕووبار: لە نیوەشەوەوە، لوورە لووری گورگ و سەگوەڕ، لەگەڵ گیڤەگیڤی ڕەشەبا و

جیرەجیری دەرگاکان بەدەم لمۆزە بۆرەی گورگانەوە، لە بیروهۆشی هەمووانا دەعبایەکی کەڵپەی گورگی زەبەلاحی ئەوتۆی دروست ئەکرد کە لە ئاسمانی شارەکەدا جێگای نەئەبووەوە، هێندەی نەئەما دڕ بەچیاکانی چوار دەور و شەق بەگومەزەی ئاسمان بێنێ...

داپیرە خونچە: (گورگانە شەوێ ئەڵێ و دەنگی لانک ڕاژەندن دێ)

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگان لە ماڵی ئێمە دوورکەوێ
بچێتە ماڵی ناحەزانەوە
چاویان بچێ بەزاقەوە
سەریان بچێتە خاکەوە
گورگانە شەوێ...

(تاریکی)

کامەران: وەرە بەدەستی خۆت بەڵا بەسەری خۆتا بێنی، ئەڵێن چوو بۆ ڕیش، سمێڵیشی دانا، هەر سمێڵ! برۆ و برژانگیش. خوا بەوە ڕەحمی کرد، خەڵکەکە بەچاوی خۆیان بینیان، دەنا ئەوە هەر شێتیان ئەکردم و ئێستا مناڵە ورتکەی حەوت گەڕەک بەخڕکە بەردەوە بەدوامەوە ئەبوون، خوایە دەردوبەڵایەکم بەسەرهاتووە بەسەر کەس نەیە، بەوخوایە هەرکە بیری شەپۆڵی هەڵچووداچووی دەریا، یان شڵپ و هوڕەکەی ئەکەمەوە، یەکسەر ڕەوە گورگێک ئەبینم چنگ لەسەر شان، بەپانتایی دەریاکە سەدان ڕەوە جوانووی پشت نەگرتوویان هەڵبڕیوە (دەنگی هاتنی خەجاو) خەجاوە، ئەوە تۆی؟ کەی هاتیتەوە؟

خەجاو: کامەران گیان، تاوێ نابێ.

کامەران: ......... ئەو خەڵکە چییان ئەوت و چییان نەئەوت؟ ئەڵێم هیچ شتێکی تازە لە ئارادا نییە؟

خەجاو: باسی گورگ و بێ خەوی، سەری هەموو قسەوباسێکی خواردووە، نەوەڵڵا، جا باسی چی هەبێ! ئا، ئا، تۆبە خوایە، بیرم نەبوو، باسی ئەو دەستە کوڕوکاڵەشیان ئەکرد، ئەوانەی کاتی خۆی، ڕوویان لە هەواری دێوودرنجان کردبوو، هەرکە باسی



بەزمی گورگە دەریایی کەوتە ناوباسانەوە، ئیدی هەرکەسە و ڕووی لە هەواری خۆی کردەوە و ئەوێیان چۆڵ کرد.

کامەران: خەجاو، بەڵای گەورە، بەڵای گچکە لە بیر ئەباتەوە، چی لەوێ بکەن، ئەوەتا لێرە و بەڕۆژی نیوەڕۆ گورگ شەویلگەی تا بن گوێچکەی بۆ زەلام خواردن کردۆتەوە... ئای خەجاو ڕاستە فەرموویانە، تا بەد نەبینی، بەدخانە بەیاد ناکەی، کێ بەعەقڵیا ئەهات ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە ناخی دەریای شینی ڕەنگ ئاسمان و لە نیازی ماسی هەرە پاکژەوە گورگ پەیدا و بەرەڵابێ... پەنابەخوا، خوایەگیان بۆ؟ بۆ، بۆ، بۆ؟

هەرچەندە سەرئەهێنم و سەر ئەبەم سەر لەم تەلیسمە دەرناکەم، خەریکە مێشکم بتەقێ، باشە بۆ وای لێ هات و بۆ بەم مەرەیە چوو؟! ئای خەجاوە گیان، جاران چ ڕۆژانێ و چ خەونێکی ئاڵ و واڵ بوو! ئێستاش چی لێ هات (ئای لەو دەمە، لەو ئێوارە. ئاهەنگ ڕەنگە، خەجاو ڕەنگەکان، چاوەچاوی عەشقبازییان لەگەڵ یەکتر ئەکرد، هەر دەتگوت، ئاوێنەی ڕەنگاوڕەنگیان بەرامبەر یەکتر ڕاگرتووە و بەنیازی بەشەوارە گیان ئەڤینی یەکدی لە ئامێز بگرن... ئەڵڵا...! ئەزانی هەمووشیان، هەر بەجارێ و لە پڕا شەوقیان هەواڵەی ڕوومەتی گۆنای ئاسمانی سەر دەریاکە ئەکرد. چاوی، پیرە ئاشقانیان بەدوای مەستی ئەو بادەیە ئەبرد کە دوا هەڵکشانی گیانی پێوەیە، حەزم ئەکرد ئەوکاتە (بێدەنگ ئەبێ، دەیەوێ بەسەما بدوێ).

خەجاو: چییە، چیتە؟ پیاوەکە چی ئەڵێی چی؟ سەیرە! کامەران لەگەڵ تۆمە، ئەتەوێ چی بڵێی؟

کامەران: ئەودەمە، لە هەڕەتی گەنجێتیا بووم، ئارەزووەکانم دەستبازییان لەگەڵ ئەستێرە هەرە بەرزەکانا ئەکرد، ئەو ڕۆژانە بوو مەلی حەز و دڵداریم، تازە بەتازە، لەدڵا پووشی بۆ هێلانە هەڵبەستنەکەی خەجاوە چاو چوان ئەبرد... ئەو ڕۆژە لەوای بەیانەوە، لەگەڵ باوکما خەریکی تۆڕنانەوە و سەرقاڵی منەی ماسی ڕاوکردن بووین، کات درەنگی کرد و ئێوارە داهات، کەمە کەمە تاریکی کرد، کە سەرنجی ڕوخساری باوکم ئەدا، ئەمزامی لە چ دڵەڕاوکێ و مەراق و ئازارێکایە و لەبەرئەوەی بەختیاری برام لە ئەسپەکەی گلابوو ئازار بەپشت و لاقی گەییبوو،... چووم بەلایەوە و وتم: باوەگیان، دەستەکانت ماچ ئەکەم، بۆ ناڕۆیتەوە ماڵێ و

بەچاوی خۆت، لە حاڵی کاکە بەخە ئاگاداربی، ئەزانم زۆر لە پەژارەدای، بابەگیان بەقوربانت بم برۆرەوە، ئەوە من لێرەم، دڵت لەلام نەبێ، هاکا منیش هاتمەوە.

باوک: دەکەواتە کەوای لێ هات، تۆش وەرە بابڕۆینەوە، دیارە تۆش ماندووی، دەی باوکەکەم کامەران.

کامەران: باوەگیان، ئەگەر ڕێگا بفەرموون، ئەم ئێوارەیە حەز ئەکەم کەمێک درەنگتر بێمەوە، تۆ هیچ دڵت لام نەبێ و هیچ غایلەیەک مەکە، باوەگیان ئەڵێم ئەمە خوایە، بەشکم...

باوک: باشە حەوت براکەم، بەڵام زۆر دوامەکەوە، کەواتە خواحافیز.

کامەران: بەسەرچاو، خوا یاربێ زوو ئەگەڕێمەوە، خواحافیزت بێ.

(تاریکی)

کامەران: تاوێ لەمەوپێش کە سەیری دەریاکەم ئەکرد، لەوە ئەچوو دەریا سەرخەوی بۆ بشکێنی و شەپۆڵەکانیش بووبوونە دیلانێ و ڕایان ئەژەن،... ئەرێ ئەو مانگە بۆ چاو لە چاوی دەریاکە ناترووکێنێ؟ عەواڵی حەز و خۆزگەیەکە و منەی ژوانی ئۆخەیەتی، مانگ بۆتە چاوێکی ورد تەماشا، ئەوە بیلبیلەکەیەتی دێت و دەچێ... ناو بەناوە ڕوومەت بەڕوومەتی دەریاکەوە ئەنێ... ئەها برژانگەکانی تەڕبوون و دڵۆپە ئاوی ئاورنگ ئاسایان لێ ئەچۆڕێ... شنەبایەکی فێنک هەڵی کرد. بۆنوبەرامەیەکی خۆشی هێنا، هەر ئەڵێی بۆی کردووە بەبۆی هەناسەی هەموو نێرگزەجاڕەکانی کوردستانەوە.

(بێدەنگ و بێ جوولە)

هەمووان: چی بوو؟ چی ڕووی داوە؟ بۆ ئەوق و بێدەنگ بوو؟

نیاز: کامەرانی، بیروهۆش و هەستی هاویشتۆتە دەریاوە، ئەوا شەپۆڵەکان دەستیان گرت، لە نەرمەلەنجەوە کردیانە سەما و هەڵپەڕکێ، بەرەو کەناری دەریا کشان.

(سەمای شەپۆڵەکان و دەربڕینی هەڵکشان)

کامەران: خەڵکینە چاک چاوم لێیە، خەونە یان خەیاڵ، ڕاستییە ڕاستی، خەڵکینە ئێوە و خوداتان شایەتی هەقم بۆ بەن...

نیاز: بڕوانێ، ئەوەتا مانگ خەریکە سەر بەسینە و بەرۆک و گەردنی دەریاوە ئەنێ،



ئەوەتا شەپۆڵەکان سەما ئەکەن، گۆرانی ئەڵێن.

(بەگۆرانییەوە و بەسەمای وێنەی بەرجەستەی سەرگوزشتەی گۆرانییەکە ئەکرێ).

گۆرانیبێژان:

شەپۆڵەکان... شەپۆڵەکان
ئەمشەو، ئەمشەو شەپۆڵەکان
مەشقی سەمای گیانیی ئەکەن
سەما ئەکەن و ناسرەون
سەمایانە، سەمایانە...
شەپۆڵەکان، شەپۆڵەکان...
شەپۆڵەکان، چەپکە پەنجەی بلوورین
ئاسمانیان هێنایە سەما.
شەپۆڵەکان بوونە مۆمدانێکی زیوین
شەپۆڵەکان بوونە کەژاوەی بوکێ خان
پەرییەکی دەریاییان پەڕانەوە
پەری جوانە، پەری تابلێی نیانە
پرچ و پەرچەم، بریسکە و هووڕ
ئاسمان گەردنی نەوی کرد
ماچ و مووچی پەری و مانگە
شەپۆڵەکان...
ئەستر و ئەمشەو، شەپۆڵەکان
بینیمان و ڕاوچی حەیران
شەپۆڵەکان...

ڕووبار: پەری دەریا، پەلکەزێڕینەی بەنازی کردە بەرگی بووکێنێتی و لەبەری کرد، کاتێ تریفەی مانگ لەکەف چەرینی شەپۆڵە سەماکەرەکانی ئەدا گوارە و گەردانە بوون و خەڵاتی پەری ئەکران، دنیا چراخان بوو.

نیاز: بڕوانن، ئەوەتا پەری دەریا و مانگی چواردە دەستەوملان بوون، مانگ بەترس و

دڵەڕاوکێ و شەرمەوە، چەپکە تریفەیەکی خەندە ڕەنگی بەسەر پەرچەمی پەرییەوە کرد و، کاکی ڕاوچیش،

کامەران: خەڵکینە ئاگرێکم تێ بەربووە بەو دەریایەش ناکوژێتەوە، با نەیەکەم لە بەرۆکم بکەمەوە و دەست بەژەندن بکەم، ئەمەوێ ئاگر لە ئاگر بەربەم، بڕوانن دڵم فوو بەنەیەکەدا ئەکات و لە بری پەنجەکانم گیانم دەیژەنێ. خەڵکینە، ئیدی ئەوەدەمە هەر ئەوەندەم خۆش بوو، بووک پەری ئاوڕێکی لێ دامەوە و بەوپەڕی میهر و نەوا و نازێکی نازەنینانەوە نیگایەکی کردم، چۆن نیگایەک هەزار و سەد دەفتەری جێگای سەرگوزشتەی داستانەکان ئەو نیگایەی تیادا نەئەبوویەوە. بەوخوایە لەبەرچاوم بووە خەجاوە چاوڕەشەکەی بەردڵانی خۆم، ئای هەر ئەوەندەم خۆش بوو... ئیدی بۆ کرۆز لە نەی و پەنجەکانمەوە هەڵسا و حەوت ئاسمان ئەڕۆیی، لێوانم سۆزی چزەچزی هەڵقرچان و سووتانیانی بەگوێی حەسرەت ژەندنا ئەچریکان. هاتە بەردەستم و ئاوا ڕاوەستا، هەر ئەت وت بەختەباران گشت حەز و خۆشی و ئارەزووەکانی تێکڕای وەرزە خەونەکانی ژیانمەوە بەسەر گیانی گڕ تێ بەربوومدا نمە ئەکا و هەست لە ناخما چەکەرە پێ ئەکات کە دەوروبەرەکەی پێ بەهاریی ئەبێ، سینە و گەردنی بەسەر جەستەی مەستی بادەی خودا نەشئەییمما شۆڕ کردەوە... منیش... ئای لە من و وای لە من خۆم لە کوێ خەڵتانی خوێنی ڕژاوی خۆمم و گیانی بەرزە هەڵکشاوم سەرەوخوار بۆ ئەستێرە ئەڕوانێ، ئەوەندەم هۆشوگۆش لەبەرا مابوو، بینیم ئەو چەپکە تریفەیەی مانگ بەپەرچەمییەوە کردبوو، نایە بان نەی و پەنجەکانم... چەندەم کرد و چەندەم کۆشا لێوم بۆ هەڵنەهاتەوە، تا تاکە حەرفێ بەداوێنییەوە بکەم... (بێدەنگی... دەنگی نەی)

ئەڵڵا لەم چەپکە هەڵاڵە چیاییە، ئەمە چەپکە تریفەکەی پەری دەریا بوو، ئەمە خوا ناردوویەتی، ئەیبەم و لە پەرچەمی شەوەڕەنگی خەجاوە خانمۆڵەکەی خۆمی ئەدەم، تا لە چاوی بەد بەدووربێ و هیچ جادوویەک کار لە خۆشەویستییەکەمان نەکات... خەجاوەخان ئەم دیارییەم بۆ تۆ هێناوە، ئەها... (ماندوو ئەبێ)

خەجاو: کامەران، ئەوە چییە، شەکەت و ماندوو ئەتبینم؟ چیت بەسەرهاتووە؟ کێ بەم مەرە خراپەی بردوویت؟ چییە بۆ هەناسەبڕکێت پێگەییوە؟ کامەران...

کامەران: خەجاو... من؟ ئاوا ڕام ئەکرد و بەبێ ئەوەی بەملاولای خۆما ئاوڕ بەمەوە،



خواخوام بوو تاوێ زووتر پێت بگەم و دیارییەکەی پەری دەریات بەپەرچەمەوە بکەم... ڕام ئەکرد و کاتێکم زانی ڕووم بەڕووی سەگەلی ماڵی پاشا و کوتەکی پاسەوانانی دەروازەی کۆشکا تەقییەوە، ئیتر کەوتمە بەر داپڵۆسین و قەپاڵ لێگرتن... کاتێ بەئاگا هاتمەوە، سەیر ئەکەم لە سای دیوارە زەبەلاحە ترسناکەکانی کۆشکا کەوتووم و ئازای ئەندامم ئەزریکێنی و خوێن لە تەپڵی سەرمەوە فیچقە ئەکات... (بێدەنگی) گوڵەکانم ئەوێتەوە... هەی ماڵی بابتان کاول بێ یاساوڵانی پاشا، هەی دەور و دوکانت وەرگەڕێ پاشا، گوڵەکانم ئەوێتەوە، گوڵەکانم بۆ پەرچەمی شەوەڕەنگی خەجاوم هێنابوو... (لەبەردەمی خەجاوا بەشەکەتی بەلا دادێ).

(بووکە سەماکەرەکان دەرئەکەونەوە)

دەستەیەک:

ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو
هەقایەت تەواو نەبوو
هەر باسێ بکرایەوە
بەلای گورگا ئەشکایەوە
ئەمە گورگە و گورگ ئەخوا
ئەوە گورگە و چاوی گورگ هەڵئەکۆڵێ
ئەوە و ئەوە و ئەوە...
ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو
هەقایەت تەواو نەبوو

داپیرە: جا کۆرپەلە شیرینەکانم، ئەوە دیارییەک لە شای پەرییانەوە بێ، ئەوە هومای بەخت و نگینە و دەست کێ ئەکەوێ!

شەنگە: (بووکەڵەکەی بەدەستەوەیە و نمایشی پێ ئەکات) داپیرە، سەیرکە، ئەها خەجاو ئەڵێ: کامەران کوانێ دیارییەکەم؟ چی لێ هات؟

مینا: (بەهەمان شێوەی شەنگە نمایش بەبووکەڵەکەی ئەکات) خەجاوگیان، سەگەل و پاسەوانان بەم دەردەیان بردم.

شەنگە: کەواتە هیچ، ئەوە بەختی خواپێداوانە، نەک ئێمە، ئێمە چۆن ئەبێ، نەء نایەڵن،

بەڵام گوێ مەدەرێ و خەمی پێ مەخۆ، ئەوە دیارییە هەر دێتەوە دەستی خاوەنی... ئەوە...

مینا: چۆن خەمی پێ نەخۆم و گوێی پێ نەدەم، ئەوە بۆ کێ هەڵئەکەوێ، کێ هەلی وای بۆ هەڵکەوتووە.

شەنگە: پێت ئەڵێم گوێی مەدەرێ، هەر ئەبێتەوە، ئەی ئەوەت بیرچوویەوە...

مینا: کامە خەجاو؟

(تاریکی و ڕووناکی، بووکەڵەکان ئەبنەوە بەکامەران و خەجاو)

خەجاو: کامەران، ئەها، هەر ئێستا بیرت ئەخەمەوە، ئادەی جوان جوان چاوانت بنووقێنە، سەرت بلند بگرە و وەک لە تاقی ئاسمان بڕوانی، تەنها بیروهۆشت لای من بێ، خەیاڵ و بیرت بەهیچ لایەکا نەڕوا، تەنانەت گوێت لە دەنگی لێدانی دڵی خۆشت نەبێ، هیچ گرژییەک لە لەشتا نەمێنێ، خاو بەرەوە وەک لەبەر خۆری ڕۆژێکی سەرەتای بەهارابی، دڵت لام بێ... کامەران بیرکەرەوە، ئەو ڕۆژە بێنەرەوە بەرچاوت، کە هێشتا وەکو ئەو باسە لەناو باسانا نەبوو، ئەو سەردەمەی گوڵ (دەم ئەجوولێنی و دەنگ نامێنێ، کامەران ئەبیستێ)... کامەران چی ئەبینی بیلێ.

کامەران: لە یەک کاتدا، دوو بینراو، یەکەمیان خۆمم و چەپکە گوڵەکەم بەسنگەوە گرتووە و بەسەر ئەو خەڵکانەدا دابەشی ئەکەم کە گیانیان نەزری یەک نیاز کردووە، ئەوە بینراوی یەکەم بوو، بینراوی دووەمیش، ئەوەتا پاشا شێتگیر بووە، کەف بەلا شەویلگەیا هاتۆتە خوارێ، ئاگر لە چاوانییەوە ئەبارێ، وەک گا ئەبۆڕێنێ و وەک مالۆسی چەقۆ لە مل دراو مرخە مرخیەتی.

(تاریکی)

پاشا: بۆ... بۆ؟ کەی باخ و گوڵزاری پاشایەتیم ئاوابوو! کوا خەرمانەی گوڵ و بۆنوبەرامەی دەماغ مەستکەرەم؟ کوا؟ بۆ بۆتە دڕکەزی و پەیکوڵ و کەرتەشی و چقل و چەوێڵ؟ دڕک خەریکە چاوم دەردێنێ، وا بڕوا گوڵ لە گەڵ قەدەغە ئەکەم، هەر گوڵە و سەر پەڕاندنێکی پێوەیە... ئادەی یاساولانی سەرپەڕێن، ئادەی چاوسوورانی قەڵاچۆکردن... ئادەی... ئادەی...

کامەران: خەجاو، ئەو ڕۆژانە بوو، شام بەسەپان ڕانەئەگرت و ملی جەربەزەییم لە چەقۆی مەرگ ئەسوو، لە بریسکەی چاوەکانمەوە خۆبەخت کردن لە دایک ئەبوو. ئەو ڕۆژانە



بوو سینەم کتێبی ئەلف و بای هەڵشاخینی بۆ نەوجەوانان ئەکردەوە، خەجاو، ئەوە جارانی جارانم و ئەمەش ئەمڕۆمە بڕوانە دادگایە و دادگای من ئەکەن.

خەجاو: دادگای تۆ؟!

کامەران: بەڵێ دادوەری بەڕێز، بەڵێ ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی دادگا، بەڕێزینە، فەرمووتان، سوێند بخۆ، کە ئەوەی ئەیڵێی ڕاستە و جگە لە ڕاستی نایڵێی، منیش ئەڵێم ڕۆژانی ڕابوردووم ڕاستگۆترین گەواهمە و، سپێدەی لاجانەکانی ئەمڕۆکەشم گەواهمە و پەرژینمە... بەڕێزینە، ئێوە منتان بەئاڵوگۆڕکردنی ماسی بەگورگ تاوانبار کردووە، منیش ئەپرسم، هەر بۆ خوا بڵێن، ئەو کارە لە وزە و توانا و دەسەڵاتی کەسدا هەیە؟ ئەمەش جۆرە شەترنجێکە، ئەو شەترنجەی جاران و هەنووکەش یاری بە...

دادوەر: (چەکوشەکەی بەکاردێنێ) ئەوە باسی چی ئەکەی؟ بێدەنگبە، لە باسەکە و وەرامەکە مەترازێ.

کامەران: باشە بۆم هەیە بپرسم، بۆ گوڵزارەکەی پاشا بەچقل و...

دادوەر: کابرا چیم پێ وتی؟ ئێمە بۆ تەنها کێشەیەک دانیشتووین، کێشەی ماسی بوون بەگورگ، نەک یاریی شەترەنج و گوڵزاری ماڵی پاشا.

خەجاو: هێی، جەنابی دادوەر، بۆ نایەڵی قسەکان تەواو بکات؟

دادوەر: جارێ، هێی هێیت لە چییە ئەڵێی لە گۆلک ئەخوری... باشە کێ ڕێگای بەتۆ داوە، ئاوا سەربەخۆ بدوێی؟ پارێزەری ئەگەر پارێزەری ئەوێ، با داوا بکات. فەرموو پارێزەر دەستنیشان بکە.

(دەنگە دەنگ و هەراوهوریا و بەیەکدا هاتنە)

کۆچەر و ڕووبار: شار سەرقاڵی هەڵبژاردنە، شار پارێزەری سەر ڕاستی بەتوانای بۆ داکۆکی لە ڕاوچییەکی شار ئەوێ، شار پارێزەری دەمڕاست هەڵئەبژێرێ.

(کەشی هەڵبژاردن و شێوە کەرنەفاڵی)

دەستەیەک: ئێمە، ئێمە، ئێمە هاتووین
هاتووینەتە بەردەم ئێوە
خەڵکی شاری کۆڵەوارین

خەو لێزراو و بێزارین
لەبەر کەڵپەی گورگانەوە
داکۆکی لە ڕەوا بکەین
کێشەکەمان، کێشەی مرۆڤێکە
مرۆڤێکی بێ گوناه
مرۆڤێکە ڕۆژانێ بوو
ئاسۆی جوانی ئەرخەوانی
گوڵی یخە و بەرۆکی شار
تارای سەری بووکێ خانم
سورمەی دیدەی دڵدارەکان
دیاریی دەستی ئەو یارە بوو

(دەنگە دەنگ و بانگەشەی هەڵبژاردن و بەیەکاهاتنی ڕەنگەکان)

دەستەیەک: هەڵبژێرن، هەڵبژێرن... هەلە و هەلە، پیاوی زیرەک لە دەست مەدەن، دەمڕاست لە دەست مەدەن دەستپاک لە دەست مەدەن... هەڵبژێرن، هەڵبژێرن.

ڕووبار: بۆ نازانین، ئەوانەی ئەو کاتەیان پێ دروستە باران هەوری گەرەک نەبێ، درەخت ڕەگوڕیشەی نەبێ،

دەستەیەک: ئەبێ وابێ! شتی وا چۆن ئەبێ ببێ!

ڕووبار: بەڵێ ئەیانەوێ، لە بری گا، گالیسکە گا ڕابکێشێ.

دەستەیەک: ئەبێ، ئەبێ! شتی وا چۆن ئەبێ ببێ!

ڕووبار: خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵبێ و سەرمەقولات بە وەرزەکانی ساڵ بدات.

هەمووان: ئەبێ، ئەبێ! هەرگیز نابێ، نابێ، نابێ.

(دەنگی بڵندگۆ و بانگەشەی هەڵبژاردن و بەیەکاهاتنی بەیداخەکان، پاشان بێدەنگی)

دەستەیەک: خەجاوی باوە نەهەنگگرمان هەڵبژارد.

دادوەر: چیتر؟ ئێ، پاشان، بەردەوامبە.

خەجاو: گریمان ئەم دەستە و ئەو دەستەم دوو دەست ناکات کەواتە دووانیش یەک و یەک نییە.



دادوەر: تۆ ئەڵێی چی؟ ئەڵێم بەڕوون و ڕەوانی بدوێ. خەجاو، تەنها و تەنها ئەو حەقیقەتە ئەڵێمەوە.

(زەنگی قوتابخانە لێ ئەدات)

مامۆستا: ئێستا زانیتان، کە هیچ لەسەر هیچە بنیاد ناکرێ، بوون لە بوون و لە نەبووەش هەر نەبوون، باشە ئەمە وەک چشتێ وایە؟ ئادەی بزانین... بزانین چ قوتابییەک...

(دەست هەڵئەبڕن و دەنگەدەنگی... مامۆستا، مامۆستا)

ئادەی کوڕەکەم تۆ، بابزانین.

قوتابی: مامۆستا ئەمە وەک ئەوە وایە. بگوترێ: کابرایەکی بەستەزمان لە نهۆمی چل و چوارەمی باڵەخانەیەکی گوندی سەرشاتە بەسەرا کەوتە خوارەوە و گیانی لە دەست دا و، ئێوە خۆش.

قوتابییەک: کابرا مرد.

مامۆستا: بێگومان لە شوێنێکی وا بەرزەوە بەربێتەوە هەپڕوون بەهەپڕوون ئەبێ، بەڵام نەمردووە، ئەزانن بۆ؟ چونکە لەو گوندەدا خانووی دوو نهۆمیشی تیا نییە، کەواتە؟

قوتابییەک: ڕاست نییە.

مامۆستا: نموونەیەکی تر؟

قوتابی: وەک بڵێین، داماوێ لەو کەپکی چیای زۆزانەوە لەسەر دارخورمایە بەربوویەوە و چوارپەلی شکا.

مامۆستا: ، کەواتە قوتابییە ژیرەکان؟

(زەنگی قوتابخانە لێئەدات)

(تاریکی)

دادوەر: (چەکوشەکەی لێ ئەدا) ئادەی پارێزەر؟

خەجاو: دادوەری بەڕێز، کەواتە دەریا و گورگ لەکام گۆشە مەنتیقا جێگای ئەبێتەوە و، چی ئەفەرموون؟

دادوەر: تۆ بۆ کوێمان ئەبەیتەوە؟ ئێمە بۆچی دانیشتووین و تۆ باسی چی ئەکەی.

(دەنگی ساز و سەنتوور)

حەقایەتخوان:

وادی بەوادی
تەختی مورادی
خواردنی کاردی
نووستنی لبادی
ئاوی دێمەکی
سێبەری کەپکی
خەوی بادۆستی
مەلای گەرمێنی
فەقێی کوێستانی

ئۆباڵی بەملی ئەو مامۆستایەی ئەممەم لێ زانی،

(ساز و سەنتوور)

دەستەیەک: (ئەم گۆرانییە ئەڵێنەوە)

کێ بوو شەمموولەی گرتەوە
چرا خامۆش، ڕۆژبوویەوە
نوقڵانە بێ یار هاتەوە
باوی سەیران گەڕایەوە
هێی، هێی، هێی

(زەنگی قوتابخانە)

مامۆستا: تینوو خەون بەئاوەوە ئەبینێ، ماران گاز لە خشەی گەڵا ئەسڵەمێتەوە و خەون بەهەژدیهاوە ئەبینێ. ئەوەی خەونیش بەگورگەوە ئەبینێ.

قوتابییەک: (ئەم گۆرانییە لەگەڵ زەنگا ئەڵێنەوە)

لە دەریای شین و نەرمونیانێ
شەپۆلی تاوتاو خەیاڵ ڕاژێنێ
ماسی بەگورگ بێ، ئەمە مەتەڵە



زرنگە ئەوەی ئەمە هەڵبێنێ

دەنگ: دادگا، دادگا

دادوەر: ئێمە بەردەوامین، با شایەت حەمە ئەربەبا، ناسراو بەخاڵە حەمە بێت.

(خاڵە حەمە نابینایە و دەستیان گرتووە)

شایەت و نابینا، ئەمە لەکەیەوە کوێربووە؟

خاڵە حەمە: جەنابی دادوەر، بەڵێ منم شایەتی نابینا، بەڵام جاران، بەرلەوەی بکەوینە داوی ڕۆژانی خەو زڕانەوە، جووتێ چاوم پێوەبوو بەهەڵۆوە نەبوو... دادوەری بەڕێز ئەم نابیناییەم شایەتییەکەمە و هیچی تر ناڵێم.

دادوەر: ئەمە چی ئەگەیێنێ؟!

خەجاو: خاڵە حەمە لە گوڵەسوور بەیێخەکانی ڕۆژانی خۆی بوو.

دادوەر: هیچمان نەکرد بەهیچ، ئەمە وا بڕوا... ئەو شایەتە ماوە میرزا وەسمانی حەقایەتخوان، با سوێند بخوا... دەی با قسە بکات، (سوێند ئەخوا)

حەقایەتخوان: بەڵێ قوربان، جەنابی دادوەر ئەوەتام، ئامادەم، بەڵام بەوخوایە هەرگیز ئەو جۆرە باسانە بەدەمی منا نەهاتووە... قوربان، هەر لە هەبوو نەبووەکەما بووم و، جەماعەت لە دەمیان قوازتمەوە و بەئارەزووی خۆیان سەر و کلکیان کرد و جۆرەها شاخ و باڵیان پێوەنا، هاوارم لێ کردن، پاڕامەوە، لالامەوە، هیچ سوودی نەبوو، ئیتر قوربان خۆت ئەو خەڵکە ناناسی، بەبڕوبیانووی زەین کوێری دەمیان قەپات کردم و ئەوان بوونە حەقایەتخوان، نازانم ئەم گورگ و مورگ و قوتابخانە و گوڵی سوور و موورەیان لەکێوە هێنا، پەری دەریای چی و... بەهەرحاڵ ئەوەی ویستیان، ئیتر شتی یاساغیش، ئیتر... ئەوەتا ئێوەشیان گیرۆدەی سەرئێشی کردووە.

خەجاو: دەبوو وای لێ بێ.

دادوەر: کاتت نەهاتووە، ئەڵێم باشە کام لایەنە زەین کوێربوو؟

خەجاو: جەنابی دادوەر، زەین کوێربی و زەین ڕوونی لەوەدایە، ئەوەی هەقایەتەکەمان بەکاتژمێرێ دەزانێ کە بەدرێژایی وەرزەکانی ساڵ، وەک یەک ئەخوێنیتەوە، ئێستا و ڕابردوو و ئایندە، ئەوە زەین کوێرە، چونکە مرۆڤی زەین ڕوون هەقایەتەکەی پۆشاکی پۆشتەکردنی ڕۆژانییەتی، پێوەری سەردەم کیلۆ و گرام و

چرکە و... ئەوانە نییە.

دادوەر: ئەمەی تۆ ئەیڵێی بۆنی شتێکی خراپی لێ دێ لێرەدا کۆتایی بەقسەکانت بێنە.

(گۆانی)

دەستەیەک:

«با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە
لە وەیس بپرسین، خەتای کامانە
بابچینە سەر وەیس، بۆ تۆبەکاری
تۆبە لە گشت شت، غەیری دڵداری»

دادوەر: (چەکوشەکەی ئەوەشێنێ و ئەنەرێنێ) ئاوا، بەخوا تەواومان کرد.

(گۆرانییەکە دەست پێ ئەکاتەوە)

(زەنگی قوتابخانە)

(بەشداران بوونەتە قوتابی پۆلەکە)

مامۆستا: قوتابییە زرنگەکان، بۆ ئەوەی ئەمجارە خۆتان چاک تەیار و ئامادەی دوا ئەزموون بکەن بەسەرجەم وانەکانمانا ئەچینەوە و لەوانەی یەکەمەوە دەست پێ ئەکەین... ئادەی وانەی یەکەم.

کامەران: سەرم گەرمە و کەیلی جۆش و خرۆشێکی گڕاوییە و، دڵم بۆ خەونە بەهارییەکان لێ ئەدا و، سەرلەنوێ کەفوکوڵی ڕازونیازە ڕەواکە لە گەرووی نایەکەمەوە لە چلەی بەستەڵەک و هەڵلەرزینی زستانا، بەگوێی دارستانە گوارە هەڵوەریوەکانا، ئیدی بای وەشت هەڵدەکا و شکۆفە خەندە ئەکا و مەلان ئەجریوێنن و گیانە ناشادەکانیش لە ناخی گۆڕستانی خامۆشەوە هەڵئەکشێن و مەشقی سەمای زیندووبوونەوە دائەدەن... خەجاو گورج کە، ڕێگایەکی دوورودرێژمان لەبەرە.

(گۆرانی با بچینە سەر وەیس ئەڵێنەوە)

(زەنگ)

(کۆتایی)

## شـانۆی

# ئەوانەی توونی بابا چوون

نووسینی
ئەحمەد سالار
دەرهێنانی: ئەرسەلان دەروێش



کەسانی شانۆییەکە:

سالار: نووسەرە

پیرۆز: خێزانی نووسەرە

هونەر: منالّی نووسەرە

شەنگە: منالّی نووسەرە

پاشا: پاشای هەقایەتە

شاژن: شاژنی هەقایەتە

ئەستێرەوان: ئەستێرەوانی دیوانی شایە

نازەنین: شازادەیە

لاوە: ئاشقی نازەنینە

کەسێک: نێردرای شاری هەقایەتە

سالار: (گۆڤاری (ڕامان)ی بەدەستەوەیە و ئەیخوێنێتەوە) عێل پاشای کوڕی جەمشید پاشا ئەمری بەدەوروبەرەکەی کرد و وتی: (ئەبێتە عێل پاشا) هەر لاوێک بتوانێ بچێتە -توونی بابا- و دەروازەکانی بشکێنێ ئەوا (سەوڵ) خانمی کیژمان ئەبێتە بووکی و...

پیرۆز: ئەوە ئەو هەرایەت لە چییە؟ ئەوە چی ئەخوێنیتەوە؟ سالار بەسەری باوکم وامزانی تەلەفزیۆنەکەیە.

سالار: پیرۆز ئەمە بابەتێکە کاک سەلام مەنمی لەسەر (توونی بابا) نووسیویەتی. بابەتەکە کارێکی بەراوردکارییە لە نێوان (توونی بابا) و کۆشکی پەیکەرەکانی (خۆرخە لویس بۆرخیس) کە چیرۆکێکی هونەرییە و (توونی بابا)کەی لە مەڕ خۆشمان ئەفسانەیە.

پیرۆز: باشە خۆ تۆ ساڵەهایەکە خولیای شانۆی کەلەپووریت. چۆنە بیرت لەو ئەفسانەیە نەکردۆتەوە؟ (توونی بابا)، جاران ڕکیان لە کەسێ بوایەتەوە، ئەیان وت (ئاوی ئاموون چێ. توونی بابا چێ) مەبەستیان لەوەبوو نەیەتەوە.

سالار: (توونی بابا) هەزار و نۆسەد و دوو دەرە نەمدیوە کەس تێیدا بخەوێ بەدوو سەرە!

پیرۆز: ئێستا ئەڵێی چی؟ ها؟

سالار: بیرێکی لێ ئەکەمەوە.

(تاریکی)

شەنگە: (بەدەنگی بەرز وانە ئەخوێنێتەوە) ڕۆژێکیان دەمەو بەیان دایکی ئازاد کوڕەکەی بانگ کرد و پێی وت: ئازاد، ڕۆڵە، زووکە لە خەو ڕاپەڕە، وا باوکت و براکانت پێشت کەوتوون و چوونەتە کێڵگە (بەرە بەرە دەنگ بەرز دەکاتەوە)، چونکە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی گەنم تۆوکردنە کە ئازاد...

هونەر: (دێتە ژوورەوە) شەنگە، شەنگە، دایکم چی پێ وتین؟ باوکم خەریکی شانۆنامە نووسینە.

شەنگە: (زیاتر دەنگ بەرز ئەکاتەوە) کە ئازاد چاوی کردەوە تەماشای کرد وا دایکیشی خۆی ئا...

پیرۆز: چییە کردووتانە بەجەنگی مەغلووبە، گوناحە با سەری لێ تێک نەچێ، وتی مناڵەکانیشم دەوریان ئەبێ، بەشدار ئەبن. ئیتر مەیکەنە هەرا...



شەنگە: باشە من دەوری چی ئەبینم؟

هونەر:هەر شەنگە؟

شەنگە: ئەی دایکم؟

پیرۆز: دایکتانە و ئەشتوانێ دەوری شازادەی حەقایەتەکەش ببینێ. باشە چۆنە باوکتان دەنگی لێوە نایە ئادەی با بزانین.

(تاریکی)

هونەر: ئەوە چییە! پرخە پرخیەتی.

شەنگە: باوکە

پیرۆز: خەبەری مەکەنەوە.

سالار: (دێتە ژووری) لەلایەکەوە خەوم لێ کەوتبوو، لەلایەکی تریشەوە خەونم ئەبینی و دەنگە دەنگی ئێوە.. ئەزانی چۆنم بەسەر هاتووە؟

پیرۆز: خەونەکەت پچڕ پچڕ بووە.

سالار: دەفەرموون بۆم گرێ بەنەوە.. ئادەی بزانم چۆن چۆنی بەیەکەوە ئەیبەستنەوە..

بابزانم.. ئێ زۆر چاکە، با نیوەی خەون و نیوەی ڕاستی بێت.

هونەر: باوکە خەونەکەت چی بوو، خەونت بەچییەوە بینی؟

(تاریکی)

سالار: چوون، ئەوانەی چوون... چوون...

هەمــووان: چوون، چوون، ئەوانەی (توونی بابا) چوون، ئەوانەی چوون و نەهاتنەوە ئایا زەوی قووتی دان؟ ئاسمان هەڵیکێشان و هەڵیلووشین؟ چییان لێهات و لە کێ بپرسین و، چۆن سۆراغیان کەین؟

سالار: دۆزیمەوە، ئا لێرەوە، دەست پێ ئەکەم: کێ بتوانێ پەی بەنهێنی پڕ لە گرێ کوێرەکان و کلافە ئاڵۆزە ئاڵۆزەکانی بەرێ؟ جەربەزە! کام جەربەزە؟ ئەی گوایە ئەوانی تر چی بوون؟! دیارە تەلیسمێک لە ئارادایە، ئەو تەلیسمە؟ بۆتە دەرد و بەڵای خەڵکێک.. جوانە.

پیرۆز: بیرت چووەوە، تۆ خۆت باست لە حەوت دیواربەندەکەوە ئەکرد.

سالار: تۆ بڵێی حەوت تاقەکە. حەوت تاقەکە. باشە کە زانرا ئەو دیواربەندانە، چی

ئەنوێنن. ئەوا ئیتر نهێنییەکە ئاشکرا ئەبێ. ئەو حەوتە مەبەستێکی گرنگی تیایە. باشە گریمان شوێن گۆڕکەیان پێ کرا، کەواتە چی ئەبێ؟.

هەرسێکیان: بابەتەکەی ئاڵۆز ئەبێ.

سالار: بەڵام هەر بەحەوتی ئەمێنێتەوە.

هونەر: باوکە چوزانی باسی چی ئەکا، کێ ئەڵێ هەر تاقە و بابەتێک نییە.

سالار: ئەو ژمارە حەوتە بەخۆڕایی نەهاتووە. حەوت واتای تەواوبوون و تەواوەتی ئەگەیێنێ.

(تاریکی)

سالار : ئەوەی خەیاڵی شازادە نازەنینی لە کەلە نابێ، ئەوا سەر بەگەرووی نەهەنگا ئەکات، هەر ئەوەندە زیاترە و زیاتر... بگرە هەزار و یەک کوێرەوەری و چەرمەسەری. ناتوانی مەبەست بپێکی، تەنها مەگەر بتوانی زەبری عەقڵ و زەبری بازوو یەکانگیر بکات. ئەو دەمە ئەتوانی هەست بەشوێن گۆڕکەییەکە بکات و وەک خۆی لێ بکاتەوە. ئادەی بابزانم من ئەمە ئەو پەیماندەرە و وا ڕوو لە دیاری بەرز و جوانی شازادە نازەنین خانمی کچی پاشای هەقایەتی پشت کێوان ئەکەم. وا لە دەرگا ئەدەم.

(تاریکی)

(دیوانی شای شاری هەقایەت)

شا: ئاوا! خانمە خاسەکەم. ئەوە ڕای نازەنینی کچمانە؟ زۆر چاکە. من بەدڵمە.

شاژن: ئەمە بەڵایەکە و هەمووانی گرتۆتەوە.

شا: خانمی خانمان، بفەرموون بزانین ئەستێرەوان چی لە هەگبەدایە، با بێتە ژوورەوە

(ئەستیرەوان ئامادە ئەبێ)

ئەستێرەوان: سڵاو لە شاهی شاهان. پاشای وڵاتی هەقایەت.

شا: سڵاو. ئادەی، با بزانین بۆچی شازادە نازەنینی کچمان مەلوولە و پەستیی بەری نادات؟

ئەستێرەوان: گەورەم شاهی سەروەرمان. تەنها دەرمانێ دەرمانی دەردی شازادەمانە.

شا: کام دەرمانە؟



ئەستێرەوان: لەو شیرازە تێکچوونەوەی لە کاری شوێن گۆڕکەی دیواربەندەکانی سەربوردەی پیرۆزەوە سەری هەڵداوە و بۆتە مایەی ترازانی مەدارەکانی بورجەکانی فەلەک.

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

پیرۆز: ئێ پاشان؟ ئەوی شازادە لە چی کەمە. چی تری ئەوێ؟

سالار: ئەزانی بۆ پەستە؟ با بۆت ڕوون کەمەوە.

پیرۆز: تۆ چوزانی؟ خۆ تۆ لەوێوە نەهاتووی؟

سالار: ئەی من نووسەری بابەتەکە نیم؟

پیرۆز: ناڵێم نووسەر نیت. بەڵام نابێ هۆکارێکی زۆر بەهێز هەبێ تا ئەو شازادە نازەنینە خەمبار بکات؟

سالار: بەپێی کام مەنتیق؟ ئێستا یان ئەوسا. دیارە بۆ ئەمڕۆکەیە.

پیرۆز: خۆ شازادە خەڵکی ئەم دەور و زەمانە نییە.

سالار: ڕەنگە من و تۆ لەژێر کاریگەری هەقایەتەکانا مابین. وەرە با لە مناڵەکان بپرسین. ئادەی کاکە هونەر. شەنگەخان.

(تاریکی)

نازەنین: ئەمە منم شازادە نازەنین. چاکتر وایە بڵێم نازەنینە کلۆڵەکە. چۆن و بەچی دڵم خۆش کەم. ناکرێ و نابێ.. نا...نا... لە یەک ترازان و دەست تێوەردانێکی بنچینەکان ئەو کارەساتەی ناوەتەوە. ئەوەتا لەو دەمەوە درەختەکان زڕبوون و ئافرەتەکان نەزۆک و کانییەکان کوێر بوونەوە... باڵندەکانی ئاسمان هەواریش پەرەوازە بوون و سەریان لێ شێوا. بێ هێلانە و بێ دان و ئاو... تەمی بێ ئارامی و خاکە ساریی ئاسمانی شاری تەنیوە. نە گوڵ بۆن و ڕوخساری جارانی هەیە، نە ساز و نەی سۆزی ماوە. نە بولبول چریکە و چەهـ چەهە و خرۆش. (هەڵوێستەیەک ئەکات، هەست بەهاتنی کەسێک ئەکات)

(لاوە دێتە ژوورەوە)

لاوە. ئەوە تۆی. بۆ درەنگ هاتی، ئەزانی چاوەڕوانیش بەڕۆژ و دەور و زەمان ئەگۆڕێت.

رۆژ لەدوای رۆژ تاڵتر ئەبێ.. ئەزانی بیرم لەچی ئەکردەوە؟

لاوە: بلێم لە من؟ یان لە رۆژگاری زڕ.. یان ڕەشە ڕۆژان. یان.. یان.. نازانم.

نازەنین: لە هیچ شتێ تەنها لە شتێ نەبێ.

لاوە: خۆشەویستی.

نازەنین: ئەو بەڵایەی خۆشەویستی ئاڵۆدەیەتی.

لاوە: حەز ناکەم زۆر بیری لێ بکەیتەوە. ئەمە قەدەرە و هاتووە.

نازەنین: ئەی ئەگەر ڕەشەبای قەدەر درەختی بوونی هەمووانی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەند؟

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

پیرۆز: ئەوەش هەر لە خەونەکەتا بوو؟ ئەوە ئەڵێ چی؟ باشە ئەگەر ئەو لاوەیە لە خۆشەویستییەکەیا سەر ڕاستە. بۆ نابزوێ، بۆ کارێک ناکا؟

هونەر: خەونی چی و هەقایەتی چی. خۆ ئەوە وەک ئێمە قسە ئەکات.

سالار: باشە کوڕم چۆن قسە بکات؟ ئەزانی ئێوە نەتانهێشت قسەکانی تەواو بکات.

شەنگە: بابە ئەوە وەک ئەفلام کارتۆنەکەیان لێ کرد.

سالار: ئەفلام کارتۆنی چی؟

شەنگە: دوێنێ سەیرم ئەکرد. گەیشتە ئەوەی کچە پاشا قسەکەی بەباوکی بڵێ. کارەبا کوژایەوە.

پیرۆز: سالار بزانە شەنگە چی ئەڵێ؟

سالار: شەنگە خان ئەگەر تۆ بویتایە، چیت بەباوکت ئەوت؟

شەنگە: کچی ئەفلام کارتۆنەکە، یان شازادەی هەقایەتەکە؟

سالار: بەئارەزووی خۆت.

(تاریکی)

نازەنین: ئەگەر لەسەر خواستەکەت سووریت و بەخۆتا ڕائەفەرمووی، فەرموو، لەمڕۆ زووتر نییە. وەرە دیوان و بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە بڵێ.

(تاریکی)



لاوە: بەڵێ پاشای گەورەم، من ئامادەم، گیان لەسەر دەست و پشت بەیەزدان. وا لەبەرچاوی ئەم دەست و دایەرە بەڕێزە و لە دیاری بەرز و پاکژتاندا بەڵێن ئەیەم، ئەڕۆم یان نهێنییەکە ئاشکرا ئەکەم و ئەو تەلیسمە ئەشکێنم کە تەرازووی بابەتی تاقانی پیرۆزی بوونی، نەنەگ و لەنگ کردووە... یان ئەوەتا وەک ئەوانی پێشتر ئێوە خۆش، سەروەرم ئەمە دوا بەڵێنمە.

شا: دروستە و من ڕازیم، بزانن شازادە ئەڵێ چی.

(تاریکی)

(لە دەرگا ئەدرێ)

سالار: توخوا ئەمە کاتی لە دەرگا دان و میوانە... بەهەرحاڵ کوڕم بزانە کێیە (دەرگا لێدان زیاد ئەکات) بابە وا هات، وا هات دەرگاکە لەبن دەرمەهێنە و لە گرێژەنەی مەبە. ئەرێ دوایی بیرم بخەنەوە گەیشتبووینە کوێ، باشە شەنگە خان تۆ بیرت تیژە باشە؟

هونەر: باوکە پەیامنێری تەلەفزیۆنە و ئەڵێ بۆ دیمانەی باوکت هاتووین.

سالار: باشە بەخێر بێن سەرچاو، کوڕم نەیان وت کام کەناڵەیە؟ نەتناسین؟ دەی خێراکە فەرموویان لێ بکە با بفەرموونە ژووری میوان. ئا پیرۆز چایەکیان بۆ لێنێ. (بەتەنیا ئەمێنێتەوە)

سەد لە سەد بۆ باسی ئەم بەرهەمەم هاتوون ئای (توونی باوە عەمرە) چۆن منیشت ون کرد. نا.. نا بەسەری خۆی هەر سەری لێ دەرئەکەم. باشە لە کێوە هەواڵی ئەم ئیشەیان بیستوە... زۆر ئاساییە کە من نووسینێکم بەدەستەوە ئەبێ تا بینراوێکی لێ ئەنووسم بەدەم باسی دە بینراوی ئەکەم، ئەوە گرفت نییە. بەهەر حاڵ. با پێشەکی پرۆڤەیەکی بۆ بکەم.

ئەو ئەپرسێ: ئەم بەرهەمەت ئە...

منیش ئەڵێم: پێشەکی سوپاستان ئەکەم. بان چاوان هاتن. ئەم بەرهەمەم (ئەوانەی توونی بابا چوون) پێکەنینێکی بۆ ئەکەم. نەتان بیستوە.. توونی بابا چێ. خۆی (توونی بابا) کەوتۆتە ناوچەی دەربەندیخان، نێوانی خرێ دەرەوێن وگوندی پونگڵە، واتە ڕووباری سیروان ڕۆژهەڵاتیەتی. وا بزانم ئەم پێشەکییە بەسە پاشان دووەم پرسیار. چی بپرسن؟ ئا.. من باسی گرفتەکە ئەکەم. باس لە گرێ کوێرەی

سەرەکیی شانۆییەکەوە ئەکەم، ئەڵێم بەهۆی دەستکاری یەک بەدوای یەکی بابەتی تاقەکانەوە سەر لە وەرزەکان و ڕەوتی ژیان تێکچووە. ڕەنگە بپرسن. شتی وا چۆن ئەبێ! ئەی باشە وەرامی من چۆن ئەبێ؟ براتم ئەڵێم: ئەگەری ئەم ڕووداوە بێنەرە بەرچاوت. گریمان بەیانییەک خەڵکیی کاتێ بەئاگاهاتن خۆر لەبری ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵهاتبێ لە ڕۆژئاواوە سپێدە ئەدا و گزنگ پەخش ئەکات. جوانە... جوانە... ئێ؟ ئەپرسم: باشە ئەوە سەرمەوقولات بەزۆر شت لێ نادات؟ لە وەراما چێ ئەڵێین؟ چی تر ئەپرسن...

پیرۆز: باوکی دیار. ئەڵێم باوکی دیار لەگەڵ تۆمە.

(سالار بیر ئەکاتەوە)

سالار: گەیشتە کوێ و... (پیرۆز دێتە ژوورەوە)

پیرۆز: گەیشتە کوێ؟ ڕۆیشتن. وتیان بۆ جارێکی تر.

(تاریکی)

نازەنین: ئەوانە بینینەوەیەک وێڵی سۆراغی ڕاستییەکی کردوون. ئەوانە لە چاوی ئەو هەست و ئارەزووەوە یەکتری ئەبینن، ئەوانە سەردەمەکان و سنوورەکان وەلاوە ئەنێن... ئەوەتا لەلایەکەوە چاوم لە لاوەی دڵ بوریانە و، لەلایەکی ترەوە چاوم لە ماڵی (سالار) ناوێکە، ئەگەر وا نەبێ ئەو لەکوێ و ئێمە لەکوێ.. ئێرە دوو هەزار ساڵی بەر لەدایکبوونی (عیسا) پێغەمبەرە و ئەوانیش هەر لە کوردستانن بەڵام لە ڕۆژانی لێ ئەداو لێ نادا... فەرموون ئا ئەوەتا پەنجەرەکەی کردەوە، هەردوو تاکەکەی خستە سەرپشت.

(تاریکی)

سالار: هەوایەکی بەهاری دڵکەرەوەیە، بای وەشتە و درەخت شکۆفە ئەکات، بۆنی ژیانی پێوەیە...

(نازەنین دەرئەکەوێ. سالار ئەوق ئەبێ و ئەحەپەسێ)

نازەنین: سڵ مەکە و مەحەپەسێ. من نازەنینم ئەوەی...

سالار: نووسینەکەی من.

نازەنین: لە سێ هەزار ساڵەوە هاتووم.

سالار: (چاوی هەڵئەگلۆفێ) بەینی خۆمان بێ، ئەمەیە جهانگیریی ڕاستەقینە



وتەواوەتی. خانم ئەمەوێ سەردانێکتان بکەم.

نازەنین: بەخێر بێی. بەڵام. ڕەنگە لای خەڵکەکەی سەردەمی ئێمە سەیر بێ. وا نییە.

سالار: نامۆ! ڕەنگە لای ئەو خەڵکە ئاخافتن و پۆشاکەکەم سەیر بێ، لەوەیە باسی ئەمڕۆ بکەم شایانی پێکەنین بێ.

نازەنین: دوودڵ مەبە و ڕێکەوە نایەڵێن بێ هاوڕێ بیت، دیارییەکیشم بۆ هێناوی.

سالار: دیاری!

نازەنین: دیاری لە شاری هەقایەتەوە بۆ سالاری هاومەبەستمان، بڕوانە ئەم کڵاوە (کڵاوێکی پیشان ئەدات) ئەمە لای ئێوە بە(کڵاوی سحری جن) ناسراوە، ئێمە پێی ئەڵێین (کڵاوی گرەوی بەخت بردنەوە).. ئەمە هەر کاتێ لەسەرت کرد نابینرێی، بەڵام تۆ خەڵکی ئەبینی. ئائەم زەنگۆڵە گچکەی قوچکەکەشی بۆ بەدەنگەوە هاتنە، فەرموو بیگرە منیش ئەگەڕێمەوە شارەکەم بەئومێدی کۆشش یەکخستن... ماڵئاوا. (ئەڕوات)

سالار: خەونە یان ڕاستی!؟ وا چاکە لای کەس باسی نەکەم و نهێنییەکانی ئەم کڵاوە زەنگۆڵەدارەش نەدرکێنم. باشە پرسیارێک ئەبی ئەوان بەو توانا سەیرەوە چ پێویستییەکیان بەکەسێکی وەک من هەبێ! دیارە ئەمە جەختە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە حەقیقەت بزر نابێ و سێ هەزار ساڵیش بەسەریا بڕوا هەر ئەچینەوە سەری

(تاریکی)

(ئەندامانی خێزانی سالار ئەم گۆرانییە ئەڵێن)

ئێمە پەندێکتان بۆ ئەڵێینەوە
ئێوەش بۆ خۆتان لێکیدەنەوە
پەند نەخشی بەردی گشت دەورانێکە
یادگاری جوانی باو باوانێکە
وتیان ماسییەک گێژاو لوولی دا
ئەشکەنجە و ئازار وریای کردەوە
بووە وانە بۆی، بڕیاری پێ دا
ڕوو لە زەریای گەورە کاتەوە

پەندێکی تریش وای گێڕایەوە
جارێ هوشترێ ڕێگای بزر کرد
ئەزانێ چۆنی بەهۆش هاتەوە؟
کاتێ بیابانی وەبیرکەوتەوە
ڕەشەبا گوڵی لە ڕەگ هەڵکێشا
وەرزان ڕابورد و بەهار هاتەوە
گوڵ چۆن ڕەشەبای لە بوغزا تاسان
لەسەر بەردی ڕەق خونچەی کردەوە

(تاریکی)

هونەر: باوەگیان کەی کڵاوەکەت لەسەر ئەکەی؟

سالار: ئێستا ئەچمە دەرەوە بەکڵاوەکەوە دێمە ژوورەوە. بزانن ئەمبینن.

شەنگە: ئەی چی لێ دێ.

پیرۆز: کچم ئارامت بێ، ئیتر ئەوە باوکتانە و...

(سالار ئەچێتە دەرەوە)

سالار: (لە دەرەوە دەنگی دێ) ئادەی چاوتان بنووقێنن... نوقانتان؟

هەمووان: بەڵێ، بەڵێ.

سالار: یەک، دوو، سێ، واهاتم.. چاوتان بکەنەوە

هەمووان: کوا؟ کوا...

پیرۆز: مناڵینە باوکتان ملی ڕێگای گرتووە.. چوو

(تاریکی)

سالار: ئەوەتام، ئەوەتام، لێرەم، گەیشتومەتە بەردەم دەروازە هەرە گەورەکەی شاری هەقایەت، ئێستا سێ هەزار و سێ ساڵ بەر لەلای خۆمانە، کڵاوەکەم لەسەر ناوەو کەس نامبینێ... ڕێگایەکی دوور و درێژی پڕ لە لێوار و هەڵدێر و پڕ لە دەعبا و دڕندەم بڕیوە. هەنگاو نانم شەو و ڕۆژی بەیەکەوە گرێ ئەدا. ئای خەمم بەدەست ئەژنۆکانمەوە خواردووە. وادەی دەمەو بەیان بوو، کانییەکم هاتە ڕێ کە شۆڕەبییەکی بەژن خانومان، پرچ وکەزییەی بەسەریا شۆڕ کردبووەوە دوو قوم ئاوم خواردەوە و،



پریاسکەکەم ژێر سەرم ناو، تا ئەوەندی چاو تروکاندنێ. نوقمی خەوێکی گران بووم. (قاقای پێکەنین دێ و بەئاگا دێت)

ئێوە کێن؟

کەسێک: دۆستین، هیچ شپرزە مەبە و سڵ مەکە. ئێمە تۆ ئەناسین و بۆ کۆمەکی تۆ نێردراوین.

سالار: کێ ئێوەی ڕاسپارد و ناردوونی؟

کەسێک: ئەوەی هاتە دیدارتان، شازادەی مەملەکەتی هەقایەت. نازەنین خانم.

سالار: بان چاوان.

کەسێک: جارێ پشووی خۆت بدە پاشان ڕێگا ئەگرینە بەر. (لاوە)ی دڵخوازی شازادەش لە شوێنی دیاریکراو چاوەڕوانتە. فەرموو ئەم سپاردەیەشی بۆ ناردووی.

(پێچراوەیەکی ئەداتە دەست)

(تاریکی)

پیرۆز: شەنگە گیان. بڕۆ باوکت لە خەو هەڵسێنە. وا نیوەڕۆیە، قۆری و پیاڵەکان لائەبەم. (شەنگە ئەڕوات باوکی خەبەر کاتەوە)، چاک ئەم پیاوە سەری خۆی بەم توونی بابایەوە جەنجاڵ کردووە، لە ئەوەڵەوە خەتاکەش خەتای من بوو دیارە درەنگ خەوی لێ کەوتووە... (شەنگە دێتەوە)

پیرۆز: ها کچەکەم خەبەرت کردەوە؟

شەنگە: ئەڵێ: با خەونەکەم بیر نەچێتەوە، بەبینراو ئەیان نووسمەوە.. تازە نان بەیانی ناخۆم.

پیرۆز: خۆی داناوە لە ماڵی پاشای هەقایەت نان بخوا چاک لە کەللەی داوە، (هونەر دێت)

هونەر: دایکە لەگەڵ باوکمتە؟

پیرۆز: ئەی هەر ئەو نییە بۆتە پاڵەوانەکەی (توونی بابا)؟

هونەر: ئەبێ ئێستا لە تاقی چەندەهەمیا بێ؟

(تاریکی)

(سالار باسی بینراوی دیواربەندەکە ئەکات و لەلایەن ئەکتەرەکانەوە نمایش ئەکرێ)

لاوە: (دێتە سەر شانۆ)وەرە لێرەوە بڕوانە. بابزانین ئەمە یەکەم بابەت و یەکەم تاق و دەرووە.

سالار: ئادەی (تەماشا ئەکەن)

لاوە: ئەمە لە یەکەم تاق ئەکات. ئەزانی بەچیا ئەزانم؟ بابەتەکەی سەرەتایە بۆ سەرگوزشتەکە. لەم سوارە بۆشناغە دەماغ بەرزە بڕوانە شەدەی لار داناوە و خەنجەری گۆپکە زێرینەی بەپشتێنی قەف قەفیا کردوە و، لە مشتووی سپی ساکاری بڕوانە، ئەو جووتە کەوشە شەمامە ڕەنگەی لە پێی کردووە و پووزەوانەی گوڵنگەداری مەرزی لێ هەڵکێشاوە. ئاو زەنگی لێ ئەدا و ڕیشووی شەدەی لەناو پەنجەکانی باکەدا گەمان ئەکات. ئەها کە عەجەب شۆڕەسوارێکە. ئەبێ هەوای چ کۆنە هەوارێ لە پەردەی دڵی دابێ.

(گۆرانی لەسەر تەپڵی سواریی، یان تەپڵی جەنگ)

گۆرانی:

هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە
تەپڵی سوارییان لێ دا
دار و بەیداخ هەڵبڕا
ئاو زەنگی چەخماخەی دا
خرمە خرمی ئاسمانە
نەعرەتە تا ئاسمانە
ئەسپان باڵیان گرتووە
شەدە با ئەیشەکێنێ
ئای لە کوڕی گەرمێنێ
هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە

هونەر: دایکە تا بازاڕ ئەڕۆم، زۆرم پێ ناچێ، زوو ئەگەڕێمەوە.

پیرۆز: باشە کوڕەکەم ئاگات لە خۆت بێ. لە گەڕانەوەتا سەرێ لە دایە وەنەوش بدە. بڵێ بۆیە باوکم دیار نییە. ئەم ماوەیە تۆزێ سەرقاڵە، با دایە وەنەوش. غایلە نەکات کە کوڕەکەی سەری لێ نادات.



هونەر: باوکم هەر خەوتووە.

شەنگە: خەوتنی چی! دەمێکە ڕۆیشتووە.

پیرۆز: بۆ کوێ چووە؟ لە ژوورەکەی نەهاتۆتە دەرێ.

هونەر: ئادەی (خۆی ئەکا بەژوورا)

(تاریکی)

(دیوانی پاشای هەقایەت)

شاژن: کەواتە ئێستا نهێنییەکە ئاشکرا بوو. نەیان وتووە کەی ئەگەڕێتەوە؟

شا: گەڕانەوە! ئەوەیان زۆری ماوە کارەکەیان زۆر ئەخایێنێ.

شاژن: کەی ئەم هەواڵانەیان گەیشت؟ و چۆن توانرا...

شا: ئەوە بوو.. ها پەردەدار، ئەوە کێیە چاوەڕوانە؟ (تەماشا ئەکات) فەرموو حەکیمی دانا و ئەستێرەوانی شاهانە (ئەستێرەوان دێتە ژوورەوە)

ئەستێرەوان: سڵاو لە شاهی سەروەرمان.

شا: سڵاو، بەخێرهاتی ئەستێرەوان، باش بوو لە کاتی خۆیدا هاتی. با بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

ئەستێرەوان: لە خزمەتام تاجی سەرمان.

شا: تاوێ لەمەوبەر، لەگەڵ شاژنا باسی ئەو هەواڵەمان ئەکرد. هەواڵی ئەو جووتە هاوڕێییەی، یەکێکیان لای ئێمە و بە بەڵێنەوە ڕووی لە توونی بابا کردووە و ئەوی تریان، کە هەر لە وڵاتی کوردانەوە هاتووە و هەر بۆ هەمان مەبەست.

ئەستێرەوان: ئاگادارم، گەورەم ئەتەوێ بیانبینی؟

شا: بەڵێ، بەڵام چۆن و بەچی؟

ئەستێرەوان: شازادە نازەنین خانم، کڵاوی ئەفسووناوی بردنەوەی گرەوی بەخت ونگینی بەو بەخشی و ئەویش بەدیاری ئەو شتەی بۆ هێنا بوو کە دونیای پێ ئەبینرێ ئەمەیان قسەی من نییە، قسەی ئەوە. گوایە لەگەڵ مانگا یەکخراوە، لە مانگەوە سەیری دونیا ئەکا، ئەمەش هەر قسەی ئەوە.

شاژن: لە مانگەوە!

(تاریکی)

سالار: باشە بۆ نابێ؟ من ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو دێرزەمانە و ئامێری سەتەلایت ئەکەمە دیاری، ئەوان ئێمە ببینن و ئێمەش ئەوان ببینین.

پیرۆز: هەردوولامان ئەحەپەسێین. شتی وا ئەبێت؟

هونەر: باوکم ئەیەوێ هەردوو زەمانەکە یەکخات.

سالار: تەواوە، مادامەکی کێشەی ئاڵۆزکردنی بابەتەکانی (توونی بابا) لە ئارادایە و هەرچۆن گرفتی ئەو باپیرانەمان بووە. گرفتی ئێمەشە کەواتە (گۆرانی)

هەمووان:

با تەماشاکەین بڕوانین
ئەمەش سندووقی دونیایە
شتی سەیری تیایە
پێکهێنانی ئەو پردەیە
دوو سەردەمی ئەم خەڵکەیە
بەیەک مەبەست ئەگەێنی
پەیامبەری پەیامێکە
لە مۆمدانی داگیرساویا
مۆمی ئەشقی مەمی دوێنێ
مەمی ئەمڕۆ، مەمی سبەی
دائەگیرسێ......
باهەزاران ساڵی سڕی
شەختە و سەهۆڵ
کەڕ و کاسی و کپێتی بێ
تەماشاکەن چاک بڕوانن

(تاریکی)

(دیوانی شای هەقایەت)

نازەنین: ئەستێرەوان وای وت؟ دیارە دوو تاقیان نەقشەکەی کوێر کراوەتەوە، دزراوە... لە کتێبە پیرۆزەکەدا و لە لەوحی یەکەما بەحەوت تاق ناوی ئەبات. نەک پێنج تاق.



شاژن: هەرواشە کەواتە

نازەنین: دایکە گیان ئەم ئاڵۆزییە، ئەم سەر لێشێوانییە...

(شا دێتە ژوورەوە)

شا: نەمزانی، هەر تاقە و چ باسێکە. کوا؟ لە کوێیە ئەستێرەوان؟ با ئامادە بێ.

شاژن: بۆ چیتە؟

شا: بزانم لەوێ چ باسە؟

شاژن: لە دونیای عەجایەبات؟

شا: نەخێر لە (توونی بابا). ئەو تاقانەی تر کێوە چوون؟

نازەنین: بابی سەروەرم، ئێستا ئەو شتە ئەهێنم، دیارییەکەی دونیای شپرزەیی.

شا: ئەوەی هیچی لێ حاڵی نەبووین.

نازەنین: نا... بابە گیان، ئەوا ئەیهێنم و لە (توونی بابا) بڕوانە.

(تاریکی)

(ماڵی سالارە)

پیرۆز: گەیشتیتە کوێ؟ ئەوە زانیمان، ئەتوانن ئێمە و ئەوێ ببینن.

سالار: بیر لەوە ئەکەمەوە، ئەم باسەی لەم ماڵەوە دەستمان پێ کرد، تەشەنە بکات و هەموان بگرێتەوە، ئەوە مەبەستمە ئەی بۆچی ئەنووسم؟ نەمانی ئەو دوو تاقە ناتەواوکردنە... ئەمەم بەچارەنووسی خۆمانەوەم گرێ داوە. ئەوەی لێیان دزیوین چییە و کێ دزیویەتی، ئەمە گرێی باسەکەیە. ئایە ئەیبینینەوە لە کوێ و چۆن؟ ئا لێرەوە ئەبێ و...

پیرۆز: دیارە خەوت لێ تەری بووە، بۆیە...

سالار: خەو... بۆیە لێرەدا نووسینەکەت وەستاوە. بەڵێ بەڵێ... ئێستاکە قسە ئەکەین ئەمە بینراوەکانی ئەمڕۆیە کە پێویستی بەتەواوکەرەکانی هەیە، ئەویش

خەون.. خەون... بەڵێ خەون.

پیرۆز: گریمان تووشی خەو زڕان بووی.. ها؟

سالار: ئافەرین ئەمەش ئەبێتە بینراوێک.. دکتۆرم بۆ بانگ ئەکەیت، دکتۆری دیار... دکتۆری دەروونناسی... ئیتر

(کەسایەتی دکتۆر و خۆی ئەنوێنێ)

سوپاس دکتۆر گیان، ئەزانی گرفتەکەی من لە کوێوە دەست پێ ئەکات، حەز ئەکەم پێشەکییەکت بخەمە خزمەت... بەڵێ ماوەیەکە سەرقاڵی بابەتێکم ئەویش بابەتی (توونی بابا)یە...... بۆچی توونی بابا؟

: بۆچی توونی بابا؟

مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بووم، ئەو ڕۆژە. وادەی تاقیکردنەوەی پراکتیکی ئەو قوتابییانە بوو کە پێشکەشی پەیمانگایان کردبوو بەئومێدی وەرگرتنیان. ئێمە چەند مامۆستایەک بووین لە ڕیزی یەکەمی بەر تەختەی شانۆکەدا دانیشتبووین. ناوی قوتابییەک خوێنرایەوە و بانگ کرا بۆ سەر شانۆکە. مامۆستا (بەدیعە دارتاش) یادی بەخێر، وتی: ئەزانن کوڕی کێیە؟

: ئەم قوتابییە؟

: بەڵێ.

: (بەچرپە) کوڕی هونەرمەندە بێ سەر و شوێنەکەیە... کوڕی (قادر کابان)ە.

: ئادەی بابزانین، چیت ئامادە کردووە.

(قوتابییەکە بینراوێکی بێ دەنگ نمایش ئەکات)

کە سەرنجی بینراوەکەم دا، بینراوێکی ترم ئەهاتە بەرچاو، ئەو ڕۆژەی باوکیان بانگ کرد، دەوری چێشت هەنگاو بوون... چاوەڕوان بوو.. ئەو کوڕە، تەمەنی سێ چوار ساڵێک ئەبوو... هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکی بوو.. پێنج ساڵی پەیمانگەی ڕابردوو هەر چاوەڕوان بوو... لەم ڕۆژانەدا سۆراغیم کرد وتیان هەر چاوەڕوانە... بۆ نەهاتەوە.. (وەک بەئاگا بێتەوە) دکتۆر. بۆ خەو زڕانەکەم.. دکتۆر بۆ خەوزڕانەکەم.. پێویست ناکات.. پێویست ناکات.

ئا... بینراوێکی تر... جارێکی تریش مەملەکەتی هەقایەت و بەیادی چاوە کەژاڵەکانی شازادە نازەنینی خانومانەوە (لاوە) هۆرە ئەچریکێنێ و (سالار)یش ئەوەتام باسی تاقی دووەم ئەکەم و بەتەلەفزیۆن ئەبینرێ.

(هونەر) ئادەی بابە بیکەنەوە.

(تاریکی)

(نمایشی تاقەکان ئەکرێ)



نازەنین: بڕوانن... ئەوە دەروازەی دووەمە. ئەو دیواربەندە قاڵیچە ڕەنگاوڕەنگەکەی حەزرەتی (سلێمانە)ە و، بڕوانن نزای باران بارین لە یەزدان ئەکات. قاڵیچەیەکی جوان و ڕازاوەیە وێنەی چەندەها باڵندەی لەسەر نەخش کراوە... ئەوەش دەروازەی سێیەم، فەرموون بڕوانن. شەن و سێلک و بێژنگ و جەواڵ و هۆریان بەدەستەوەیە و ڕووەو خەرمانێکی کوتراو ئەچن... ئەوە کەسێکە و خوێدانێکی بەدەستەوەیە و مەڕ و بزن لەسەر گاشە بەردەکان خۆی ئەدات...

پیرۆز: (خوێدانەکەی بەدەستەوەیە پیشانی منداڵەکانی ئەدات).

تەماشاکەن ئائەمە خوێدانەکەیە... بڕوانن ئەمە وێنەی لەسەر نەخش کراوە.. ئەوە مانگ و ئەوە ئەستێرەکانە.. با (سالار) تەواوی کات و بۆتانی باس کات. وەرە نۆرەی تۆیە.

سالار: چییە؟ ئەو هەرایەتان لە چییە؟ دووبارە نەتانهێشت خەونەکەم بەتەواوەتی ببینم.

پیرۆز: ئەوەی کە بینیت چی بوو؟ بەکورتی.

سالار: بەهۆی ئەو ئامێرەی کە بەدیاری بۆ شازادەی شاری هەقایەتم ناردووە. ئێستا ئەوانیش شەوانە سەیری بەرنامەکانی ئێمە ئەکەن. زیاتر حەزیان لە فیلمە کارتۆنییەکانە و بڕیاریان داوە پاش هەڵهێنانی نهێنییەکانی (توونی بابا) سەردانێکمان بکەن، ئێمەش بۆ پێشوازییان ڕوو لە دەری توونی بابا ئەکەین و... ئەوەندە

(تاریکی)

هەمووان: (گۆرانی)

ئەگێڕنەوە توونی بابا
لە تاقی یەکەمینا
ململانێ گەرم بوو
پڕ ئەشکەنجە و سەخت بوو
وادەی ڕووبەڕوو بوونە
ئاوزەنگی ئاگرگرتی
ئەسپی سەرکەش هەڵشاخی
شەدە با ئەیشەکێنێ

حیلە شاخە و شاخ ئەڕوا
بۆتە تەپڵ و کەڕەنا
ئەگێڕنەوە توونی بابا:
تاق تاقی دووەمینە
پێغەمبەر سلێمانە
قاڵیچەی باڵندە نەخش
دونیای تیادا ئەنوێنێ
نزای باران بارینیە
جووتیار چاوی لە هەورە
زەوی چاوی لە تۆوە
ئەخەی دڵ بۆ بارانە
خوایە بارانێ داکا
ژیان لە بارانایە
......

(توونی بابایە)

لاوە: یەکەممان دی، دووەممان دی... بەڵێ ئەوا گەشتینە دوا تاق، کەپێنجەمین تاقە قسەکەی تۆیە، ئەبوو حەوت تاق بوایە. ئەی دوانەکەی تری!

سالار: کێشەکەی ئێمە بۆ ئەو دوو تاقە بزرکراوە ئەگەڕێتەوە. چییان لێهاتووە؟ بۆ کوێ براوە، ئەم هەموو بەڵایە بەسەر شاری یارانی هەقایەت هاتووە یارانی شاری ئەمرۆش. وەرە با شتێک بکەین، ڕەنگە باری ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

لاوە: چۆن؟

سالار: باسەیری بابەتەکانی تاق بەتاق بکەین و ئەوسا بزانین چی لێ دابڕ کراوە

لاوە: چی لێ دزراوە. دیارە بەناتەواوی واتاکەدا دەرناکەوێ.

سالار: فەرموو با پیادا بچینەوە

(تاریکی)

(دیوانی شای هەقایەت)

شا: ئەوە ئەستێرەوان وای بۆ ئەچێ. ئەی بابزانین شازادە نازەنینی خانمان



چی ئەڵێ.

نازەنین: بابی سەروەرم، گەلێک بیرم لێ کردۆتەوە، هەرچەندە سەر ئەهێنم و سەر ئەبەم، بەئاشکرا هەست بەشوێن گۆڕکەییان ئەکەم

شا: ئادەی بابزانین چۆن چۆنی؟

ئەستێرەوان: گەورەم پاشای زەمان، ڕێگا بفەرموو بەنۆکەرتان پرسیارێ بخەمە خزمەت شازادە خان.

شا: پرسیار؟ لە بارەی چییەوە؟

ئەستێرەوان: قوربان گەر تاقەکان شوێن گۆڕکەیان پێ کراوە، بۆ ئەڵێین یەکەم تاق و دووەم تاق و، ئەو جۆر ناو نانە لە چییەوە هاتووە؟

نازەنین: ڕێگا بفەرموون. جەنابی ئەستێرەوان، بەر لە ناو شتەکە هەبوو، جگە لەوەی کە ئەو تاقی سەرەتایە دانراوە دووەم لە ئارادا نەبووە. بابی سەروەرم ڕێگا بفەرمووێ ئەم پرسیارە لە کاکی ئەستێرەوان بکەم: تاقی یەکەم ململانێ بێ و دووەم ژیان. ئەمە ئەبێت؟ بێ گومان نەخێر، سەرەتا ژیانە و پاشان ململانێ کەواتە کێ ڕاستە؟

(تاریکی)

(توونی بابایە)

لاوە: نازەنینەکەم، ئەمەش ناوەڕۆک وبابەتی تاقی سێیەمین دەروازەیە. ئا ئەو نووسینانە گوزارشت لە کوشتن و بڕین و وێرانکاری وئەتک ئەکات. بڕوانە ئەها لەم دیوار بەندەدا چۆن شمشێر لە گەردن ئەدا و خوێن تا تەپڵی سەر فیچقە ئەکات... ئەها (شمشێر پیشانی بینەران ئەدرێ).

بڕوانن شمشێرەکان لەت بوون (بەشکاوی فڕێ ئەدات) کوژراوەکان زیندوو بوونەوە. خۆر لە ئاسۆوە هەڵهات و تاریکی نەما.

سالار: (لاوە) تۆ بڵێی نازەنین خانم گوێی لێت بێ؟

(تاریکی)

نازەنین: بەردەوام بە، گوێم لێتە، زۆر باش. ڕوو لە پێنجەم دەروازە کە.

لاوە: ئەوەتا، ئەمەش پێنجەمین دەروازەیە. دوا دەروازە و کۆتاییییە.

هەمووان: دوایین دیواری بەندەکەیە

کتێب و ئاگر و چیا
پیر شالیاری مەزنە و نزا ئەکا
کتێب و ئاگر و چیا
کتێب و ئاگر و چیا......

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

پیرۆز: سالار خەوت؟

هونەر: کوێرا!

شەنگە: باوکە...

پیرۆز: دەنگت نەبوو، وتمان دیارە خەوتووە.

سالار: من نەخەوتووم، ئەوان خەوتن... پاش ئەوەی تەواو ماندوو بوون. دوو تاق ونە.. نییە.. کوێوە چووە.. چ دەستێ هەڵیکەندووە و، بۆ چی هەڵیکەندووە؟ ئەوان خەوتن.. شای درندە و دێو و درنج. گشت خرۆشان چاو چلکنێکیان نارد سۆراغیمان کات...

پیرۆز: ئەوەیان ئەزانین... لاقیان بەناو لاقی یەکا کرد، بۆ ئەوەی هەر گیانلەبەرێ بیەوێ زەفەریان پێ بەرێ بەئاگابێن. کاتی چاوچنۆک بینی... دای بەسەریا و هاواری کرد:

هەمووان:

توونی بابا هەزار و نۆ سەد و دوو دەرە
نەمدیوە کەس تێیدا بخەوێ بەدوو سەرە

سالار: کەواتە دوو سەر دوو عەقڵ لە عەقڵێ بەهێزترە.

(تاریکی)

(دیوانی شای هەقایەت)

نازەنین: هەژدیهاکانی دەوروبەریش بەئاگا هاتوون!

شاژن: کچەکەم دڵ مەدە، بابت ئەیوت گەلێک چوون و چوون.

نازەنین: ئەی چار. چارە؟ هەر چاوەڕوانی، هەر بێ دەنگی؟ نا. ئەبێ کارێک بکەین باشەکەی ئەو بای وادیە هەڵ دەکات و شکۆفە بەدرەختەکان ئەکات. ئەی کەی



دایکان کۆرپە بەسینەی خۆیانەوە ئەبینن.

شاژن: ئەبێ ئەستێرەوان چی بڵێ؟

نازەنین: ئەو لە ئەستێرە و ئاسمان ئەڕوانێ...

شاژن: ئەی لە کوێ بڕوانێ؟ ئەو ئەستێرەوانە.

نازەنین: لە زەوی.

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

سالار: پیرۆز ئەمە کۆتایی شانۆییەکەیە

هونەر: باوکە کۆتایی!

سالار: ئەبێ کۆتایی بێ

هونەر: ناکرێ بەردەوام بی.

سالار: بۆ کوێ؟

پیرۆز: باشە، زۆر جار، کۆتاییەکە بۆ بینەر بەجێ دێڵن. نابێ.

سالار: بۆ بینەر. نە. ئێمە دەستمان پێ کرد بەدوای گرفتەکەدا چووین، ئەو گرفتەی کە ئەوە هەزار و... پێویست ناکات تا حەوتەکە شوێنی خۆیان نەگرنەوە، هەر وا ئەڕوا

مناڵەکان: حەوتەکە!

سالار: بەڵێ تەواوە نییە کە.. بەڵێ..

پیرۆز: ئەی لاوەی بەستەزمانی دڵ بڕاوت کوێوە برد؟ ئەو شازادە نازەنینە چاوەڕوان بێ؟

سالار: تەواو... تەواو بوون... ئەوە نازەنین، ئەو بەیانییە بە بەرگی سەرتاپا شینەوە و گوڵێکی سوور سووری بەدەستەوە گرت و ڕووی لە بانیژە بەر کراوەکەی کۆشکی شاهانە کرد و ورد ئەیڕوانی. چاوەڕوانی چاو نەترسێکی لە (لاوە) جەربەزەتری ئەکرد لێی وەرگرێ و بۆی لەسەر پەرچەم دا.

(کۆتایی)

پاییزی ٢٠٠٢